


# شەهید پێشەوا قازی محەممەد؛

# میراتێک بۆ هەموو نەوەکانی کوردستان

## کۆمەڵێک "بابەت" و "دیمانە"

---------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان ............................................................ مستەفا شڵماشی ..... ٤

٢- لە یادی ٧٠ ساڵەی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستاندا تێڕوانینێکی سەردەم بۆ کۆمارەکەی مهاباد ..............
...................................................................................... لێکۆڵینەوەی: مەحمود مەلا عززەت ..... ٦

٣- شەهیدی سەرکردە قازی محەمەدی مەزن!! ...................................................... حەمید عەزیز ..... ٢٢

٤- قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا رووابوو ............................................... هەژێر عەبدوڵڵاپوور ..... ٢٦

٥- قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو ................................ حەسەن حاتەمی ..... ٢٩

٦- لە یادی« ٦٤» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد ......................................... رەزا شوان ..... ٣٦

٧- لە سێدارە دانی پێشوا قازی محەممەد و ئەزموونێکی بە نرخ ................................ محەممەد محەممەدیان ..... ٤١

٨- دادگاییکردنی پێشەوا قازی، دادگاییکردنی نەتەوەی کورد ....................................... فواد خاکی بیگی ..... ٤٥

٩- پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا ........................... سەلاح گادانی ..... ٥١

١٠- با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییما ..................... سمایل سوهرابی ..... ٥٨

١١- ١٠ی خاکەلێوەو سێ دەرسی مێژوویی ................................................... برایم جەهانگیری ..... ٦٢

١٢- یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟ ............................................. جەمیل ئەحمەدی ..... ٦٧

١٣- شەست وپێنج چڵە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گڵکۆی پێشەوامان ..................................... نزار کوێستانی ..... ٧٢

١٤- سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێ دەرەتانی دا ........................................... ئاشق ئیسماعیلی ..... ٧٤

١٥- مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان ............................................................ مستەفا شلماشی ..... ٧٧

١٦- ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە ..................................... لوقمان زەهرایی ..... ٧٩

١٧- رۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک ............................................... کەریم ئەڵلاوەیسی ..... ٨٣

١٨- سڵاو لە گەورەیی و خاکەرایی و پاکی شەهید پێشەوا قازی محەممەد .................. حەمەرەسووڵ کەریمی ..... ٨٧

١٩- پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دوایین سەرکۆماری کوردستان ............................. سدیق بابـایی ..... ٩٠

٢٠- رێبەری - نرخ و بەهاکان .................................................................. مەجید حەقی ..... ٩٢

٢١- یادی ١٠ی خاکەلێوە ........................................................................ حەمید تەیموری ..... ٩٦

٢٢- پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا ........................................................ ئەرسەلان چەڵەبی ..... ٩٩

٢٣- گرنگی فەرهەنگ و زانست لە کرداری پێشەوا قازی محەمەددا ................................. هیدایەت جان ..... ١٠٣

٣٥- پێشەوا قازی موحەممەد لەبەردەم ویژدانی مێژوودا ......................................... د. کەیوان ئـازاد ..... ١٠٧

٢٤- ئەو مێژووەی هەموو شتێکی بۆ ئێمە تێدایە ................................................... کامیل مەحموود ..... ١١٤

٢٥- چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد ............................... کچە گەورەکەی قازی محەمەد ..... ١١٩

٣٦- چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد ................................................... پەیسەر .... ١٢٨



## بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان



**نووسینی: مستەفا شڵماشی**

بەهاری کوردستانی من شادی هێنە، رەنگاورەنگ و هەست بزوێنە، دەماری گشت گیاندارەکان دەکاتەوە، خەمان لە بیر دەباتەوە - خاکەلێوە، هەموو ساڵێ لە گوڵان لێواولێوە. بەڵام داخی گرانم، یەک پەڵەی سووری وا پێوە.

ڕۆژی دەیەم لەم مانگەدا، هەموو ساڵێ لەتاوان هەنیسکان دەدا. خۆی زۆر بە مەغدوور دەزانێ و شیوەنی شەهیدان دەکا. بیری مەیدانی چوارچرا، ئەو سێدارەی کە هەڵخرا - سێ ئاڵقەی پەتی سێدارە، هەر دەم لەچوارچرا دیارە. سەردارانی گەردەن بەرز، دێن بەبێ خۆف و بێ لەرزە - بە هەنگاوی شێرانە، شەهادەت هەر لەوان جوانە، پێشەوای نێوچاوان ڕووناک، پێشمەرگەی دڵسۆز و بێباک، هیچ ترسی لەمردن نییە، هەروا بزانە شایییە، بە چوار دەوری دا دەڕوانێ، دوا دیداری نیشتمانی، بە زەردەخەنە جوان دەکا، دوژمنان هەراسان دەکا، هاوار دەکا ئەی دوژمنان! تینوو بە خوێنی گشت کوردان! بەم کارەش کۆتایی نایە، قازیی، سەد قازی لە دوایە، ڕۆڵەکانی ئاو و خاکم، ئەم داستانە دەنووسنەوە، بەخوێنی گەش و ئاڵی من، ڕێچکەی خەبات دەدۆزنەوە. حوسێن خان مەردی مەردانێ، سەردار بۆ وی وەک سەربانە، پەت خۆی لە بەر وی ناگرێ، مل کەچ دەکا و ڕادەبرێ، ڕێوی ترسیان لێ دەنیشێ، شێر ڕاساوە، هەروا بە دەستی بەستراوە، نەرەی دێ ئەو شێرە پیاو، ئێمە لە مردن بێباکین، شەهیدی ڕێی گەل و خاکین، ڕوومان لە لای گەلمان سوورە، لەرزۆکی لە ئێمە دوورە. دوژمن بزانە ڕۆژێک دێ، بۆ تۆش سێدارە هەڵدەخرێ - بەڵام هی تۆ لەسەر تاوان، لەسەر کوشت و بڕی لاوان، ئێمە لەسەر مافی ڕەوا، ئێوە بەتۆڵەی پێشەوا، ئێمە لەڕێی گەل و وڵات، ئێوە لە پێناو دەسەڵات، ئێمە ڕێمان بۆ زنوێرە، ڕێگای وە

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

بەرەو هەڵدێرە. لەو لاوە سەدری قازی هات، بەرەو خەزنەی مێژووی وڵات، بێباک لە گیان بەخت کردن، سوور لە سەر بۆ وڵات مردن، هەروا هێمن و بە ویقار، بێ ترس دەچێتە سەر دار، مێژوو بەخوێن دەرەنگێنێ، ڕێچکەی شەهیدان دەشکێنێ.

**کاروانێکە بێ بڕانەوە، تا قاسملوو بێ پسانەوە، شەرفکەندیش بە دوای دا دێ، ئەو کاروانە هەر ناوەستێ.**

دزە دەکەم بەرەو مێژوو، شێست ساڵ لە ئێستا ڕابردوو - لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، بۆ مەهاباد وام بەڕێوە - لە گەڵ کازیوەی بەیانی، لە چوارچرایە دەمڕوانی، سێ لامپا هەڵاوەسرا بوون، لەنووری خۆیان دا مابوون، لەزگەی تیشکیان بڵاو دەبۆوە، بەئاسمانێ دا دەچۆوە، هەتا بارەگای کردگار، لەوێرا دەهاتەوە خوار. دەرژا سەر هەموو کوردستان، هەر چوار پارچە بو چراخان، تیشکاوێژ بۆ ئەو ڕووداوە، هەر چەند پەژارەی بە دواوە، خەڵکی مەهاباد خرۆشا، کوردستان بەدوای دا جۆشا، گەورە و بچووک لە ژن و پیاو، بۆ کۆستی سەروەران داماو، ڕۆژێکی مێژوویی ناخۆش، هەمو کەس مات و بە پەرۆش، هەموو کوردستان ڕەشپۆشە، تا بڵێی ڕۆژێکی ناخۆشە.

من خۆی تێدا ڕاناگرم، لە مێژوو را باڵان دەگرم، دێمەوە نێو ئەو زەمانە، کەچی لێرەش خەم میوانە، حیزبەکەی پێشەوا قازی، هەروا بەو ڕۆژە دەنازی، کراوە بە ڕۆژی شەهیدان، بۆ زیندوو مانی هەموویان، بۆ سەردارانی چوارچرا، بۆ یازدە سوارەی فەیزوڵڵا، شەهیدانی چل و شەش و چل و حەوت، ئەوە نۆرەیان بەرکەوت، ئیدی فەرامۆش ناکرێن، لە کاروانێ هەڵنابڕێن، موعینییەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک و زەنگەنە، مراد شێرێژ و لاجانی، مینە شەم و سەید فەتاح لەگەڵ کاوە مارەغانی، هەموویان لە گەڵ ئاوارە، بێشک جێگای خۆیان دیارە. وێردییەکان سەر وەدەردەنێن، کاروان دوارۆژن هەروا دێن - تا دەگەنە عەبباسی شێر، سەرگوردی ژیر، زاناو دلێر، هەژارو حاتەم و عەلییار، ئێقباڵ، ئەفشین، سەعید کاڵ کاڵ، حەکیم، بەهرامی و دەباغی. کاروان درێژەو بێ کۆتایی - سەر قافڵەی تازە دوو دەستەن، یەک لە بەرلین، یەک لەوییەن، قادری لە گەڵ قاسملوو، خۆیان فیدا کرد دووبەدوو، عەبدولی و ئەردەڵان لە کوێن، لە گەڵ شەرەفکەندی دەدوێن. تاکەی بژمێرم نەمامان، هێندە زۆرن لە نیشتمان - بەرد بە بەردی ئەم وڵاتە، کفنی شەهیدی خەڵاتە. با لەم ڕۆژەدا یادیان بکەین،

خوێنی وان بەفیرۆ نەدەین،


ڕووحیان شاد کەین،

بە یەکگرتن، ڕێگایان بگرین تا مردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٠٧

## لە یادی ٧٠ ساڵەی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستاندا

## تێڕوانینێکی سەردەم بۆ کۆمارەکەی مهاباد



### ئەم دوو توێیە

«باسێکی چڕی مێژونوسی دیاری کۆماری کوردستان مامۆستا مەحموددی مەلا عزەتە کە پێشتر وەکو بابەتی لە کوردستانی نوێو دواتریش وەکو نامیلکەیەکی سەربەخۆ لەساڵی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە. مامۆستا مەحموود (خاوەنی یەکەمین کۆششی کوردستانییە بۆ نووسینی کتێب لەسەر کۆماری کوردستان، بەشێکی زۆری کۆششی رووناکبیریو مێژوویی خۆی بۆ ڤەکۆلین لە بەڵگەنامەو بەسەرهاتەکانی کۆمار تەرخان کردووەو لەم بارەیەوە خاوەنی قسەی خۆیەتی. لەم هەفتەیەدا کە یادی (٧٠) ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەواو سەرکۆماری کوردستان دەکرێتەوە زیاتر لە لاواندنەوەی سەرکۆماری شەهید کە شەهادەتی وی لە مێژوودا لەدایکبوونێکی نوێی کوردایەتیو کوردستانێتییە، پێویستمان بە بەسەرکردنەوەی ماجەرای کۆمارەکەیەتی. ناوو ناوبانگو ژیانی قازی پەیوەستی کۆمارە درەوشاوەکەیەتی. بۆیە کوردستانی نوێ کە ساڵانە لە یادەکانی کۆماردا رووماڵو بیرئانینیشی هەیە پێی باش بوو بۆ ئەمساڵ ئەم بابەتەی مامۆستا مەحمودی مەلا عززەت سەرلەنوێ بڵاو بکاتەوە کە لە

(ژمارەکانی ٥٩٢، ٥٩٣ لە رۆژانی ٢٠ و ٢١ - ١ - ١٩٩٤)ی کوردستانی نوێ - دا بڵاو کراوەتەوە. بەتایبەتی کە چاپی نامیلکەکە لەو گەمارۆیەی ئەو سەردەمی کوردستاندا بە تیراژێکی کەم بوو. پێمان وایە زۆر کەس مافی خاوەندارێتی یادی قازیو شکۆی کۆمارەکەی هەیە. بۆ ئێمە لە کوردستانی نوێ یاکردنەوەی کۆمار ئەرکو فرمانە پێش ئەوەی مافی شانازی بێت. ئاخر مامۆستا مەحمودی مەلا عززەت سەرباری خزمەتی لە نووسینەوەی مێژووی کۆماردا، سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیەش بوو. لەبەر هەندێ لە خوای گەورە دەپارێینەوە لەم وێستگە حەفتا ساڵییەدا رۆحی سەرکۆماری شەهیدو یارو یاوەرانی فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانیو هەروەها یادی مێژوونووسەکانی لەناویشیاندا مامۆستا مەحمود شادبکات.

خەباتەکەشیان بەردەوام بێت تا کورد بەیەکجاری لە خەم دەرەخسێو ناوی لە ناوان دەگەشێتەوەو ئاڵای لەبڵندی ئاسمان دەشەکێتەوە.

## لە جیاتی کوردستانی نوێ ستران عەبدوڵڵا

## لێکۆڵینەوەی: مەحمود مەلا عززەت

دامەزراندنی کۆماری مهاباد لەبەشێکی کوردستانی ئێراندا یەک هەڵو ئەزموونی مێژوویی ئەوتۆیە کە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، زیاتر بایەخی دەردەکەوێو پتر سوودبەخش دەبێ، بەتایبەتیو تائێستا زۆر لایەنو رووداوی شاردراوەن. سەرچاوەی سەردەمەکە نەخراوەتە خزمەت ئەو نووسینو باسو لێکۆڵینەوانەی تائێستا کراون، یان لەسنوورێکی تەسکدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

### سەنگی مێژوویی ئەم رووداوە چەند لایەنەیە. ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم:

**یەکەم**: ئەزموونێکی سەردەمی ئازادییو نیمچە سەربەخۆیی بەشێکی نەتەوەیی کوردە، هەرچەندە تەمەن کورت بوو، بەڵام پڕ لەدەرسو پەندە.

**دووەم**: بەماوەیەکی کورت دوای ئەزموونێکی مەزنتر خوڵقا، مەبەستم حوکمدارییو مەلیکایەتیی شێخ مەحمودی حەفیدە، پێش ئەوەی کوردستانی باشوور بلکێنرێ بە میسۆپۆتامیاوەو بەدەستی بەریتانیاو دژ بەخواستی میللەت، ئەم دەوڵەتی عیراقەی لێ دروست بکرێ.

**سێیەم**: بوونی گەلێ دیاردەی یەکانگیرو لەیەکچووی گەلێ لایەنی ئەو هەلە مێژووییەیە لەگەڵ ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستانی عیراقدا، بۆیە ئەو تاقیکردنەوەیە گرنگییەکی تری سەردەمی هەیەو دەبێ زیاتر رووناکیی بخرێتەسەر.

## ئاوڕێک لە رۆژگاری پێش دامەزراندن

لەناو بارودۆخێکی نائاسایی‌و پڕ لە ئاژاوەو گرفتی زلو قەبەی ئابووریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دوای دووەم جەنگی جیهان، لەناو هەلومەرجی دروستبوونی زەمینەی جەنگی ساردو بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمو ململانێی ئاشکراو نهێنیدا بوو کە هەلە مێژووییەکە بۆ کورد خوڵقاو کۆماری خودموختاری کوردستان لەبەشێکی کوردستانی ئێراندا دامەزرێنرا، چونکە ئەو ئاژاوەو نائارامییە رۆژهەلاتیشی گرتبۆوە، لەناویاندا دەوڵەتی فرەنەتەوەیی بەزۆر دامەزراوی ئێران زیاتر ئالۆز ببوو. سەبارەت بە هاوکارییەکەی رژێمی تاران لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بەبێ ئەوەی ئامۆژگاریی‌و هەڕەشەی ئینگلیزو روسەکان کاربکاتە سەری، بۆیە لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا هێزەکانیان، یەکەم: لەخۆرئاواو خوارووی خۆرئاواوەو دووەم: لەسەرەوە زۆر لەناوچەکانی ئێرانیان داگیرکرد کە پانتاییەکی زۆری کوردستانی رۆژهەلاتیشی گرتبۆوە، بەهەمان دیاردەی داگیرکەرییەوە. بەشی لای خوارووی لەژێر دەستی بەریتانیا، بەشی سەرووی لەژێر دەسەلاتی یەکێتیی سۆڤێتدا بوو، کە ناوچەکانی مهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، سێبەری بوون.

دیواندەرە، سەقز، بانەو مەریوان ناوچەی بۆشایی نێوان هەردوو هێزەکە بوون. جۆرێ لە (Gentelmen Ageement)ی بێلایەنی لەسەر سەقزو دیواندەرە بڕیاری لەسەردرابوو.

لەدواییشدا هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگەی خۆیان لەخوارووی ئێراندا گرت.

هەرچەندە مەبەستی ناوکۆی زلهێزەکان دوورخستنەوەی نفوزی ئەڵمانیا، مسۆگەرکردنی گەیاندنی چەکو پێویستییەکانی جەنگ بۆ هێزەکانی سۆڤێتو پاراستنی کێلگەو بیرە نەوتو بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکانیان بوو، هەر دەوڵەتەش خواستو نەخشەی تایبەتی خۆی هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو داگیرکردنە کەمو زۆر بۆ بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە نەبوو، کەچی راستەوخۆ بووە هۆی وریاکردنەوەو جووڵانەوەی نەتەوە جیاجیاکان. کاتێکیش دامودەزگای دەوڵەتی‌و ئەرتەش لەهەندێ ناوچەو شاردا رووخان، ئاوو هەوایەکی نیمچە ئازادو دیموکراسی خوڵقا.. گەلێ رووداوی گرنگ ئەو بەشەی کوردستانی ئێرانی گرتەوە، وەک

سەرەنجامێکی ئەو بارودۆخە نوێیە، لەوانە:

* لەساڵەکانی ١٩٤٢ - ١٩٤٦ بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆماڵی لەناوچەی موکریانو دەوروبەری دامەزرا(١)، بەسازکردنی دەستەی چەکدار، دامودەزگای بەڕێوەبردن، رادیۆی کوردستان، چاپخانەو دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان... هتد.

* لەساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٤ حەمە رەشید خان ناوچەکانی بانەو سەردەشتو سەقزی گرتە ژێر دەسەڵاتی خۆیو سەرەنجام ئەرتەشی تاران بە هاندانی ئینگلیزەکانو یارمەتیی هەندێ عەشایەری کورد هێزەکەی ناوبراویان لەکەلی خان شکاندو بەناچاری پەنای بۆ عیراق برد(٢).

* لەبەهاری (١٣٢٢ - ١٩٤٣) تیرەو ئێلەکانی ناوچەی ورمێ بەسەرکردایەتیی عومەرخانی شەریفی، زیرۆبەگی بەهادوری، رەشیدبەگی جیهانگیرییو تەها بەگی هەرکی بەهەندێ داخوازیی عەشایەرییو نەتەوایەتییەوە دێهاتی ناوچەکەیان گرتە ژێر دەستو ئابلۆقەی شاری ورمێ-یان دا، تا روسەکان کەوتنە ناوبژیو لەگەڵ تاراندا رێکیانخستنەوە.

* لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢دا کۆمەڵەی (ژێ کاف) دامەزرێنرا، بەدروشمە نەتەوەییە مێژووییەکەیەوە (رزگارکردنی کوردستانی گەورە) هاتە سەر شانۆی سیاسیی کوردستان. لەدواییدا هەر لەشوێنەواری ئەم رێکخراوە حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنرا، لەوەدا هەندێک هەر پێیانوایە تەنها ناوو بەرنامە گۆڕین بووە، حزبەکە خۆشی دوای ساڵێک لە ئاڵوگۆڕەکە یادی پێنجەمین ساڵەی دامەزراندنی کردەوە، نەک یەکەمین، مانای خۆی بە درێژەپێدەری ژێ کاف دادەنا.

دوای لێدانی نفوزی ئەڵمانیاو دڵنیابوون لە ساغبوونەوەی ئێران بۆ زلهێزە هاوپەیمانەکان، بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆشیارییو گومانەوە چاودێریی جموجۆڵی لەشکری سوورو رووداوەکانی ئازەربێجانو کوردستانیان دەکرد، مەبەستیان بوو لەناو نەخشەیەکی هاوبەشدا ئێران بەسنووره جوگرافیو سیاسییەکەیەوە بپارێزرێ. بەیارمەتیدانی رژێمەکەو حەمە رەزا شا کە لەجێگای باوکی دانرا، بەجێگیرکردنی هێزەکانی خۆیانو نفوزی سیاسییانو بە لەتکردنی جێگەی لەشکری سوورو کۆتاییهێنان بەو ئاڵۆزییەی تیندینسی یاخیبوونو دیاردەی پارچەپارچەکردنی ئێران هێنابووە ئاراوە. بۆیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا کە ناوەندەکەی کرماشان بوو، بەکشو ماتیو بەئارام مانەوە.

سەبارەت بەوانە لەگەڵ جەنگ وەستانو خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ئەو دوو دەوڵەتە کەوتنە سەر رێبازی گوشار خستنەسەر روسەکان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەو پەیمانو پۆرتۆکۆڵو رێکەوتننانەی لەسەر ئێران مۆر کرابوون.

داواکانیش سادەو ئاسایی بوون، هەر لەو سنوورەدا بوون کە روسەکان بەڵێنەکانی خۆیان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەن. بۆ ئاسانکردنی کارکەو نەهێشتنی هیچ بڕوبیانوویەک هێزەکانی ئەمریکا لە ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٥دا، هێزەکانی بەریتانیا لە ٢ی ئازاری ١٩٤٦دا لەئێران کشانەوە.
بۆیە یەکێتیی سۆڤێت بیانوویەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەمابوو بۆ مانەوەو نەکشانەوە. لێکدانەوەیەکی زۆریشیان لەسەر بەرەنگارنەبوونێکی نوێ دەکرد، ئێرانیش لەڕووی نەوتو ستراتیژی سەربازییەوە بایەخێکی بێوێنەی بۆی هەبوو، هەروەک چۆن بایەخی ستراتیژیو نەوتی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو.

ئالەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەدا، لێپرسراوانی سۆڤێت کەوتنە سەر دەستپێکردنی یارییەکی سیاسیی گوشار سروشت، ناوەڕۆکو خواستو بەدیهێنەری بەرژەوەندییەکان.. بەدیمەنیش دەستگرتنو یارمەتیدانی دوو گەلی ئازەرو کورد بوو.

ئەوەبوو ئاگاداری لێپرسراوانی ئازەرو کورد کرا کە کاتی ئەوە هاتووە سەردانی باکۆ بکەن بەداخوازییەکانیانەوە تا وتووێژ لەسەر جێبەجێکردنی بکرێ (٣).

پێشەکی زۆر هەوڵ درا کە کورد بە ئازەربێجانەوە ببەستێتەوە بێ ئەوەی بتوانن رابەرانی کورد رازیی بکەن.

بۆیە پرۆسەی دامەزراندنی کۆماری ئازەربێجان دەستپێکراو لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ بانگەوازێک بڵاوکرایەوە.

دوابەدوای ئەوە لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦) دامەزراندنی کۆماری خودموختاری بەڕەسمی بڵاوکرایەوە(٤).

### کێشەکان لەناو سێ بازنەدا

ئەوەی زۆر گرنگو جێگەی سەرنجە، ئەو دامەزراندنو بڵاوکردنەوەیە یەکلایەنی بوو، هیچ مامەڵەیەکی سیاسیو دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی لەگەڵدا نەبوو - جگە لەئازەربێجان - تەنانەت یەکێتیی سۆڤێتیش هیچ جۆرە هەنگاوێکی لەو بابەتەی نەنا. هەرچەندە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، ئەنجومەنی وەزیران (هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان) بەسەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ هاتە سەر شانۆی کار، دامودەزگاکانی حکومەت دامەزرێنران، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم قەوارەیە هەرچەندە لەناو شەرعییەتی یاسایی‌و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆدا هاتە ئاراوەو لەژێر سێبەری زلهێزێکدا بوو، بەدەربوو لە بازنەی

شەرعییەتی سنووری سیاسیو جوگرافیی ئێران، وەک داگیرکەرێک هەر بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە ددانی پێدا بنێ، سەرکردەو رابەرانی کۆمار بەنووسینو بەگوتەو بەجووڵە کۆمارەکەیان بە بەشێکی جیانەبۆوە لەئێران دادەنا، خۆیان بەیاسای ناوەندەوە بەستبۆوە. زەمینەکەیان بەبەشێکی زەویی ئێران دادەنا، لەگەڵ ئەوانەشدا هیچ جۆرە نەرمییەک، ئامادەبوونێک بۆ سەلماندنی جۆرێ لە مافی نەتەوایەتی پیشان نەدەدرا، بگرە بەئاشکرا لەسەر نەخشەی لەناوبردن کاریان دەکرد.

دیسان بۆ بازنەی نێودەوڵەتیو مامەڵەی دیپلۆماسی بەدابڕاوی مایەوە، هەرچەندە سەرۆک کۆمار لەدەرگای سیاسیو دیپلۆماسیی هەرسێ دەوڵەتانی خۆرئاوایی دا، بەڵام بێ وەرام بوو، روسەکانیش لەناو کێشە زلو قەبەکانی خۆیاندا دەژیانو کاریان بۆ نەخشەکەی خۆیان دەکرد.

سەبارەت بەوانە، کۆمارەکەی کورد هەر لە بەوەلەد بوونییەوە لەناو سێ بازنە لەکێشەدا دەژیا، کێشەی نەبوونی شەرعییەتی نێدەوڵەتان، کێشەی نەبوونی شەرعییەتی هەرێمیو رێکخستنی پەیوەندیی لەگەڵ پایتەختو کێشەی ئابووریو سەربازیو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژیی ناوخۆو نادیاریی ئاییندەو چارەنووسی کۆمار.

زیاتر لەوانەش، دوژمنو زلهێزە هاوکارەکانی، بارەکەیان زۆر بەپڕ مەترسیتر لەواقیع وەردەگرت، لەسەر حسابی لەتوپەت کردنی ئێران، تەشەنەکردنی کێشەی کوردیان دەکرد، گریمانی پاشەڕۆژێکی نادیاریان کردبوو بە مەترسییەکی کاتی. بڕوانە ئەم هەواڵەی میدیای ئەو رۆژگارە بڵاوی کردبۆوە لە رۆژنامەی «کوردستان»ی زمانحاڵی کۆمارو حزبیشدا بڵاوکرایەوە:

### دەنگوباسی دەرەوە

«رادیۆی بەیروت - لەخەبەریکی کە پێمان گەییووەو لە قاهیرەوە وەرگیراوە، دەوڵەتی جمهوری کوردستان لە ئازەربایجان دامەزراوە، سەرۆک جمهوری کوردستان جەنابی قازی محمدو پایتەختی کوردستانی ئازاد شاری مهابان، ئەو جمهوری کوردستانە داخوازی وەسەرگیرانی کوردستانی عیراقو تورکیا دەکات، مەرامو ئارەزووی وان سەربەستیو سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە، مەلا مستەفا بارزانی قائیدی شەڕی بارزان کە ئێستا لە دەوڵەتی جمهوری کوردستان دادەنیشی لەو جمهوریەتە زۆر بەقەدرو حورمەتە، رادیۆی بەیروت: بەخەبەرێک کە لە مەکتەبی سیاسی واشنتۆن وەرگیراوە دەڵێت مەسەلەی ئێران کەوتۆتە مەوقیعێکی زەحمەتەوە هەتا کوردەکان ئێستا داوای ئیستیقلالی خۆیان دەکەنو زۆر ممکنە کە ئەم حرکاتانە ببنە سەبەبی یەکێتی هەموو کورد بۆ داواکردنی استقلالی کوردستانی گەورە»(٥).

ئەوە لەکاتێکدا ئەو جۆرە بیرو ئیندێنسە لەناو نەخشەو بڕیاری داڕێژەرانی سیاسیی کوردا نەبووە، خۆ روسەکانیش هەر تەواو دژی کاری وا بوون، بگرە نکوڵیشیان لەبوونی پەیوەندیو یارمەتیدانی کۆماری مهاباد دەکرد.

لەناو ئەو ئاوو هەوایەداو بۆ بەرەنگاربوونی ئەو دیاردانە ئەحمەد قوام سەڵتەنە لەناو دیپلۆماسییەتی پڕ لەفڕوفێڵی فارسەکانو مانۆڤەری سیاسی سەرکەوتووانە کەوتە بەرکارخستنی ئەڵقەکانی نەخشەی یارییەکی سیاسیو دیپلۆماسیی سیما دڵسۆز بە گەلو داخوازییەکانی دۆستانە بە یەکێتیی سۆڤێتو باش دراوسێیەتی، لەناوەڕۆکو مەبەستیشدا بۆ پووچ کردنەوەی یارییەکی روسەکان، بۆ کشانەوەی لەشکری سوورو دەستبەرداربوون لە ئازەرو کورد بوو.

بۆیە کەوتە هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کارکردن بۆ پرۆسەی دیموکراسی لەلایەکو گەرمکردنی هاتوچۆو پەیوەندیو گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی مۆسکۆ لەلایەکی تر، تا پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت مۆرکرا(٦)، بەوەش روسەکان ئاواتەکەیان بەدیهات.

لەسەرەنجامدا دوا بەشی لەشکری سوور لە ٢٧ی نیسانی ١٩٤٦دا ئێرانی بەجێهێشتو هەموو ئەو چەکو تەقەمەنییە قورسو لەوانە ئەو تۆپانەی کە دابوویان بە ئەرتەشی ئازەربێجان ئەستاندیانەوەو دەگەڵ خۆیان بردیان (٧).

بەوەش سەرۆک وەزیرانی ئێران خواستە سەرەکییەکەی بەدیهات. لەسەر بەشی دوایی نەخشەکەش بەردەوام بوو بەتایبەتی مەترسیی یەکێتیی سۆڤێتو یارمەتیی هەردوو کۆمارەکە لەئارادا نەما.

چەکی قورس هەربە ئازەربێجان درابوو، ئەوەشیان لێ سەندرا، دوو فڕۆکەی بێ بۆمباو چوار تۆپی کۆن هەبوو کە دوو دانەیان بۆ مهاباد نێردرا وەک کۆمەکی سەربازی(٨).

## بەوجۆرە دەردەکەوێ کە هۆو یارمەتیدەری بنچینەیی دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان:

بارودۆخی نێودەوڵەتانو ململانێکان، داڕووخانی دامودەزگاو ئەرتەشی تاران، دروستبوونی بۆشایی بەڕێوەبردن، یاریو مانۆڤری سیاسیی هەمەلایەنە بوون، - گەلێ هۆی تریش دەستەبەری بەپیرەوەچوونی رووداوەکەو دامەزراندنی کۆمار بوو، بەتایبەتی هیواو خواستی رزگاری لای جەماوەر، بوونی حزبی دیموکراتی کوردستانو پێشەوا قازی محەمەدو.. هتد.

بەڵام ئەوانە هەموو شتێک نەبوون، زەمینەی رەخسیوی دامەزراندنی قەوارەیەکی خاوەن هەلومەرجی ژیانو داکۆکی لەخۆ نەبوو، تەنها بۆ کاری سەرەتاییو سوودوەرگرتن لەو هەلە مێژووییە رەخساوە لەباربوون، دەنا دەبوو لەبەر تیشکی رەوتی رووداوەکان زۆر کاری تر بکرایە، زۆر هەنگاوی تر بنرایە، زۆر بەوردیو هۆشمەندیو قوڵی لەخۆو لەباودۆخەکەو لەسەرجەم رووداوەکانو هەڵوێستی زلهێزەکانو ناکۆکیو ململانێو پەیمانەکان بگەیشتینایە. لەبەر رۆشناییان نەخشەی کارو خۆ قایمکردن دابنرایە، سەرنجی پاشەڕۆژو دیاردەو یارییو چارەنووسی کۆمار بدرایە.

## بۆشاییە ئاشکراکان

هەر لەسەرەتاوە بۆشاییەکان، کەموکورتیو دیاردەی ناقۆڵاو کۆسپەکان، هەڵوێستی سەرچاوەی بڕیار.. یارمەتیو کۆمەک، جووڵەو راسپاردەکان.. هتدو دیارو ئاشکرابوون، بۆ نموونە:

* ساڵ دەهاتو ساڵ دەڕۆیی، داواو داخوازییەکانی کورد بێ وەرام بوون، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤١ - ١٩٤٦دا بەڕێوەبەرایەتییەک دامەزرێنرا، بەهێز نەدەکرا، بزووتنەوە چەکدارییەکەی ناوچەی ورمێ لەبەرژەوەندیی تاران دوایی پێهێنرا، کاتێ یەکێتیی سۆڤێت هاتە وەرام، ئیتر یارییو مەبەستەکە زۆر شاراوە نەبوون.

* هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەزانرا لاسەنگیی هێزو چەکو ئازووقەو داهات لە چ ئاستێکدایە، کەچی هیچ هەنگاوێکی کاریگەر نەدەنرا، بەتایبەتی گوشاری سەربازیی لەسەر مهاباد ئاشکرابوو، زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە.. باری خراپی سەربازیی، لەڕووی چەکو ئازووقەو کەرەستەی جەنگو ئابووریی سەربازی دەردەخەن، جار بووە چەکدار لەبەر بێ فیشەکی بەرەی شەڕی بەجێهێشتووە، چەکی قورس نەبووە، بۆ جلو پێخەفو پێڵاوو گۆرەوی، یارمەتی لە جووتیاران وەرگیراوە. ئەوانە گرفتی رۆژانەی پێشمەرگەو هێزەکانی بەرەی جەنگو لێپرسراوانی کۆماربوون بەسەرۆک کۆماریشەوە(٩).

* هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتانی خۆرئاوا نەک هەر ئاوڕیان لە کۆمارەکە نەدەدایەوە، بەڵکو بۆ رووخاندنیشی نەخشەیان بۆ تاران سازدەکردو یارمەتییان دەدا، بەوجۆرە لەڕووی سیاسیو دیپلۆماسییەوە بەدابڕاویو بەسوودوەرگرتن لەباری جیۆپۆلەتیکی ناوچەی کۆمار بە ئابلۆقەدراوی هێشتیانەوەو یەکێتیی سۆڤێتیش هیچ هەنگاوێکی بەڕەسمی نەنا، هیچ جۆرە رێکەوتنێ، پرۆتۆکۆڵێ، بەڵێنێکی نووسراو لەگەڵ کۆماردا نەکرا، ئەو نەبوونی شەرعییەتی یاساییەی نێودەوڵەتانو ناوچەکە مەترسییەکی ئاشکرای نیشان دەدا.

❋ هەر لەسەرەتای پڕۆسەی داگیرکردنی ئەو ناوچانەی ئێران، گەلێ پەیمانو ڕێکەوتن لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانو لەگەڵ تارانیشدا مۆرکرا، مەبەستی سەرەکیی هەموولایەک پاراستنی سنووری سیاسیو جوگرافیی ئێران یەکێتیی خاکو میللەتانی بووە. بۆ بەڵێندانو دووپاتکردنەوەی چۆڵکردنی ئێران بووە لەدوای جەنگ.

لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ پەیمانێکی سێ قۆڵی ناسراو بە پەیمانی (الاتحاد) لەنێوان عەلی سهیلی وەزیری کاروباری ئێران، سێر زیدر بۆلارد سەفیری بەریتانیا لە تاران، سەمیر نۆڤ سەفیری یەکێتی سۆڤێت لە تاران ئیمزا کرا، لە مادەی یەکەمدا هەموویان بەڵێنیان دابوو ڕێزگرتن لە یەکێتی ئەرزو سەرداریو سەربەخۆیی ئێران، لە مادەی پێنجەمدا بڕیاردرا کە دوای ئاگربڕو ڕێکەوتن لەگەڵ ئەڵمانیاو هاوبەشەکانی لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ تێنەپەڕی دەبێ هێزەکانی خۆیان لە ئێران ببەنە دەرەوە، کوردو ڕۆشنبیرانی هیوایەکی گەورەیان بە(ئیعلانی ئەتلەنتیک) بەستبوو سەبارەت بەم بڕگانەی ناوی(هەموو گەلێ دەبێ مافی ئەوەی هەبێت کە خۆی فۆرمی بەڕێوەبردنی خۆی هەڵبژێرێ) بەندەکەی وێڵسۆن وەبیر هێنرایەوەو، (هیچ گۆڕانێکی ناوچەیی دژ بە خواستی گەلان نەکرێ) لە ڕاستیشدا ئەم بڕگەیەی دوایی لە دەستکەوتی تارانو دژ بە بەرژەوەندی کورد بووە، چونکە مەبەست لە خواستی گەلان خواستی دەوڵەتان بووە، بۆیە هەر ناوەرۆکی ئەمەشیان بەئەنجام گەیاند، هەروەک چۆن لەدواییشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مەبەست لێشی ڕێکخراوی دەوڵەتان بوو.

لە ٢٧ - ٢٩ دیسەمبەری ١٩٤٣ کۆنگرەی تاران لەنێوان ڕۆزفڵت، چەرچڵ وە ستالیندا بەسترا، یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی: پاراستنی سنوورو یەکێتی ئێرانو کشانەوەی هێزەکانی هەرسێ دەوڵەتەکەیان بوو، لە دوای بڕانەوەی جەنگ. پێکهاتنی تارانو مۆسکۆ لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتو بڵاوکردنەوەی دەقی پەیمانەکە، زیاتر لەوە، قوام السلطنة پەیوەندی نێوان هەردوو پایتەختی وا باش کردبوو کە تەنانەت بکەونە بڵاوکردنەوەی بەندو باوی خواستی کچی ستالین بۆ حەمە ڕەزا شا کە لەدواییدا ڕۆژنامەی کوردستان، بە خۆشییەوە هەواڵی درۆبوونی باسەکە بڵاوبکاتەوە.

کاتێ سەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە بۆتسدام کۆبوونەوە(١١) بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەڵمانیاو دابەش کردنی دەستکەوتەکان سەبارەت بە چۆڵ کردنی ئێران دوای بڕانەوەی جەنگ ئەو بەڵێنەی دابوویان دووبارە کرایەوە. لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٦دا تورکیاو عیراق پەیمانی باش دراوسێتیان ئیمزا کرد. ئەو ڕێکەوتنە مەبەست زۆر ڕوونو ئاشکرایانە مۆر دەکران بەرامبەر بە نەبوونی هیچ جۆرە بەڵێنێک یا بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن سۆڤێتەوە بۆ کورد. لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە یارمەتییەکی جیدی ئەوتۆ کە کۆمارەکە بکرێتە هێزێکی خۆڕاگر بەڵکو قسەش لەوە دەکرێ گوایا

ئامۆژگاری کوردەکان کراوە تا ڕێ لە ئارتەشی تاران بۆ مەهاباد نەگیرێ چونکە هێزێکی بچووک هەر بۆ چاودێری هەڵبژاردن دێتە ناوچەکەو لە دوایی دا دەکشێتەوە!

## دیاردەی تری نائاسایی

زیاتر لەوانە ئەگەر سەرنجێکی باری ناوخۆی سنووری کۆمارەکەی کورد بکەین، لەناو تێڕوانینێکی ئەقلیمی سیاسیو دیپلۆماسی سەرکردایەتی حیزبو کۆماردا گەلێ دیاردەی تری سەیری سەردەمەکەمان دەکەوێتە بەرچاو.

- کۆمەڵگای کوردەواری زۆر دواکەوتوو بوو، ئەگەر بزانین ئامارو ڕاژەی نەخوێندەواری دوای بیست ساڵ ١٩٦٦ لە دامەزراندنو ڕووخاندنی کۆمار لە دێهاتەکانی: مەهاباد ٩٤% لە سەقز ٩٣،١٠% لە سنە ٩٢،٩% کرماشان ٨٨،٢% بووە وا دەتوانین مەزەنەی سەردەمەکەی کۆمار بکەین، ئەم بارە نالەبارو دەردە کۆمەڵایەتیە کوشندەیە دەیان گیروگرفتی گەورەو ناکۆکی ناو کۆمەڵی ڕۆژگارەکەی قوت کردبووە..

لێپرسراوانی حزبو کۆماریش هەڵقوڵاو خوڵقاوی ناو ئەو دۆخە ئاڵۆزە بوون، بۆیە تێگەیشتنی تیپەکانو چارەکردنیان تێگەیشتنی بارە نێودەوڵەتیەکەو دیبلۆماسیەتە ئاڵۆزەکە بوو بۆ ئەوان زۆر زەحمەت بووە.لە ڕۆژی کارەساتیشدا هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرا کە ڕووی دا، بەتایبەتی ناکۆکی عەشایەریو یارمەتیدانی دوژمن. ململانێو یارمەتیدانی دوژمن، پەڕینەوە بۆ بەرەی بەرامبەر چاوەڕوانی هەلو تۆڵەسەندن. ئەوانە نائارامیو بێ باوەڕیی ڕەخساندبوو، ئەنجامی ئەوەش لە ڕۆژگاری سەختدا دەرکەوت چەندە ترسناک بووە.

- سەکردایەتی کۆمار، زیاد لە پێویست خۆی بە ووتوێژی بێ ئەنجامەوە بەستبۆوە. بێ بناغە لێی بە ئومێد بوو، هەرچەندە جۆرێ لە جیاوازی بەئومێدو بێ ئومێدی لە نامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزب لەلایەک وە سەرۆک کۆمار لەلایەکی تر دەردەکەوێ. جگە لەوە زۆر لە لێپرسراوانی تر نە بڕوایان بە تاران بووە، وە نە ئومێدو بڕواشیان بە گفتوگۆ بووە. لەکاتێکدا ڕژێمی تاران تەنها بۆ کات بردنە سەرو دەستی گفتوگۆی کردووە، خۆ لێپرسراوانی ئەرتەش هەر بە ئاشکرا لە نامەکانیاندا گاڵتە بە گفتوگۆ دەکەن، بگرە جاری وا بووە ژاندارم تەقەی لەو خەڵکە دەکرد کە پێشوازیان لە نوێنەرانی ئازەرو کورد دەکرد لە تاران وەک لە گفتوگۆی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا، ٢ کوژراو و ٣ بریندار ئەنجامی بوو.

- وەک پێویست بە لێکۆڵراوەییو دانانی نەخشە، مامەڵەی ڕووداوەکان نەدەکرا، لە دوژمن لە نەخشەو پلانو، لە گەمە

سیاسیەکان لە دیبلۆماسیەتی هاوپەیوەند بە کێشەو مەسەلەکەی کوردەوە نەدەگەیشتن ئەگەر جۆرێ لە تێگەیشتنیش هەبایە وا دژە کردارو کاری بەرامبەر نەبوو.

- خۆبەستنەوە بە دروشمی خودموختاری یەوە، دەرگای بیرکردنەوەی لە ئەلتەرناتیڤیکی تر لەسەر داخستن، بڕیارە مێژووییەکەی دووی ڕێبەندانی ١٣١٤ خرایە لاوە، کە ئیختیار درابووە دەست کۆمیتەی مەرکەزیو ئەنجومەن بۆ بە ئیستیقلالی تەواو گەیاندنی کورد لەو جێگایانەی لێی دەژین. (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە؛ ٨ - ڕۆژی ٢٨ - ١ - ١٩٤٦) ئەوە لەکاتێکدا زۆربەی زۆری جەماوەر، زۆربەی کاربەدەستان بڕوایان بەو دروشمەو کاری ڕزگاریە هەبوو.

- خۆبەستنەوە بە ستراتیجی سەربازی بەرگری.. بە خۆمەڵاسدان لە سەنگەرا بۆ چاوەڕوانی هێرشی دوژمن کە ئەمە ڕۆڵی خۆی لە هیلاکیو نائومێدی لە پەلامارو دەستپێشخەریو هەڵبژاردنی زەمانو زەمینی جەنگدا بینی، لەکاتێکدا ئەرتەشی ئێران سەربەستی جوڵەو مانۆڤەرو هێرشو پەلامارو کشانەوەی هەبوو.

هەرچەندە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هێزی چەکدارو چەکو تەقەمەنیو تفاقی جەنگو کەرەسەی گواستنەوە هەبوو. بەڵام لەڕووی توانای شەڕو ورەو باوەڕو گیانی خۆبەختکردن بۆ نیشتمان بە پێچەوانەوە تەواو لە بەرژەوەندی کورد بوو، بۆیە ئەگەر ئەو ستراتیجەی پەیڕەوکردنی ئامۆژگاری لێپرسراوانی سۆڤیەت بۆ شەڕنەکردن نەبایە وا ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر دەبوو یان هیچ نەبێ جۆرێ لە گەمەی سیاسیو مانۆڤەری سەربازیو نەبزگرتنو شەڕی دەروونی دەست پێدەکرا.

* هەوڵ نەدان بۆ سنوور فراوان کردن بۆ سوودوەرگرتن لە توانای مرۆییو زەمینو ئابووری ناوچەکانی تر، بۆ بێ بەش کردنی دوژمن لێیان، بەتایبەتی ئابووری کرمار، زۆر لاواز بوو، خەڵکی زۆر هەژار بوون، کە دەنگی هەنگاونان بەرەو ئەم ڕێبازە بەرز دەبۆوە، گوێیان لێ نەدەگیرا، کە بەهۆی دەست درێژی دوژمنیشەوە ڕووداوی بخولقێنرایە، نەخشەی سوود لێ وەرگرتن دانەدەنرا هەر زوو هەلەکە لەدەست دەدرا، وەک شەڕو هێرشی(سەراو سەرچاوەو مل تەرەنی) دیسان شەڕی مامەشا، نموونەیەکی ترە کە ڕۆژنامەی کوردستان بەم جۆرە هەواڵی پێکدادانەکەی بڵاو کردەوە:

## لە جەبهە

وەکو لە جەبهە وەڵام گەیشتووە ئەم شەڕی دوایی کە لە گردی دڵی مامەشا ڕووی داوەو دوژمن بە ٣ هەزار کەسەوە پەلاماری

هێناوەو تانکو تۆپو تەیارە لە ئەرز و ئاسمان پشتیوانیان لە دوژمن کردووە تەنیا بەهۆی ۳۰ کەس لە برایانی بارزانی دەستە مەلتەرەنی بە سەرەکی برای قارەمان مستەفا خۆشناو جواب دراوەتەوەو لەلایەن حەرزەتی پێشەوا ئەمر سادر بوو کە ۱۱ کەی لە شەڕکەرەکان کە یەکێ لەوان برای خۆشەویست محمد قادری یە میدالیای قارەمانی بدرێت.(١٦)

* زیاد لە سنووری پێویست کۆمار ئەوقی ئازەربایجانو سیاسەتی حکومەتەکەی کرا، هەرچەندە لە زۆر رووەوە بێ سوود نەبوو، بەڵام لە هەندێ رووی ترەوە بێ زیانیش نەبوو، بەتایبەتی ئازەرەکان رێبازی تایبەتی خۆیان هەبوو، ڕابەرو لێپرسراوە ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتیش لە هەموو روویەکەوە یارمەتی دەریان بوون. بە نەخشە کوردیان دەستنگەی ئەو کۆمارە کردبوو، کاتێ ئەو ڕایە خرایە بەردەم پێشەوا کە گوایا تەواوی کوردستانی دەوڵەتیش ئۆستاندار دادەنێ، بێ شک یەکەم ئۆستانداریش قازی دەبێ.(١٧) هیچ جۆرە ئامادەبییەکی نیشان نەدابوو بۆ قەبوڵ کردن، بێ گومان ئەو یاری یەش بێ مەترسیو مەرام نەبوو، کەچی ئازەرەکان لە گفتوگۆی مانگی جۆزەردان ١٣٢٥ یاندا لەگەڵ رژێم لە تەورێز، نە نوێنەری کوردیان بە سەرکردەوە وە نە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردو کۆمارەکەشی باس کرا. هەروەک بە ئەنقەست بیانەوێ مەسەلەکە خەفە بکەن.

* نەبوونی ئازادی جوڵەو دەستپێشخەری چونکە روسەکان لە چەند لایەنێکەوە سنووریان بۆ جموجوڵی کۆمار دانابوو لەوانە:

نەجولان لەبەردەمی شەڕدا بۆ بەرگری نەبێ، خۆبەستنەوە بە خودموختارییەوە، بەردەوامی لەسەر گفتوگۆ.بەستنەوە بە ئازەربایجانەوە..بۆیە بیر لە جوڵەی سەربازیو مانۆڤەری سیاسیی، ئەمری واقیع دروست کردن، کاری جەماوەریو جوڵاندنی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی دەری سنوور نەکرایەوە، نەبوونی ئەم ئازادی یە، ئەو چاوەڕوانی یە، بێ دەرامەتی یە، بێ ئومێدی لە تاران، جۆرێ لە بێ ئومێدی لای خەڵکی خوێندەوارو هۆشمەند دروست کردبوو، بێ ئەوەی سەرنجی لێ بدرێ، بیر لە هۆ و چارەسەر بکرێتەوە.

لە سووچێکی تری تێڕوانینو شی کردنەوە، ئەگەر سەرنجێکی وردی دیاردەی خۆبەدەستەوەدانی سەرۆک کۆمار بدرێ، بابەتیانە لێ بکۆڵرێتەوە، وا دەردەکەوێ کە کە هاندەری ئەو دیاردەیە نائاساییە، هەر تەنها بەڵێنو سوێندەکەی لەسەر مانەوە لەگەڵ خەڵکی کورد وەک هەوڵێکی خاوکردنەوەی قینی رژێمی تاران بەرامبەر بە خەڵک بۆ تۆڵە. هەر سەبارەت بە بەڵێنی گیانی(سەرتیپ همایوونی) بۆ پێشەوا.. نەبوون. بەڵکو گەلێ دیاردەو هۆی تر لە ئارادا بوونو لە دروست بوونی ئەو پرۆسەیە رۆڵیان بینی لەوانە:

**کشانەوەی لەشکری سوور، بێ نەخشەی هاوپەیوەندی بە چارەنووسی کۆمار.**
**ئامۆژگاری روسەکان کە شەڕی ئەرتەش نەکەن.**
**روخاندنی کتوپڕی ئازەربایجانۆو ڕاکردنی ڕابەرانیو شەڕی خوێناوی.**

**نەبوونی پشتو پەنا، مانەوەی بەتەنها، بێ چەکی قورسو هەلومەرجی بەهێزبوونو داکۆکی بەرامبەر بەهێزی دوژمن کە لەو رۆژگارەدا گەلێ هەنگاوی وەرچەرخێنەری هەلو مەرجەکەی نابوو، زلهێزەکانیش یارمەتی دەری بوون.**

**بڕوا نەبوونی قازی محەمەد بە جەنگو خوێن ڕشتن، بە شەڕی بێ هۆدە، حۆ هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژێ - کاف ڕێبازی خۆی لە شەڕی چەکدارو شۆرش دیار کردبوو، دیسان نامە پارێزراوەکانی پێشەوا تیشک دەخەنە سەر ئەم بۆچوونە.**

**گرفتو هەڵەو بۆشاییو لاوازیو ململانێی ناوخۆ کەم نەبوون بەتایبەتی:**

**- ناکۆکی و ململانێو ڕقەبەرایەتی نێوان ئێلو تیرەو بەرەبابو بەگزادەکان.**
**- ەبوونی دیسپلینی پێویست لەناو سوپاو چەکدارەکاندا.**
**- لاوازی زۆر لە سەرکردەکانی حیزبو کۆمارو زوو ورە بەردان، لەگەڵ هەندێ سەرۆک عەشیرەتدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی گیانی خۆبەدەستەوەدان.**

**٭ تەنیا هێزی جێگەی ئومێد، هێزەکەی بارزانی بوو، پێ دەچێ پێشەوا لای ئاسان نەبووبێ بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە ئەو جێگەو هەلە بۆ بارزانی نەخوڵقێنرا کە رۆڵی خۆی ببینێ، هەروەک نامەکانی خۆشی دەری دەخەن، هەر بەو(فەرماندەی کل هێزی بارزانیان) ماوەتەوە بە پلەی (ژەنراڵ) یەوە، دانانی بەشێکی گۆرنگ لە هێزەکەی لکەکانی ١ و ٢ و ٣ و ٤ بە فەرماندەیی.**

**مستەفا خۆشناو، میر حاج، بکر عبدالکریم، نوری احمد تەها لەژێر فەرماندەیی ژەنراڵێکی ترا کە حەمە رەشید خان بوو، جێگەی سەرنجە(١٩). لە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانیشدا شتێکی وا نابینرێ کە پێچەوانەی ئەو قسەیە بێت، هەرچەند هەندێ جار لەگەڵ وەزیری هێزدا(سەیف قازی) سەردانی بەرەکانی شەڕو هێزەکانی کردووە، رۆڵی گرنگی لە لابەلاکردنی ناکۆکی عەشایەرییدا بینی، جگە لە رۆڵی هەموو هێزەکە کە لە کارەسەتەکەشدا بە یەکگرتوویی لە مەیدانەکە دەرچوو، دیسان لە سەرچاوەی بڕیار ئەو رۆڵەی نەدرایە.**

لەگەڵ رووخاندنی ئازەربایجان هەندێ سەرەک عەشیرەتو لێپرسراوان خۆیان وەدەست ئەرتەشەوە دا، لە ڕاستیدا هەر لەدوای کشانەوەی لەشکری سوور، گەلێ لەو سەرۆک هۆزانە ورەیان بەردا بوو، نائومێدی سەری دەرهێنا، لە دواییدا لێپرسراوانیشی گرتەوە.

کورتو پوخت زەمینەی خۆیی‌و بارودۆخەکەی کۆماری تێدا دامەزرێنرا، رەسیوو کامڵ نەبوو، بارودۆخە نێودەوڵەتییەکەش لەسەر تەماحو مانۆڤەرو بەرژەوەندی دەجوڵاو ئاراستە دەکرا، دوژمن ئامادە نەبوو هیچ جۆرە پێکهاتن‌و رێکەوتنێ بکات کە لایەنی کەمی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی کوردی تیا بێت.

سەرکردایەتی کوردیش لەو ئاستەدا نەبوو کە بزانێ‌و بتوانێ ئەڵقە لاوازەکانی موعادەلەکان بدۆزرێتەوەو هەوڵی گۆڕانی بدات هەرلەسەر بەڵێن‌و چاوەڕوانی‌و وەرگرتنی راسپاردە بڕیارەکان دادەڕێژران‌و سەرنجی رووداوەکان‌و پاشەرۆژو چارەنووس دەدرا، جەماوەریش لە ئازادی‌و باری دیموکراسی کە زۆر گرنگ بوون بە ئومێد بوو، بەڵام لە پاشەرۆژو مامەڵەی رۆژانەو گوزەرانی ژیان لەناو گرفتو نائومێدی، چاوەڕوانی‌و نائومێدی دا دەژیا.

بەتایبەتی ئەو هەموو رووناکییە سوورانە، دەردەکەوتن بێ ئەوە رابەرانی کورد بجوڵێن‌و بگەنە ئاستی رووداوەکان، پێکهاتنی تاران‌و مۆسکۆ، پەیمانی نەوت، کشانەوەی لەشکری سوور بێ رەخساندنی هیچ جۆرە زەمان‌و دڵنیاییەک، ئەوانە زەنگی مەترسی‌و نیشاندانی سەردەمی وەرچەرخاندن بوون. سۆڤیەت بە مەرامی خۆی گەیشتبوو یاری یەکەی بەئەنجام گەیاندبوو دەستبەرداری کورد بووبوو، کەچی کورد لەسەر هیواو چاوەڕوانی‌و بەڵێن‌و باوەڕی خۆی دەژیا، سەیری رەوتی رووداوەکانی دەکرد، بەو بڕوایەوە کە بەتەنها ناتوانێ کارێ بکات، کاتێ ساتێ بڕیاری چارەنووسساز هات رابەرانی کۆمار گەیشتبوونە بڕیاری خۆیان، بڕیاری پێچەوانەی رەوتی مێژوو بوو، پێشەواش سەبارەت بەو هۆو هەڵو مەرجانەی تیشکیان خرایە سەر خۆی کردە قوربانی، کاروانێک لە شەهیدانیش رابەری کرد، دوور نەبوو، ئەگەر رێگەی پێچەوانەی هەڵبژاردرایە مێژووی ئەمڕۆ بە جۆرێکی تر نەنووسرایە، بێ گومانیشە کە رەوتی رووداوەکان بە جۆرێکی تر دەبوو، چونکە ئەو بڕیارە دوا هەل بوو، بەڵام وەک لێکدانەوەیەکی لۆجیکی، ئەگەر لەساتی هێمنی‌و لەسەرخۆیدا زۆر هەل لە کیس درابێ، وا دوا هەل لە بارودۆخێکی وا سەختو قورسدا هەر دەبێ بەو جۆرە بێ، دوژمنی داگیرکەریش بڕیار لەسەر چارەنووسەکە بدات نەک خاوەن کێشەکە.

## پەراوێزەکان

١- پێش دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا قازی محمد لە دیدەنیەکی رۆژنامەنوسیدا بوونی ئەو خودموختارییەی باس کرد. بروانە رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٢٠١) رۆژی ١١ و ١٢ - ١ - ١٩٤٦

٢- دوای دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بە ٢٠٠ سوارێکەوە خۆی گەیاندە مەهاباد.

٣- لە نیوەی دووەمی ١٩٤٥ دا ژەنراڵ سەلیم ئەتاکشیوف ئاگاداری قازی محەمەدی کرد بۆ رێکخستنی وەفدو سەفەرکردن.

٤- تا ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦* ژیاو لەو رۆژەدا کۆتایی بە بەرێوەبەرایەتییەکەی هێنراو ئەرتەشی تاران مەهابادی داگیرکردووە.

٥- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، ٥ی خاکەلێوە ١٣٢٥ (٢٥ی مارسی ١٩٤٦)

٦- ٤ی نیسانی ١٩٤٦ بۆ سەرنجدان لە دەقی پەیمانەکە بڕوانە (کۆماری میللی مەهاباد) مەحمود مەلا عزت، ١٩٨٤ ل ١٥٩، ١٦٢.

٧- بڕوانە پاشەکشەی بارزانی یەکان لە کوردستانی ئێران ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، بە کوردی کردنی، حەسەنی سەیف ١٩٨٧، ل ١، ئەمەش بەشێکە لە کتێبەکەی نووسەر بەنیوەی(قیام افسران خراسان) ١٩٧٧ - ١٩٥، ناوبراو ئەفسەرێکی کۆماری ئازەربایجان بوو نێردرا بۆ کۆمەکی مەهاباد، لە رووخاندنەکەش دا مایەوەو خۆی بەدەستەوە نەدا.

٨- بڕوانە ئەبولحەسەنی تەفرەشیان – سەرچاوەی ناوبراو، ئەو دەنووسێ.

* ئەو دوو فرۆکەیە(ئاغایانی مورتەزای زەربەخت و عەلی جودی) لە مەئموورییەتی هەڵفرین بەرەو ئازادی دڵ لە تارانەوە دەگەڵ خۆیان هێنابوویان.
* بۆ چوار تۆپەکەش جێماوی ئەرتەشی تاران بوون ل ١٤ و ١٥.

٩- بڕوانە مەحمود مەلا عزەت دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەرگی یەکەم، سوید ١٩٩٢، ل ٤٣ ،٤٧، ٥٧، ٥٨، ٧٥ ١١٥-

١٢، گەلێکی تریش.

١٠- ئەم ئیعلانە لە ناوەراستی ئابی ١٩٤١ لەنێوان(چەرچلو رۆزڤلت)ئیمزا کرا بروانە (ئیسکلۆپیدای سویدی) چاپی ١٩٤٨، بەرگی ٢، لاپەرە ٦٨٢ - ٦٨٣.

١١- ١٧ی تەمووز - ٢ ئابی ١٩٤٥

١٢- زۆر لە بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە ئەو راستیە باش روون دەکەنەوە بۆ زانیاریی ئەم لایەنە بڕوانە(دەوڵەتی جمهوری کوردستان)

**بروانە بەڵگەنامەی ژمارە ٩٧ی کۆمیتەی مەرکەزی ١٣٢ی پێشەوا قازی محەمەد لە دەوڵەتی جمهوری کوردستان.**

بروانە هەمان سەرچاوە ل ٣٠٩ - ٣٢٨
بروانە دەوڵەتی جمهوری کوردستان-بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤ - ٣٠،٣٢... هتد.
رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠ رۆژی ٢٠ - ٦ - ١٩٤٦.
بروانە جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام.
بروانە سەروتاری یەکەم گۆڤاری نیشتمان ژمارە١ ساڵی یەکەم بوپسەری ١٣٢٢ جوڵای ١٩٤٣.


دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامەکانی پێشەووا ژمارە ٢٠ ١٣٢

بروانە دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەڵگەنامەی ژمارە ٥٠ دیارە سەرچاوەی راستەقینەی بریارە گرنگەکان بۆ هەموو لکو دەستەکانی هیزی بارزانیان و ئەفسەرانی هەر بارزانی خۆی بوو.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٩٢، ٥٩٣ لە رۆژانی ٢٠ و ٢١ - ١ - ١٩٩٤ دا بڵاو کراوەتەوە لەبەر سەنگی نووسینەکە بۆ یادی ٥٢ ساڵەی کۆماری مەهاباد کە لە ٢٢ - ١ - ١٩٥٦ (٢ی رێبەندانی ١٣٣٤) دامەزرێنراو لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دا رووخێنرا پێشکەشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٧

## شەهیدی سەرکردە قازی محەمەدی مەزن..!!



حەمید عەزیز

لەیادی کەڵە پیاوێکی وەکو (پێشەوا قازی) دا زۆربەمان موچڕکەیەکی گەورەی پڕشانازی بەهەموو لەشماندا تێ دەپەڕێت و لەگەڵ سەربڵندی یەکی گەورەش کەخۆشی هێنێکی زۆرە بۆ ڕۆحی کوردەواریمان هەست پێ دەکەین. سەرکردە قازی موحەمەد مامۆستای مەزنی کوردایەتی یە بۆ ئێستامان و نەوەی دواڕۆژ بۆیە ئەمەو دەیان هەستی تری نیشتمانی و مرۆڤدۆستیمان تێدا دروست دەبێت لەکاتی یادی پێشەوای مەزندا هەرچەندە ئەو یادە خۆش بێت یان نا خۆش ... !!

کورتە وتارە شیعریی بۆ شەهیدی سەرکردە قازی موحەمەد قارەمانانی جیهان کوڕی نەتەوە بەشخوراوو ستەم دیدەکانن بۆیە چاویان دەبێ بە ئەستێرەو دەستیشیان خامە جوانەکانی مێژوویەکن بۆ خزمەتی نەتەوەیان بۆ نیشتمان خوێن و سەربڵندی و ڕۆحیشیان دەبەخشن بە گەلیان بۆ ئەوەی نەوەکانی سبەینێیان باشترو ئازاد بژین . بۆیە ئەو قارەمانانە لە تیشکی ڕوناکی و جوانی و گەورەیی مرۆڤی ئاسایی گەورەترن ڕوناکترن جوانترن لە پریشکی هەتاوی نیشتمانی هەموو دنیا هاوینترو بەسۆزترو گەرمترن لەجوانی زەردەخەنەی لێوی هەموو ئازادی خوازانی دنیا گڕی لێویان ئاڵترن تەڕترن جوانترن میهرەبانترن. قارەمان و نیشتمان پەروەری خاک سووتێنراو یان ماڵ ڕمێنراو یان کانی و چاوی قرژاڵ ئاسای جۆگەلە و ڕووباری داپۆشراو یان خاوەنی نەتەوەو نیشتمانێکی مەحف کراون بۆیە ڕقی پیرۆزیان دوژمن تۆقێنە ڕێگەو ڕێبازیان هەرگیز بەرنادرێت. ئەو پیاوە قارەمانانە کەڵە پیاوی مێژوون کەسی دی تامی جەربەزەیی پیاوەتی ئەوان نادات ئەو پیاوانە گەورەن و پاڵەوان و ئازاو نەبەرد دەچنە ڕیزی زانکۆی نیشتمان پەروەران و دەبنە هاوڕێی تاهەتایی سەربڵندیی و

دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

هێماو دروشمە نەتەوەیی یەکانی خاک و وولاتی غەدر لێکراو بۆیە ئەو مەزنانە وەکو لەدایک بونێکی پیرۆز شەهید دەبن و جارێکی دی دەچنەوە ناو دڵی نیشتمانە داگیرکەرەکەیان و بۆی دەژین و دەمرنەوەو بۆی دەبن بە پردو ڕێگە بۆ نەتەوەی ستەم دیدەی زووڵم لێکراوی بریندارو دابەشکراویان بۆیە ئەو قارەمانانە دەبنە قوتابخانەی خاک و نەتەوە پەرستی و ژیان و داهێنان لەدنیای ئازادی و بوونی مرۆڤدا. ئەو پیاوە مەزنانە بەمردنی ئاسایی وەکو خەڵکی ئاسایی نامرن بەڵکو شەهید دەبن شەهیدیش لەهەمووان مەزنترە.

## هۆنراوە بۆ قازی محەمەدی پێشەوا

کام شاخی سەخت باوەڕت بوو  
چ هۆشمەندێک لەگەورەییدا میوانی ئازارەکانت بوو  
چ بڵێسەیەکی نیشتمان هاوسەفەری هۆش و بیرت بوو  
چی بوو گەورەم وای لێکردی خۆت بۆ خاکێ بسوتێنی  
ڕێگەو پرد بیت بۆ نەتەوەت بۆ نیشتمان پاسەوان بیت  
تابلۆیەک بیت پڕ لە ئازارو مەینەتی نەتەوەکەت  
تفەنگێک بیت بۆ قەندیل و خوڕەی ئاوی مەرەزە بیت  
تۆی مرۆڤی دنیای زەردەخەنە و هەناسە جوانەکانی باوەڕ  
تۆبویت ئاوازێکی مەزن بۆ سرودی جەنگاوەری  
سومبولێکیش بۆ ئازادی  
تۆی پێنوس بۆ نوسینی مێژوویەکی مەشخەڵاوی  
گووڵە گەنم بۆ کێڵگەی نیشتمانێکی برسی  
ئاویش بۆ تینووێتی کوڕان و  
کوڕانی بەجەرگی ڕۆژانی سەختی باو بۆران  
کوڕانی ئازای ڕۆژانی جەنگ و بەرگری  
ئاوازێک بووی بۆ مەشخەڵان  
ئاڵایەکیش بۆ کوردستان  
ئای چ عەشقێک وای لێکردی  
وولاتی ژان لەباربەری

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

شەونخونیت بۆ نەتەوەت بێ سنور بێت
لەپێناوی ماڵێک پڕ لەبەختەوەری
بێ منەت بووی لەدوژمنان
بۆیە پێشمەرگەبوویت قۆڵ لەقۆڵی چەک و خەبات
لەپێناوی کوردایەتی و شادی وڵات
چ تینێک و چ گوڕێک بوو وای لێکردی خۆنەویست بی
دەریایەک بیت لەعەشقی خاک
شۆرش بیت و قوتابخانە هەڵۆیەکیش ئازاو بێباک
ئەو دەمەی کە ئاڵات هەڵکرد
قوڵپی گریانی نەتەوەت دەستی پێ کرد
لە خۆشییان گەورەو بچووک بێ ڕاوەستان
بێ دودڵی و لەخۆشیاندا هەر دەگریان
هەلهەلەی شۆڕش و سەرفرازیت بۆ لێدران
بۆ ئاڵایەک بۆ خاکێک و نەتەوەیەک
پێش هەمووکەس وەک پێشمەرگە
پێشەوا هەر بێ دوودڵی
بەخوێنی خۆی ئاڵای نەخشاند
گەورەو بچوکی دوژمنی ڕاچڵەکاند
پێشەوا بە دووژمنی ووت
من ئەو ڕەنگی ئاڵایەم و ئەویش منە
ئەو خوێنی نەتەوەکەمەو
منیش دەستم پڕ دڕکی چاوی دوژمنە
ئاڵاو کوردستان و کۆمار
مێژوی کوردن کوردیش هەناسەی ڕۆحی منە
منیش دەڵێم ئەی پێشەوا
تۆ سەروەرو گەورەی ئێمەی
تۆ جێی شانازی و هیوای ئێمەی

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

ئەی عاشقی نان و ژیان بۆ نەتەوەت
خەوزڕان بووی بۆ چاوی دوژمنان
تادنیایە سومبولی تۆ بۆ کوردستان
شانۆیەکی پڕ خەباتی بێ ووچان بووی
تادنیایە گەورەو پێشەواو پێشمەرگەی تۆ
فێرت کردین یان کوردستان یان نەمان
ئای چ عەشقێک چ ووانەیەک لە ئازادی
وای لێکردی ڕۆحت بنێی بەمەرگەوە بۆ نەتەوەت
شۆڕش بوویت و هەوێنی خەبات و تێکۆشان
باوکی گەورەو ڕابەرمان بیت
سومبولیش بیت بۆ خاکی کوردو کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠٠٧

# قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا رووابوو



هەژیر عەبدوڵڵاپوور

هەر ساڵێ کە لە شەهیدبوونی قارەمان و سەرچەشنی هەمیشە هەرمانی نەتەوەکەمان، قازی محەممەد، تێدەپەڕێ، لاپەڕەیەکی زێڕینیتر دەچێتەسەر مێژووی پڕ لەشانازی خەباتی هەفخوازانە و رەوای نەتەوەکەمان لە سەرانسەری کوردستاندا و هاوکاتیش تووڕەیی و بێزارییەکی زۆر لە رێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان پەرەدەستێنێ.

بەڵێ! دەی خاکەلێوە (رۆژی شەهیدان) ئەمساڵیش، ساڵێکیتر لە لەسێدارەدانی قازی محەممەد، سەرۆکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان تێپەڕی. کاتژمێر چواری بەیانی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، قازی محەممەد، محەممەد حسێن سەیفی قازی (وەزیری بەرگری حکوومەتی نەتەوەیی کوردستان) و ئەبولقاسمی سەدری قازی (نوێنەری شاری مەهاباد لە خولی ١٤ی پارلمان و کەسایەتی سیاسیی دیار و ناوداری کوردستان) لەلایەن کوردکوژان و خوێنمژانی ئەرتەشی پاشایەتییەوە لە سێدارە دران.

قازی محەممەد کەسایەتییەکی دیار و هەڵکەوتوو بوو لە مێژووی خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا. پێشەوا دیمۆکراتێکی ئاشتیخواز و نیشتمان پارێز بوو کە بڕوایەکی پتەوی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بوونی پێوەندی پتە و باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبوو و هەر لەم سۆنگەیەوە بە باشی هەستی بەستەمی نەتەوایەتی گەلەکەی کردبوو و بە دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد، رێگەچارەیەکی ناوازە و دەگمەنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە خۆی بەیادگار بەجێهێشت.

پێشەوا وەک سەرکۆماری کوردستان لە ئاخاوتن و لێدوانەکانیدا هەمیشە نیشتمانی کوردستانی وەک نیشتمانێکی یەکدەست دادەنا و ئەم راستییەش بە باشی لە بەرگرییەکانیدا لە بێدادگای رێژیمی پاشایەتیدا روون و بەرچاوە، کاتێک کە روو بە دادوەری دادگای رواڵەتی دەڵێ: "مەلا مستەفا بارزانی کەسێکی بێگانە نییە، بەڵکوو خەڵکی ئەم ئاو و خاکەیە و کوردستان نیشتمانی خۆیەتی". و هەروەها بەشداریی سەدان پێشمەرگەی کۆڵنەدەری بارزانی و حوزووری دەیان کەسایەتیی کوردی باکوور و باشووری کوردستان خۆی سەلمێنەری ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەیە.

پێشەوا قازی محەممەد دادگەی فەرمایشی دەکاتە شوێنێک بۆ بەرگریی لە مافە رەواکانی نەتەوەکەی و بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێوێنەوە ناوەرۆکی دوژمنانی رەنگاوڕەنگی نەتەوەی کوردی لەقاودا. سەروانی شەریفی کە خۆی لەو دادگا فەرمایشییەدا بەشدار بووە، دەڵێ: "ئەوە پێشەوا قازی محەممەد بوو کە دادگای بردبووە ژێر پرسیارەوە". هەروەها نەجەفقولی پێسیان دەگێڕێتەوە کە پێشەوا لە بەرگریی لە نەتەوەکەی بە بوێرییەکی تەواوەوە دەدوا و دەیگوت: من لە کونجی زیندانەوە دەنگ هەڵدەبڕم و بە دەوڵەتی ئێران دەڵێم کە ئێوە تۆمەتبارن نەک ئێمە. ئەوە ئێوەن کە خاکی ئێمەتان داگیر کردوە. ئەگەر دەوڵەت هەموو کوردان بە خیانەتکار دەزانێ، باشتر وایە دەست لە کوردستان هەڵگرێ و ئەگەریش بە نیشتمانپەرستیان دەزانێ، واباشترە کاروبارەکانی خۆیان بە خۆیان بسپێرێ".

ئەرتەشبود فەردوست لە بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەسەفەری شادا، پاش لە خاک و خوێن وەردانی دوو حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە:

دەنووسێ: "سەفەر بۆ کوردستان بۆ شا وەک زەبرێکی رووحی دەچوو. دەست و پێوەند و راوێژکارەکانی شا پێیان وتبوو کە نەچێتە کوردستان، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە:

تووڕەن. شا باوەڕی نەدەکرد و پێی وابوو کە خەڵک بە پێشوازییەوە دەچن. بە جیپێک بەرەو کوردستان وەڕێکەوتین. کە گەیشتینە مهاباد شار بە تەواوی تەعتیل بوو. خەڵک بە پەلە دووکانەکانیان داخست و شەقامەکانیان چۆڵ کرد. کاتێ گەیشتینە گۆڕەپانی چوارچرا کە قازی محەممەد لەوێدا لە سێدارە درابوو، شا چاوی بە ئاڵاکانی حکوومەتی قازی محەممەد کەوت کە خەڵک لەسەر دەرکی ماڵەکانیان هەڵیاندابوو. لەسەر راسپاردەی کەسانی دەورووبەری شا، ناوبراو بە زوویی لەو شوێنە دوورکەوتەوە و مهابادمان جێهێشت. ئەوە دژکردەوەی خەڵک بوو سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد".

بێگومان یەکێک لەو دەسکەوتە مەزنانەی کە پێشەوا بۆ نەتەوەکەی بە دیاری هێنا ئەوە بوو کە بۆ یەکەمین جار ئەم

دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

نەتەوەیە چارەنووسی خۆی گرتە دەست و تامی ئازادیی چەشت. لەراستیدا ئاخێوی ئازادی و ویستی خەڵکی کوردستان بۆ گرتنەدەستی چارەنووسی خۆیان لە لای پێشەوا لە سەروو هەموو شتێکەوە بوو. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە کوردانیش بە چاوی رێزەوە دەڕواننە ئارمانجە بەرز و مرۆییەکانی قازی محەممەد و هەروەها راستبێژی و نیشتمانپەروەری ناوبراو و هێشتاش بەو پڕەنسیپ و سفەتە بەرچاوانەی پێشەوا وەفادارن. و بە هەق بە قەولی دوکتور قاسملوو، قازی محەممەد گوڵێ بوو کە لە بیابانا روابوو.

لە ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەددا، یاد و بیرەوەری کەسانی وەک عەلی شێرزادە، ئەحمەد فارووقی، حەمید مازووجی، عەبدوڵڵا رەوشەنفێکر، سلێمان موعینی، مەلا ئاوارە، ئیسماعیل شەریفزادە، عەزیز یۆسفی و دەیان خەباتگێڕی دیکە کە یان بوونە هاوچارەنووسی پێشەوا و یان بەشێکی تەمەنیان لە کونجی زیندانەکانی شادا بەسەر برد، بەرز دەنرخێنین و سەری رێز نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٠٩

# قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو



حەسەن حاتەمی

نووسین و لێکۆلینەوە و قسە کردن لە سەر کەسانی مێژوو سازو هەڵکەوتە (نوخبە) پێویستی بە کات، ئیمکانات، هێمنی ژیان و سەرچاوەی جۆراوجور هەیە.

بەداخەوە ئێمەی لە حالی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و مافی رەوای نەتەوەکەمان دا، نە لە کوردستان- وەک سەنگەری ئەسڵی خەبات.- ونە لە تاراوگەی نادڵخواز و بۆ هەڵبژێراو، ئەو پێویستیانەمان نیە کە ئاماژەم پێکرد. یان لانی کەم من نیمە. بەڵام بەو حاڵەش بۆ ئەوی لە شێستەمین ساڵیادی ١٠ی خاکەلێوەی ١٩٤٧، رۆژی رەش و تاڵی گەلەکەمان، رۆژی لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان،حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی، دارێکم لە سەر بەردێک دانابی، بیروڕای خۆم لە سەر پێشەوای هەمیشە زیندوو، بە کورتی دەردەبڕم.

لە کۆمەڵگایەکی دواکەتوویی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە مەوبەری کوردستانی تەواو ئایینی - ئیسلامی، نەخوێندەوار، لەنێو ئابوورەیەکی ئاژڵداری وجوتیاری و لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی دەمارگرژ و خۆ ویست، لەدنیایەکی پڕ لەدوژمن و دوو شەڕی جیهانی، لەکوردستانێکی دا بەشکراو و بێ پشتیوان و بێ ئەنوا. پێشەوا چۆن خوڵقا؟.!

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم**

هەست بە بەرپرسایەتی بنەماڵەی قازی محەممەد، کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان، لە ١٠٠ ساڵی رابردودا، بەپێی کەسانی تێکۆشەرو ئازایان پشت و پەنای ئازادیخوازان بوون. ماڵی قازیەکان جێی هێواو ئومێدو جێی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی ناوچەی موکریان بوو. ئەو ماڵانە جێی ئاشتی و تەبایی، جێی فەرهەنگی بەرز و زانیاری و تەنانەت مەکۆی شۆڕشگێریش بوو.

لە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی(١٢٨٩هەتاوی) لەبنەماڵەیەکی خۆشناو و بە ناوبانگی قازی منداڵێک لەدایک بوو، ناوی نرا محەممەد. ئەو لەپاشان بوو بە یەکێک لەخۆشەویستترین و بەرجەستەترین کەسایەتی لەمێژوویی نەتەوەی کورد دا.

بەچاوخشانێکی خێرا بە سەر بنەماڵەی قازی دا، تایبەتمەندی و کاریگەری ئەو بنەماڵەیە لە سەر ڕووداوەکان زیاتر دەردەکەوی. لەساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی گەورە بنەماڵەی قازی بەناوی "شێخ المشایخ" سەرۆک عەشیرە و تایفەکانی لەناوچەی دیواندرە کۆ کردۆتەوە، هەتا کوردستان لەبەرانبەر هێرش کەرانی بریتانیا بپارێزن. لەساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی قازی فەتتاح - کوڕی شێخ المشایخ بۆ بەربەرەکانی لە بەرانبەر هێرشی ڕووس و عوسمانی هەڵویستی گرت، شەڕی کرد و گیانی فیدا کرد.

قازی عەلی باوکی قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی جووڵانەوەی محەممەد-ی پێک هێنا؛ کە لەگەڵ ڕاپەرینی شێخ محەممەد خەیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو. هەروەها" ابولحسن سیف القضات" مامی قازی محەممەد زانایەکی هەڵکەتوو و شاعێرێکی بەتوانا و کەسێکی بە هیممەت بوو، یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی محەممەد بوو. هەموو ئەو کەسایەتی یانە و ئاکارەکانیان، کارێگەری خۆیان لەسەر پێگەیشتوویی قازی محەممەد هەبوو.

قازی محەممەد بە پێی زانیاریەکانی، دەردی سەرەکی لە نەخوێندەواری و دواکەتوویی دا دەدەیت. بۆیە بۆ پەرەپێدانی زانست و خوێندەواری هەولی جیددی دەدا. بۆ یەکەم جار لە مەهاباد مەدرەسەی کچانی دانا. بە قەولی یاد بەخێر مەناف کەریمی - وەزیری فێرکردن و بارهێنانی کۆماری کوردستان، قازی محەممەد مامۆستاکانی قوتانخانەکانی پێ باشترین پێشمەرگەکانی میللەت بوو؛ کەجوانترین و باشترین چەکەیان، قەڵەمەکەیانن کە بە دەستیانەوە و لە گەڵ نەزانی و دواکەوتوویی کە دوژمنان بۆیان پێک هێناوین؛ خەبات دەکەن.

یاد بە خێرێکی دیکە، سەعیدخانی هومایون - خوشک زای قازی محەممەد، کە لە زۆر شوێن لە گەڵی بووە. - دەنووسێ:

قازی محەممەد ئۆگریەکی زۆری بە ورزیش هەبوو.لە مەلەوانی، ئەسپ سواری و را کردن زۆر شارەزا بوو. ئۆگری تایبەتی بە کتێب و موتالا کردن هەبوو. کتێبی زۆر دەکڕی. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو. بۆ زانیاری ڕۆژنامەکانی دەخوێندەوە.

قازی محەممەد دیاردەیەکی تایبەتی لە وەزعییەتێکی تایبەتی دا بوو. ئەو وەک گاندی ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا بوو لەزانستگا پێشکەوتووەکانی بریتانیا دەرس بخوێنێ و لەگەڵ دەسەڵاتێکی قانوونمەندی وەک بریتانیاش بەرە و ڕوو نەبوو.- بریتانیا ئەگەر چی یەکێک لە گەورەترین داگیرکەرانی ئیستعمارگەری جیهانی بوو یەکێک لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانیش بوو. ئەگەر مارکس بوو بە فیلسوفێکی گەورەی جیهانی، لەوڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئینگلستان بەئارامی و هێمنی و لە نێو دێموکراسی بریتانیایی دا، هەلی بۆ ڕەخسا، تێزەکانی خۆی بنووسێ و بڵاویان کاتەوە، کە بە دژی سیستێمی دامەزراوی ئەو وڵاتەش بوو.

بەو بەرئاوردە ناهاوسان (ئانتی بڵانسە)، قازی لە گەڵ کۆمەڵگایەکی پڕ لە دمارگرژی و سوننەتی کە هەیبوو، کوردیش چەندین دوژمنی هەبوو، بوونی مەدرەسەی سەردەمیانە و مودێڕنیشی نەبوو. لە زانستگا و علیم و سیاسەت لە کوردستان هەر هەواڵێک نەبوو. خوێندن بە زمانی زگماکی باسی سەر بوو. زانیاری لەو بارەوە نەبوو. ئەگەر هەبوو، زۆر کەم بوو.

قازی محەممەد ماڵەکەی خۆی کردبووە فێرگەی سیاسی و خوێندواری و زانستگاکەی، ژیانی ئاوینەی باڵا نوێنی دواکەوتوویی و نەخوێنداری و چەوساوی و ژێر دەستەیی گەلەکەی بوو. زانایی و خۆپێگەیاندنی و هێمنی و لەسەرخۆیی و قانوون زانیەکەی و قەزاوەتە عادڵانەکەی، ببوونە هۆی ئەوە، کەسایەتیەکی بەرجەستەی لەنێو موکریان بەگشتی و لەمەهاباد بە تایبەتی هەبێ. کارێگەری کەسایەتی قازی محەممەد لە نێو کۆمەڵەکەی خۆیدا، ئەوەندە بەرجەستە بوو، کە دەسەڵات بە دەستەکانی تارانیش نەیانده توانی، لەبەرچاوی نەگرن. دوای نەمانی باوکی زانای، ببوو بە جێنشینی ئەو بۆ قەزاوتی گیروگرفتەکانی خەڵک.

ڕێژیمیش کردبوویە بەرپرسی دەزگای فەرهەنگی و ئەو قاف. لەرووداوەکانی ناوچەکەشدا، وڵاتانی بریتانیا، شووڕەوی - پێشوو - و ئەمریکا نەیاندەتوانی بچنە موکریان و نەچنە لای قازی محەممەد.

کەسایەتی و تێگەیشتوویی قازی محەممەد، دوای ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژ - ک. دا خۆی نواند؛

دوو جار بانگکردنی قازی محەممەد وەک سەرۆکی پیاوە ماقوو - ڵەکانی کوردستان بۆ شوورەوی و قبوولّ کردنی بەشێکی گرینگ لە داواکانیان لێوەشاوەیی ناوبراو دەگەیەنی کە دوای هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە مشوەرەت لە گەلّ هاوبیرانی؛ لە رێکخراوی ژ - ک - ی، میللی - مەزهەبی، حیزبێکی دێموکرات، نەتەوە پارێز و ئاشتی خواز و سەردەمیانە دامەزراند.

دوور بینی هەڵکەوتەیی قازی محەممەد، بە بەستنی کونگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر دەرکەوت. ئەو بەستێنی فیکری و پراتیکی حیزبی و سیاسی لە موکریانەوە، بەرەو شیمال و تارادەیەک جنووبی کوردستانیش بەر فراوان کرد. - لەبیرمان نەچێ لە ناوچەی باشوور(جنووب)ی رۆژهەڵاتی کوردستان هەم لەژێر دەسەڵاتی تاران دا بوو، هەم هێزەکانی بریتانیایی و ئەمریکایی لێ جێگیر بوون و ئیزنی ئازادانەی پەرەگرتوویی سیاسی و رێکخراوەییان بە ژ - ک و حیزبی دێموکرات نەدەدا و مەخالەفەتیشیان دەکردن.- کەسایەتی قازی محەممەد وەک سیاسەتمدارێکی پراگماتیست (کردەوە بەپێێ پیویست)، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە سەربانی مالێ قانوون (دادگوستەری)، راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرا و دروست کردنی یەکەمین دەوڵەتی کۆماری کورد لە جیهان دا کە خاوەنی، هەیئەتی وەزیران، هێزی نیزامی - بە ناو پێشمەرگە - و هێزی ئاسایشی نێوخۆیی - لە شێوەی پولیس، بۆ ئەمنیەتی ژیانی خەڵک. دەرجەدانی ژینرالی بەچوار تێکۆشەری رەشیدی کورد؛ و هەڵبژاردنی ژینراڵ مستەفا بارزانی نەمر بە فەرماندری گشتی هێزی پێشمەرگە، گەیشتە لووتکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. زانیاری و زانست و فێرکردن و ئاگا کردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ریزی یەکەمی بیرو بوچوونی پێشەوای مەزن دابوو. هەر بۆیە لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی پڕلە شانازی و پڕ دەسکەوتی - ئەو کات - ئەو هەلەی رەخساند کە رۆژنامەی کوردستان، کتێبی کوردی، گۆڤارەکانی کوردستان، هاواری نیشتمان بۆ لاوان - هەڵاڵە و گروگالی منداڵان - بۆ مێرمنداڵان و منداڵان و... بڵاو دەبوونە.

رادیوی کوردی، کتێبخانەی میللی، شانۆگەری، سینەما، ئەو ئەمرازانە بوون کە بۆ ئاگاکردنی و بەردنە سەری رادەی زانیاری کۆمەڵگای کوردەواری بە کار هێنرا. دانانی وەزیری تەبلیغات لە کابینەی دەوڵەت دا. پێک هێنانی دەستەی نووسەران بۆ چاپی کتێب و بڵاوکراوەکانی کوردی وەک: هێمن، هەژار، زبیحی، برایم نادری، دڵشاد رەسوولی و... گرنگی زیاتری دەدا بە زانیاریەکانی خە ڵکی کورد.

پێشەوای هەمیشە زیندوو، بۆ ئەوەی نیوەی کۆمەڵ واتە ژنان، ئاشناکا بە ناسینی مافەکانیان، هێنانیان بۆ نێو خەباتی سەردەمیانە و بۆ ئەوەی لە وەزی بەهێزی لاوەکان و مێشکی ئامادە بۆ فێر بوونیان کەڵک وەر گرێ، هەوڵی دا رێکخراوی سینفی، ژنان و لاوان پێک بێ. لەو باریەش دا،لە ماڵی خۆیڕا دەستی پێکرد. ژن و کچەکانی و کورە تاقانەکەی

هێنایەکایەو ناردیە تەورێز بۆ خوێندن.نزیکەی ١٠٠ لاوی کوڕی دیکەی نارد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زانست و فێر بوون. بۆ بەرێوەبەری داهاتووی کۆمەڵگاکەمان. قازی بەو کارانەی خەتە سوورەکانی کۆمەڵگای داخراوی کوردستانی بەزاند و ڕێگای بۆ پێگەیاندنی هە مە لایانەی هەموو چین وتوێژەکان - ی ئاواڵە کرد.

لە بارەی پێشەوا قازی محەممەد دا نووسراوە:" قازی محەممەد دێموکراتێکی راستەقینە بوو کە بڕوای خۆی بەپێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی لەکۆمەڵ دا بە کردەوە نیشان دا بوو. ئازادیە دێموکراتی یەکانی لەکوردستانی ئێران لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا کە قازی بەرێوەی دەبرد؛ بە جۆرێک جێگیر ببوون کە تا ئیستاش لەوڵاتانی ناوچە دا کەمتر نموونەی هەبووە. ئەگەر ئەو خاڵە وەبیر بێنمەوە کە هەرلە دەورانی سەرکۆماریی قازی محەممەد دا، موخالیفەکانی - کە ژماریان زۆر کەم بوو - بە دژایەتی لە گەڵ وی وتاریان دەنووسی و شێعریان دادەنا و بە ئازادی لە نێو خەڵکی دا بڵاویان دەکردەوە؛ بێ ئەوەی کەس هەبێ، پێشیان پێ بگری، ئەو کات ئیمانی قازی محەممەدتان بە پێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی باشتر بۆ دەردەکەوێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە "قازی محەممەد لە نێو کورد دا پایەیەکی زۆر بەرزی هەبوو. هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران وەکوو: مەلا مارف-ی کۆکەیی. هەژار، هێمن، خاڵەمین، حەقیقی، سەید کامیل، عەلی بەگی حەیدەری، شیواو و... شیعریان لە ستایشی دا هونیوەتەوە. لە سەردەمی ژیانی خۆی دا شاعیران، نووسەران، سیاسەتوانان، سەرانی ئێل،(عەشایر)، مەلا و گەورە پیاوەکانی کورد هەمیشە بەرێزو ستایشەوە ناویان ئەبرد.

قازی ببوو بە رەمزی ئازادی و سەربەستی کورد. لە سێدارەدانی، ویژدانی هەموو خەڵکی(کورد) هەژاند.

(نەوشیروان مستەفا) بۆیە من قازی محەممەد-م پێ گاندی کوردستانە. چونکە لە ماوەی ژیانی دا هەوڵی دا، بە هێمنی و ئارامی و ئاشتی، ماف و ئازادی یەکانی نەتەوەی کورد وەدی بێنی.

ئەو کارەی کە گاندی بۆ سەر بەخۆیی هیندوستانی گەورە کردی؛ لە باوەری پێشەواش دا هەبوو. - لە بەشێکی وڵاتە دابەشکراوەکەی، کە ئیمکانی هەبوو، کۆماری کوردستانی دامەزراند. لە رەوتی پڕ لە شانازی و پڕ لە دەستکەوتی کۆماری کوردستان دا،لەو بەشەی خاکی وڵات کە لە ناوچەی ئازەر بایجان هەڵکەوتوە. بە پێی دا بەشینی زەمانی رەزاشا.- و لە چەند شاری وەک میانداو، نەغەدە، ورمێ، سەڵماس، خۆی،ماکۆ و... کورد و تورکی تێدا دەژین؛ بۆ دامرکاندنی هێندێک کێشە و گەورە نەبوونەوەی جیاوازیەکان بەشێوەیەکی هێمنانە و ئارام و بێ ئەوەی خۆێنی کەسانێک لە دوو نەتەوەی

ناوبراوی هاوچارەنووس برژێ، قازی محەممەد لەگەڵ جەعفەر پیشەوەری - ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان - پەیمانی دۆستایەتی و هاو بەرێوەبەری، تولێرانس (پێکەوە هەڵکردنی)، ئەو ناوچەنایان مۆر کرد.

پێشەوا بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی کۆمار بپارێزێ؛ بەپێی هەل و مەرج - لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران گفتوگۆی کرد. بەڵام قازی لە گەڵ حەمە ڕەزاشای دژە کورد، "قوام السطنە"ی فێڵبازی چاو بە کورد هەڵنەهاتوو، بەرە و روو بوو. قازی محەممەد لەگەڵ دام و دەزگایەک و دەسەڵات بەدستانێک سەروکاری هەبوو، کە لە بیری ئاسیمیلاسیۆن (تواندەوی) کورد دا بوون.

سەرەڕای ئەو زانیاریانە قازی محەممەد لە وەزعێکی غەیرە بەربەرەکانی نیزامی لەگەڵ رێژیمی شا-ی بە سەردا سەپا؛ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد تووشی زیان و کوشتاری گەورە و دەربەدەری نەبێ، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بە پێشوازی هێزە نیزامی یە خوێنرێژەکان چوون. قازی و ٥٠ کەس لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدا بوون؛ هەتا هەزاران کەس قوربانی تۆلە و قینی پۆستاڵ پۆشانی سەرەڕۆی حەمەرەزاشا نەبن. قازی محەممەد وەک گاندی لەگەڵ وڵاتێکی وەک بریتانیا تەرەف نەبوو. بەو تایبەتمەندیانەی باسم کردن بەبڕوای من دەتوانیین بڵێین، قازی محەممەد گاندی کوردستان بوو. نووسین لەسەر پێشەوا قازی محەممەدو تایبەتمەندیەکانی زۆر هەڵدەگری. بەئاواتم لاوانی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتوو، بەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسایەتی یە بلیمەتەی نەتەوەی کورد و کردەوەکانی، ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا ژیاوە و چون بۆ خۆپێگەیاندن و بەرە و پێش چوونی رادەی زانیاری خەڵکەکەی و مافی نەتەوەکەی هەوڵی داوە و... چەندین بەرگ کتێب و وتاری جۆراوجۆری بە کەڵک بنووسرێ. چونکە هەر نەتەوەیەک لە رابردووی خۆی ئاگادار نەبێ، داهاتووی خۆی بۆ مسۆگەر نابێ.

شایانی باسە کە گەورە پیاوانی، وەک حەمە حوسێنی سەیفی قازی و سەدری قازی، بە فیداکاری داوتەڵەبانەی گیانیان،هاوڕێی و هاوخەباتی هەمیشەیەیان لەگەڵ پێشەوا نیشان دا. ئەوان ئەو راستیەیان سەلماند کە پێشەوا قەت نابێ بەتەنیا بێ و ئەو ڕێگایەی پێشەوا دەستی پێکرد قەت بێ ڕێبوار نابێ.

ئەو نەمرانە ئەو دەرسەیان فیری خەڵکی ئەو کات و نەوەی دوای خۆیان کرد، کە خەمخوران و ڕێبەرانی گەلەکەمان، نەتەنیا لە ژیان و خەبات دا نابێ بەتەنیا بن، بەڵکو لە گیانفداکردن و لەرێگای مافی نەتەوەیی دا مردن، نابێ بێ هاوڕێ بن.

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم**

**لێرە بوو، وا هەلکرا ئاڵای گەش و رەنگینی کورد**
**دێ بە دێ و شار بە شار رۆیی چریکەی چوار چرا**
**لێرە بوو، وا هەڵدرا سێدارە بۆ عیشق و ئەوین**
**داخەکەم کەس گوێی نەگرت بۆ دادو نالەی چوارچرا**

**سڵاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە.**
**پڕ رێبوار بێ رێ ئازادی، دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد.**

**سەرچاوەکان:**

**١- کتێبی دادگایی و بەرگریەکانی قازی محەممەد - مەهاباد لە دادگای نیزامی شا ١٨٤٧ - ١٩٤٦ کۆکردنەوەی ئەحمەد محەممەد ئەمین(رەنجیار)، بەدرئەدین ساڵح وەرگێڕان بۆ فارسی: ئەحمەد محەممەدی.**

**٢- نامیلەکانی ساڵیادی ٢ی رێبەندانی ٢٠٠٣- (حدکا) کانادا - لەندەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٠٧**

## لە یادی« ٦٤» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد



**رەزا شوان**

قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی کوڕی ئەبولقاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە، لە ساڵی ١٩٠٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری مەهاباد«سابڵاخ» لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی موکریان لەدایک بووە، دایکی لە هۆزی «فەیزۆڵلا بەگی» یە. ڕابردووی بنەماڵەکەیان لە مەهاباد دا، بۆ بەر لەچوار سەت ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.. قازی محەمەد لەشاری مەهاباد خویندنی ئایینی تەواوکردووە. دوایی بووە بە قازیی شاری مەهاباد. قازی محەمەد زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و تا ڕادەیەکیش ئینگلیزی و ڕووسیشی ئەزانی، کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی مەهاباد بوو. هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان ڕێزیان لێئەگرت، هەر لەتەمەنی لاوییەوە خۆشەویستی و ئەشقی ئازادیی کورد و کوردستان هەست و سۆزی بزواند.. قازی محەمەد ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد « ژ - ک» بوو. ناوەنهێنییەکەشی «بینایی» بوو.. هەر ئەم کۆمەڵەیەش، بوو بە ناوکی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.. کە تا ئەمڕۆش ڕۆڵێکی بەرچاوی گرنگی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا هەیە.. قازی محەمەد ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، بۆ ڕاپەڕین لەدژی ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرتی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرا ن.. بەری ئەو خەبات و کۆشش و ڕاپەڕین و ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزییەی گەلەکەمان، ئەوەبوو:

لە »٢ی ڕێبەندان» ڕێکەوتی «٢٢ی یانواری - کانوونی دووەمی» ساڵی ١٩٤٦دا، لە گۆڕەپانی قەشەنگی «چوارچرا»

لەشاری «مەهاباد»ی شیریندا، بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لەرۆڵەکانی گەلەکەمان، کە تامەزرۆ و تینووی ئازادی و سەرفرازی و دیموکراتی بوون، هیوای هاتنەدیی ئەو رۆژە پرشنگدارەیان ئەخواست، پێشەوای نەمر قازی محەمەد بە دەنگێکی زوڵاڵەوە، بەچاوێکی پڕ لەئەشکی شادییەوە، بەگەروویەکی پڕ لەشەکرە گریانەوە، دامەزراندنی «کۆماری کوردستان»ی ڕاگەیاند. ئای لەو ساتە خۆشە، لەو رۆژە پیرۆز و نەمرە، کە هەرگیز بە وشە و نووسین ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت.. چوارچراو و مەهابادیش هەتا هەتایە نازناوی پیرۆزییان پێ بەخشرا.

هەر بۆ رۆژی دوایی واتە لە «٢٣ی یانواری ١٩٤٦»دا، لە گۆڕەپانی چوارچرادا، بە دەنگی تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان، تێکۆشەری دڵسۆزی نەتەوەکەمان قازی محەمەد، بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێررا و، بە ئەوپەڕی ڕیزیشەوە نازناوی«پێشەوا»یان پێ بەخشی، کە هەر بەڕێزیان شایانی ئەو پایەیە و ئەو نازناوە بوو.. شاری مەهابادی جوان و ڕەنگین و قارەمانیش کرا بە پایەتەی یەکەمین کۆماری کوردستان.

لە کاتژمێری دەی بەیانیی رۆژی «٢٦ی سەرماوزی ١٩٤٦» دا، هەر لە گۆڕەپانی چوارچرا دا، بە ئامادەبوونی سەرکۆمار قازی محەمەد و هەموو وەزیرەکانی حکومەتی کوردستان و، چەند تیپێکی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان و، چەندین کەسانی ناودار و بەدەیان شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و، مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکانی شاری مەهاباد و، جەماوەرێکی بێ شوماری گەلەکەمان.. بە چەپڵەڕێزان و هلهەلەلێدان و بەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هاواری بژی کورد و کوردستان، بۆ یەکەمین جار ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان هەڵکرا. مارشی نەتەوایەتیمان و چەندین سروود و شیعرو گۆرانی و هەڵپەڕکێی خۆش و بەجۆش پێشکەش کران.. پێشەوا قازی محەمەدیش لەم بۆنە پیرۆزەدا وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد.. ئەم کەرنەڤاڵە تا ئێوارە بەردوام بوو.

بە دەخاوە، نەیان هێشت کۆماری کوردستان پێ بگرێ و، لەسەر پێ یەکانی خۆی ڕابوەستێ و، چەندین هیواو خەونی تری بهێنێتەدی.. بە پیلانێکی ناوخۆیی و دەرکی، بەساوایی جوانەمەرگیان کرد.. گرنگترین هۆیەیکانی هەرسهێنانی کۆماری کوردستان، خۆکێشانەوەی سوپای سۆڤیەت بوو لەناوچەی کوردستان و شوێنەکانی تری ئێراندا. هۆیەکی گرنگی تریش ئەوەبوو، هەندێک لە سەرۆک هۆزە بەزی و خۆفرۆشەکانی کوردمان ناپاکی و خیانەتیان کرد و، بوون بەجاش و چوونە پاڵی حکومەتی ئێران و، هاوکاری سوپای هێرشکەری ئێرانیان کرد..نابەرانبەریش لە هێزو چەکدا، هۆیەکی تر بوو، لەشکری کوردستان «پێشمەرگە» چەکی قورس و تەقەمەنیی پێویستیان نەبوو.

ڕەزا شای گۆڕبەگۆڕی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست و، لەجیاتی ئەوەی زمانی گفتوگۆ و دیلۆک بگرێتنەبەر، بۆ چارەسەرکردنی

دۆزی ڕەوای کوردمان، کەچی بەسوپایەکی زەبەلاحەوە، دڕندانە پەلاماری کوردستانی دا، بە هاوکاریی جاشە ناپاکەکان.. لە ڕۆژی ١٧ - ١٢ - ١٩٤٦ دا، دوژمن چووە ناو شاری مەهابادەوە. لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات.. زۆر داوایان لە سەرۆک کۆمار قازی محەمەد کرد، کە خۆی بەدەستەوە نەدات و خۆی دەرباز بکات..

بەڵام پێشەوا ڕازی نەبوو، وتی:

«چۆن من هەڵبێم و گەلەکەم لەم بارودۆخەدا ڕووبەڕووی چارەنووسی دەبێتەوە، من سوێندم خواردووە، تا دوا تنۆکی خوێنم پارێزگارییان لێ بکەم و جێیان نەهێڵم»

ئەمەیە هەڵوێستی جوامێرانەی سەرکردەی بەڕاستی دڵسۆز و گەل و نیشتمانپەروەر، کە تا دوا هەناسەی ژیانی لەگەڵ هەموو خۆشی و نا خۆشی و، لەگەڵ تەنگانە و شێنەیی و، لەگەڵ سەرکەوتن و شکستیی گەلەکەی دا بوو، بوو بە نموونەی نەمری و گیانفیدای و دلێری.
قازی محەمەد و، محەمەد حوسێن سەیفی قازی «ئامۆزای پێشەوا» و، ئەبولقاسمی سەدری قازی «برای پێشەوا» بە سەربەرزییەوە گیران.. بە ڕوویەکی خۆش و گەش و بەپێ کەنینەوە و، بە ئەوپەڕی بێ باکی و چاونەترسییەوە، ڕووبەڕووی دادگایی کردن و لەسێدارەدان بوونەوە.. شاعیری کوردستانپەروەرمان پیرەمێردی نەمر دەڵێ:

«گەورەی هیچ قەومێک وەک گەورەی کوردان – لە ڕێی وەتەن دا نەبوون بە قوربان»

بۆ دادگایی کردنی قازی محەمەد، حکومەتی ئێران، دادگایەکی سەربازیی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «پارس بەتار» دانا و، هەر خۆشیان پارێزەرێکی فارسی، نەقیبی سەربازی «سەروان شەریفی» یان بۆ داکۆکیکردن لە قازی محەمەد و هاوڕێکانی ڕاسپارد.. دەربارەی بە جەرگی و چاونەترسیی قازی محەمەد لەکاتی دادگایی کردنی دا، سەروان شەریفی دەڵێ: «قازی محەمەد پیاوێکی مەزن و دانا بوو، بە ئەوپەڕی ئازایەتییەوە دەربارەی دۆزی گەلی کورد قسەی کرد، زۆر بە بوێری و جەسارەتەوە داکۆکیی لە مافەکانی کورد ئەکرد، لە خود موختاری و مافی چارەی خۆنووسین..» هەر شەریفی ئەڵێ: «لەڕاستیدا، قازی محەمەد دادگایی ڕژێمی ئەکرد و، لە باتی بەرگری کردن لە خۆی، پرۆتستۆی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەکرد، کە بە نامەردی و بە قیزەوەنییەوە، هەڵسوکەوتیان لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد کرد» دەستەی دادگایی کردنی سەربازیی لە ئازایەتی و چاونەترسی و خۆڕاگریی قازی محەمەد و هاوڕێکانیدا، زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە لەو ساتە وەختەشدا، هەر سووربوون لە وەدەست هێنانی مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردمان.. پەشیمان نەبوون لەوەی کە لە پێناوی گەلەکەماندا کردبوویان.. هەر لەبارەی هەڵوێستی جوامێرانەی قازی محەمەد لە

کاتی دادگایی کردنیدا.. «سەروان کیومەرس سالحی» کە هەوالنێرێکی سەربازیی سوپای ئێران بوو، کە لە ناو هۆلی دادگایی کردنەکەدا ئامادەبوو،ئەنووسێ و ئەلێ: «من لە زۆربەی دادگاییەکانی مەیدانی و سەربازییەکاندا، وەک هەوالنێرێک ئامادەبوومە، بەلام هەرگیز هیچ کەسێکم نەدیوە، کە بەڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر و دلێر بێت.. لە کاتی دادگایی کردنیدا، نەیئەزانی کە ترس چییە.. زۆر بە بێ باکی قسەی ئەکرد و وەلامی پرسیارەکانی ئەدایەوە..» سەروانی پەیامنێر ئەلی، قازی محەمەد بە دادگای وت: «من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە، کە بەباوەشێکی ئاوالەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزییە بکەم، کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا ئەکوژرێم، ئەوە بەلێنێکە کە بە نەتەوەکەم داوە، لە گەلیان دا بژیم و لە پێناوی ئەوانیشدا بمرم، تازە چۆن ئامادەم کە بەلێنی خۆم بشکێنم»

**کاتێ کە سەرۆکی دادگا، بە تاوانبار توانباری ئەکات، قازی محەمەد ولامی ئەداتەوە و ئەلێ:**

**«تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئیوە ولاتان لێ داگیرکردووین»**

**ئەشلێ: «ئێرە مالی منە، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە، چۆن ئەتوانم دەستی لێ هەلگرم»..**

**هەر لەبەردەم دادگادا قازی محەمەد وتی:**

**«ئێوە قازی محەمەدێ ئەکوژن، بەلام ئەوە بزانن کە، لە هەر تنۆکە خوێنێکی مندا، قازی محەمەدێک شین ئەبێتەوە.**
**داوا لە گەلی کورد ئەکەم، خەباتی خۆی لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا یەک بخات،**
**باوەڕ بە دەولەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن.. بژی کورد - بژی کوردستان»**

ئەو کاتەی کە قازی محەمەد لە بەندیخانەدا بوو، نوێنەری ئەمریکی «جۆرج نالین» بە قازی ئەلی ئەگەر بە قسەی ئێمە بکەیت و بۆ بەرژەوندیی ئێمە کار بکەیت ئەتوانین یارمەتیت بدەین و ڕزگارت بکەین.. پێشەوا قازی محەمەدیش وەلامی ئەداتەوە و ئەلێ: «گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەک لە ولاتانی ئیمپریالیزم ناکات»
ئەو ڕۆژەی لە سێدارەدران، نوێژی بەیانییان دەکەن.. کاتێک کە ئەو سێ قارەمانە پالەوانەیان بۆ لە سێدارەدان برد.. جەلادەکان ویستیان چاویان ببەستنەوە، بەلام کەسیان نەیان هێشت چاویان ببەستنەوە. پێشەوا قازی محەمەد پێیانی وت: «هیچ شتێک نییە کە شەرمی لێ بکەم، تا لە بەردەم ڕۆلەکانی گەلەکەم و نیشتمانە خۆشەویستەکەمدا، چاوم ببەستنەوە.. حەزئەکەم لە دوا سات و لە دوا چرکەی ژیانمدا، بە ئەوپەڕی سەربەرزی و بە چاوی کراوەوە، لە نیشتمانە جوان و خۆشەویستەکەم کوردستان بڕوانم» دوا وتەی پێشەوا قازی محەمەد، ڕووی دەمی لەدەستەی دادگایی و ئەو بەرپرس

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم**

و ئەفسەرە پلەدارانەی سوپای ئێرانی داگیرکەر کرد، کە ئامادەی بینینی لە سێدارەدانیان بوون، وتی: «من لە سێدارە ناترسم.. بە هەڵواسراویش پێڵاوەکانم لە ئاستی سەری ئێوە بەرزترن»

لە ڕۆژی «٣٠ - ٣ - ١٩٤٧» دا، لە گۆڕەپانی چوارچرا دا،لە شاری مەهابادی پاڵەوان دا، پێشەوا قازی محەمەد و، محەمەد حوسێن سەیفی قازی و، ئەبولقاسم سەدری قازی لە سێدارە دران.. چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدە هەردەم نەمرەکانی کورد و کوردستانەوە.

یادی قازی محەمەدی نەمر و هاوڕێکانی هەرگیز، لە دڵ و دەروونی هیچ کوردێکی دڵسۆزدا دەرناچێت.. لە «٣٠ - ٣ - ١٩٧٩» دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی وەک «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» ڕاگەیاند. هیوادرین ئەم ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەدا بکرێت بە ڕۆژی شەهیدان قازی محەمەد «١٩٠٠ - ١٩٤٧» کورد و کوردستانپەروەرێکی کەم وێنە بوو، بیر و ئامانجی هەموو پانتایی کوردستانی گەورە بوو، لە ژوورەکەی دا نەخشەی کوردستانی گەورەی هەڵواسی بوو.. هەمیشە جەختی لەسەر برایەتی و یەکێتی و یەکڕیزیی کورد ئەکردەوە.. هانی خوێندن و خوێندنەوەی ئەدا.. داکۆکییەکی تەواوی لە مافی ژنان ئەکرد. چەند بڵێین و بنووسین لەبارەی پێشەوا قازی محەمەد، هەر کەمە و لەئاستی دلێری و دلسۆزییدا نییە.. بیری نەتەوایەتی و ڕێبازی پیرۆزی قازی محەمەد، بوون بە ئیلهام و هەوێنی خەبات و کوردایەتی، بوون بە چرایەکی گەش بۆ نەوەی ئەمڕۆمان.. بێگومان تاوتێکردن و ڕەنگدانەوەیان لەسەرنەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووشمان ئەبێت..

با ناحەزانی گەلەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، ئەم ڕاستییە باش بزانن، کە خەیاڵیان خاوە کە بتوانن چۆک بە گەلی کوردمان دابدەن.. کورد دوای هەر نوشستی و شکستیەک هەستاوەتەوە و، لەجاران بە گوڕتر و بە تینتر درێژەی بەخەبات و تێکۆشانی داوە.

هەموو ساڵێک بە ئەوپەڕی شانازی و ڕێزەوە، یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» و «ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان» و «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» ئەکەینەوە و بەرز و پیرۆز ڕایان ئەگرین.

نەمری و سەروەری بۆ پێشەوا قازی محەمەد و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

ڕسوایی و مردنیش بۆ داگیرکەرانی کوردستان.. دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی.

هەمیشە بەرز و بڵند و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان.

ڕەزا شوان - سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد - نەرویج - ٢٨ - ٣ - ٢٠١١

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ**

## لە سێدارە دانی پێشوا قازی محەممەد و ئەزموونێکی بە نرخ.



**محەممەد محەممەدیان**

یادکردنەوە لە رێبەرانی گەلەگەمان یا رووداوە مێژوویەکانی جوولانەوەی کورد تەنیا بۆ ئەوە نێیە کە رێزیان لێبگرین و یا یادێکمان لێ کردبێتەوە بەڵکو وەرگرتنی ئەزموونیشە لە خالە بەهێز و لاوازەکانیان کە تا لە درێژە دانی بزوتنەوەی کورد دا جێی سەرنج بێت و، یا بتوانێن کەلکی لێ وەربگرین.

قازی محەممەدیش یەکێک لەو رێبەرانەیە کە هەر چەند وەک رێبەرێکی هەلەکەوتوو و دڵسۆز سەیری دەکرێت و شەخسییەتی بەرز دەنرخرێت بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی رێبەرانی کورد برگە مێژووکەی بە بێ هەڵە کۆتایی نەهات!.

قازی محەممەد وەک زۆربەی رێبەرانی کورد لەپڕ نەبووە رێبەر و ناوی دەرکرد بەڵکو پێش ئەوەی بێتە رێبەری حیزبی دێمۆکرات و سەرۆک کوماری کوردستان، بناخەی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو و لەنێو خەڵک دا خۆشناو و خۆشەویست بوو. هەر بویەش کە هەل و مەرجی بۆ رەخسا هەستی بەوە کرد لەوەی کە هەیە زیاتر لە خزمەت گەلەکەی دا بێت و بەهانای داخواز و پێداویستەکانی خەلکەوە بچێت. لە کاتێک دا ئەو بەشە لە خاکی کوردستان بەهۆی شەری دوهەمی جیهانیەوە هیچ ئیدارەیەکی حوکومەتی یا لایەنێکی تری لێ بەدی نەدەکرا پێشوا و هاوبیرانی قۆلی هیمەتیان هەلمالی و بۆ دروستکردنی ئیدارە و پێ راگەیەشتن بە پێداویستەکانی خەلک و هەر وەها کەلک وەرگرتن لەو هەلە مێژوویەی کە بۆ پرسی کورد پێک هاتبوو کۆماری کوردستانیان دامەزراند.

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

بەر لە دامەزرانی کۆمار، قازی محەممەد هەستی بەوە کرد کە دروستکردنی حوکومەت، دەبێ بە هۆی قەوارەیەک یا حیزبێکی سیاسی وە دابمەزرێت. ئەم بۆچونەی پێشەوا نیشانەی ئاگایی ئەو لە چۆنێتی پێک هاتنی حوکومەتێکی پێشکەوتوو و هەر وەها بیری دێمۆکراتخوازی ئەو بوو .هەر بویەش حیزبی دێمۆکراتیان لە سەر بناخەی کۆمەلی ژکاف دامەزراند. خودی ناو نانی دیمۆکرات لەسەر رێخراوێک لەنیو کۆمەلی کوردەواری یا بە گشتی لە رۆهەلاتی ناوەراست بریارێکی ئاسان نەبوو. ئەو پێک هاتە کۆمەلایتییەی کە ئەو کات هەبوو کە دوا کەوتوویی و سیستمی عەشیرەیی بە سەری دا زال بوو بە دەگمەن کەسێک یا لایەنێک بەوێرن وەها ناوێک لەسەر رێکخراو یا پرۆسە کارەکەیان دابنێنن. هەڵبژاردنی ئەم ناوە لەسەر حیزبەکەی، دەرخستنی شێوەی بیرکردنەوە و نەترسی قازی محەممەد و هەر وەها خۆشەویستی و پتەو بوونی بناخەی کۆمەلایەتی ئەو بوو.

یەکێکی تر لە هەر لاینە بە هێزەکانی پێشوا خۆراگری ئەو لەبەندیخانەی شا دا بوو. لە مێژو دا دێومانە لەناو گەلان تر تەنانەت لە نیو کوردیش دا هەبوونە ئەو سەرکردە یا بەرپرسانەی لە ژێر هەرەشەو ئەشکەنجەدا یا بەدانی هیندە بەلینی، لەقسەی خویان لایان داوە و پشتیان لە بەلێنەکانیان کردوە. بەلام قازی محەممەد تا ئەوکاتەی چووە ژێر پەتی سێدارە بە ئامانج و بەلێنەکانی خۆی وەفادا مایەوە.

هەر چەند قازی محەممەد وەک رێبەرێکی دلسۆز و هەلکەوتووی سەردەمی خۆی ناسراوە و بەرگە مێژوویکی زێرینی بۆ کورد دروست کرد بەلام بەداخەوە بێ هەلە نەبوو، روبەروی هەلەیەک بووە کە رێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی بەجۆری هاوشێوە توشی هاتن.

قازی محەممەد لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی لە شەر دابوون ئەو بەرەو پێری لشکری شا وە چوو تا بەنێازی حەل کردنی مەسەلکە لەرێگەی وتویژەوە لە گەلێان دانیشێت. هەر وەک بارزانی نەمر لە بیرەوەریکانی دا دەلێت: بە قازی محەممەدم ووت: بروایان پێ مەکە لەگەلم وەرە و خۆت بە دەستەوە مەدە بەلام قازی محەممەد ولامی داوە: من لە ئیرە دەمێنمەوە، کاربەدەستانی ئیران بەلێنیان پێ داووم کە مەسەلکە بە جۆرێک چارەسەر بکەین.

بە داخەوە قسەکانی بەرێز بارزانی وەراست وەرگەراو قازی محەممەد کەوتە داویی وتوویژو و دانوسانەوە کە رژێمی شا بووی دانا بووە، پیلانێکی ئاسان و کەم خرج هەر وەک رێبەرانی تریش پێی پێوە بوون.

**ئەگەر قازی محەممەد خوی بە دەستەوە نەدایە دەی توانی ئەم دەستکەوتانەی بە دواوە بێت:**

**١- رزگـار کردنـی گیـانی دەیـان کـادر و ئینسـانی نـاو بەدەرەو کە لە گەل قـازی محەمـمەد وەرێ دەکەوتـن و نەدەکەوتـنە بەردەست حکومەتی ئیران و لە سێدارە نەدەدران.**

**٢- گەرانەوە و دەست پێکردنی شۆرش، هەروەک بارزانێکانی پـاش مـاوەیەک گەرانەوە بـۆ کوردستانی باشورو شۆرشی مەزنـی ئەیلولیان دەست پێکردەوە، قـازی محەممەدێش دەیتوانی بگەرێتەوە کوردستـان و ئەگەر بەوشیوەش کە لە کوردسـتانی باشـور رووی دا نەی توانیایە ،بەلام دەیتـوانی بەو تێکلاویـی کە لەگەل بـارزانێکـان هەی بـوو یـارمەتی شۆرشی ئەیلـوولی کـردایە و پرسی کوردی بەرەو پێشوە بردایە.**

**٣- راگرتنی ورە و مۆرالی نەتەوەی کوردی لە کۆردستانی ئیرانی بەرز دەهێشتەوە و خەلک چـاو ترسێن نەدەکران. هەر وەک دیمان پاش لە سێدارەدانی قـازی محەممەد و روخانی کۆماری کوردستان بۆ دەیـان سال شورش لە کوردستانی ئیران خەوت.**

**هێندە بۆ چوون هەیە لە سەر ئەوەی کە بـۆ قـازی محەمـمەد نەروێشت و یـا رێگەی مقـاومەتی هەل نەبـژارد!: بـۆ ئەوەی کە خەلکی مەهاباد کوشتار نەکرێن.**

**ئەوەی کە قـازی لە مەر بەرگری لە کوشـتاری خەلکـی مەهـاد خـۆی بەدەسـتەوە دا بۆچـوونیکی دروست نییە و تەنیـا پاسـاو هینانەوەیە بۆ ئەو هەلەیەی کە قـازی مەحەممەد توشی هات.،**

**هەر وەک ئەوەی کە بلـێن خەلکـی کوردسـتان نەدەکـوژرا ئەگەر شۆرشـی نەکـردایە، یـا ئەنفـال نەدەکـرا ئەگەر رێبەرایتـی کوردستانی باشور خۆی بەدەستەوە دایە، یا وازی لە خەبات هێنایە.**

**یا زۆرجار پێشمەرگە هەر چەنـد ژۆمارەشیان کەم ببێت لە گونـدیک گەمـارو دراون، نە لە بەر ئەوەی خەلـک نەکوژریت خـۆ تەسلیم بکەن و نە خەلکی گوندیش ئەو داوە کارییان یـا چاوەروانیـان لەپێشمەرگە هەبـوە کە خـۆ بە دەسـتەوە بـدەن و، نە رێخراوەکانی کوردیش دەستوورێکی ئەو تۆیان بە پێشمەرگەکانیان دابێت لە حالەتێکی ئاوادا تەسلیم بـن. هەر دوو لا تەنیـا لە یەک شت بیریـان کردوتە ئەویش مقامەوت یـا خۆ دەربـاز بوونە.!**

دەوابوو نە بائاسانی خۆ بەدەستەوەدان دروستە و، نە گرێ دانی کوشتاری خەلکی کوردستان بە شەخسەوە.

قازی محەممەد هەر چەند خەلکی کوردستانی بە تایبەتی خەلکی مەهابادی بەدلەوە خۆش دەویست و لە پێناو ئامانجەکانیان ئامادەی فیداکاری بوو، بەلاّم هەرگیز نە خۆی و نە بۆ خەلکی مەهاد ی قەبوول دەکرد کە بەئاسانی دەست بەدەن، و هەرەشەی دوژمن هەست و وورەی ئەوان لە بێن بەرێت.

ئەوەی راست بێت قازی محەممەد وەک رێبەرانی تری کورد فریوی بزەی دروینە و بەلینە پوچەکانی کاربەدەستانی ئیرانی خوارد و کەوتە نیو داوی بەخیال دیالۆگەوە و، بە داخەوە لە سیدارە درا. هەر ئەو داوەی کە بو سمکۆی شکاکیان دانایەوە، لە کاتیکدا کە شورشی سمائیل ئاغای شکاک لەحالی گەشە کردن دابوو رژیمی ئەو کاتی ئیران بە پیلانیکی ئاسان و کەم خەرج، بە ناوی وتویژەوە سمکۆیان بۆ شاری شنۆ بانگهێشتن کرد و شەهیدیان کرد. یا ئەو داوەی بۆ دکتور قاسملوویان دانایەو هەر بەهەمان شیوە شەهیدیان کرد. ئەوەی کە لەو پیلانانەدا فەرقی هەیە تەنیا کات، جی و شوینی رووداوەکانە.

هەمووی ئەم کارەساتانە یەک شتمان بۆ دەردەخەن کە رێبەرانی کورد بەتەواوی بە کلتور و رەوانی دوژمن ئاشنا نینو پییان وایە ئەو بزەیی کە لەسەر لیویان یا ئەو بلین و سەما کردنەی کە ئەوان دەی کەن بەراستییە. بە داخەوە رێبەرانی کورد لەدلپاکی و سەداقەت بوونی خویانەوە دەروانن هەلس و کەوتی دوژمن.

هەر ئەوەی ئیستاش هیندە لایەنی کوردی بە دەم موسیقای بزوتنەوەی سەوزەوە لە ئیران دا سەما دەکەن و پێیان وایە خەونەکانیان وەدی دێت، یا لە کوردستان باشور بە ناوی مادەی ١٤٠ و دیالۆگەوە سالهای سالە کوردیان لە چاوەروانی دا هێشتۆتەوە. هەرچەند حەلکردنی گیروگرفتەکان لەرێگای سیاسیەوە ئاسانتر و کەم زیانترین شیوەیە بەلام بۆ وەدەست هینانی مافی خۆت هیچ رێگە جارەسەریکی تر مۆدی بە سەر نەچووە، هەر وەک ئەوەی کە لە دەورانی هەنووکەیی دێمۆکراسیترین ولات بۆ هەق یا بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆیان لە شەر کەلک وەردەگرن و پێشکەوتووترین چەکەکانیان بەکاردەبەن.

**هەزارن سلاو بۆ گیان پێشوا قازی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١١

## دادگاییکردنی پێشەوا قازی، دادگاییکردنی نەتەوەی کورد



**فواد خاکی بیگی**

بزاڤی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، بۆ وەدستهێنانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەقۆناغە جۆراجۆرەکانی خەبات و تێکوشانیدا گەلێک هەورازو نشێوی بڕیوەو لەو ڕێگا پیرۆزو پڕ لە سەروەرییەشدا بە شەهیدبوونی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی، لەهیچ چەشنە گیانفیدایی و قوربانیدانێک درێغی نەکردووە. ئەوەی لەم کورتە باسەدا جێگای سەرنج و تێرامانە، ئاوردانەوەیەکە لە خەبات و بەرخودانی ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرکۆماری یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماریدا، پێشەوا قازی محەممەد، کە بەئەندێشە مودێرنو سەردەمیانەکانی لە هاوکێشە سیاسییەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی توانی لەسەر بناغە تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستان دابمەزرێنێت و بەخوێندنەوەیەکی ورد لەو فەزا سیاسییەدا، لەرۆژهەڵاتی نیشتمانی کوردان، کۆمارێکی کوردی لە گۆڕەپانی چوارچرا، لە شاری مەهاباد ڕاگەیێنێ.

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و بەشداریکردنی کاراو بەرچاوی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کارو کردەوەکانی کۆمار وەک دەستکەوتێکی نەتەوەی بووە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە نەیارانی ڕەنگاورەنگی کۆمارو پێشەوا قازی، لە سەرووی هەموویان ڕژێمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێران لەو سەردەمەدا - ڕژێمی حەمەرەزا شای پەهلەوی - بکەونە پیلانگێڕان و بیانهەوێ بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بلوێ کۆمار جوانەمەرگ و پێشەوای کۆمارو حیزبی دێموکراتیش شەهید

بکەن.

شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانی لەئەنجامی بەناو دادگایەکی فەرمایشی بڕیارەکەی دەرکراو هاتە ئاراوە کە لەواقێعدا لەو بەناو دادگایەدا ئەگەرچی پێشەوا قازیو هاوڕێیانی وەک تاوانبار دادگایی دەکران، بەڵام ئەگەر ڕەهەندە جۆراجۆرەکانی لە گۆشەنیگای جۆراجۆری سیستمی دادوەریو یاسادا هەڵسەنگێنین دەبینین نەتەوەی کورد، دادگایی کراوەو پێشەواو هاوڕێیانی وەک نوێنەری نەتەوەی مافپێشێلکراوی کورد ئامادەی ئەو دانیشتنانە ببون.

بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی واقێعبینانەمان لە هەمبەر چۆنیەتیی ڕووخانی کۆماری کوردستان و پاشان دەستگیرکردنی سەرانی کۆمارو لەسەرووی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد هەبێ، دەبێ ئاوردانەوەیەکی کورت لەسەر هۆیەکانی روخانی کۆماری کوردستان بخەینە بەرباسو پاشان بە لێکدانەوەی ئەو هۆکارانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو تاوانانەی لەدادگای فەرمایشی و ڕواڵەتی پێشەوا قازیدا، لەسەر چ بنەمایەک داڕێژراوە و نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا، بە چ شێوەیەک تاوانی بێبنەمای دراوەتە پاڵو دادگایی کراوە.

### کۆماری کوردستان لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی، ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی ڕووخا کە گرینگترینی هۆکارە دەرەکییەکان بریتین لە:

١- لە ئاستی ناوچەیی وڵاتانی تورکیەو عێراق دژایەتی خۆیان بۆ کۆمار راگەیاند، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە دێتە ئاراوە کە ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دابەش کراوە ئەگەر لەسەر زۆر هاوکێشەی سیاسی ناکۆکییان هەبێ، لەمەڕ مەسەلەی کورد هاوڕاو یەک بۆچونیان هەیەو لەو بڕوادان پێگەیشتنی نەتەوەی کورد لەهەر پارچەیەک، باندۆری پۆزتیڤی لەسەر پارچەکانی دیکە هەیە.

٢- لەرووی نێودەوڵەتییەوە، لەو سەردەمەدا وڵاتانی زلهێز بەپێی لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دژی کۆمار ڕاوەستان و تەبا بوون لەسەر بەهێزبوونی حکوومەتی ناوەندیو لەم ڕووەوە هاوکاری باشی رژێمی حەمەرەزاشایان کرد.

٣- خۆبەدەستەوەدانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان، دراوسێی کۆماری کوردستان ڕێگای پەلاماری رژێمی شای بۆ سەر کۆمارو ڕووخانی و پاشان دەستگیرکردنی پێشەوا ئاسانتر کرد.

٤- کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەو کاتەدا، لەئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی.

٥- نیازپاکی پێشەوا قازی محەممەد لە بەرانبەر دوژمنانیدا

٦- هەوڵەکانی قەوامولسەلتەنە لە مەڕ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ناوخۆی کۆماری کوردستاندا هەست بەوە کرا کە پیلانێک لە ئارادایەو مەترسی نیزیکە و پێشەوا قازی محەممەد لەو هەلومەرجەدا لە بەردەم گەلێک بڕیاری مێژوویی و چارەنووساز قەراری گرت. بۆیە لە 14ی

سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی محەممەد شورایەک بەناوی شورای شەڕ دامەزرا، شورایەک کە ئەندامەکانی ١٠ کەس بوون و شەخسی پێشەوا قازی وەک سەرۆکی شورا دیاری کرا. شورا بڕیاری شەڕو بەربەرەکانیێ لەگەڵ رژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی دەرکرد. بەڵام وادیارە مێژوو دووپات دەبێتەوە، نەتەوەی کورد لەهەموو شۆڕشەکانی خۆیدا لەگەڵ ئاستەنگێک بەرەوڕوو دەبێتەوە کە چارەسەرکردنی، هەنووکەش پاش زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە دامەزرانی کۆمار گەلێک دژوارە، ئەویش بوونی خۆفرۆش و خەیانەتکار هەر لە نێو ئەم نەتەوە بندەست و لە مێژووئەزموون وەرنەگرەدایە. کورد خۆی بەردەوام هاوار دەکات "دار خورەی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ "بەڵام لەزۆربەی نیزیک بەتەواوی شۆڕش و بزووتنەوەکانیدا، خائین و خۆفروشەکانی کوردستان و کورد کەوتوونەتە داوی رژیمە دیکتاتۆرەکانی زاڵ بەسەر کوردستانداو بەم شێوە کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤی کوردیان بردۆتە ژێر پرسیار.

پێشەوا قازی بڕیاری شەڕو بەربەرکانێی دەرکردو رێنوێنی بەرچاوی دا بە ئەندامانی شورای شەڕ، بەڵام بە داخەوە، هەندێک مەلا لە وتارو لێدوانەکانیاندا بەردەوام بیری ئاشبەتاڵیان بڵاو دەکردەوە. ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان خەیانەتیان بە کۆمارو پێشەوا کردو وەفاداری خۆیانیان بۆ سەرتیپ هۆمایونی دەربڕی. بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە مێژوودا دەبێ فەرامۆش نەکرێت کە بارزانییەکان بەرێبەرایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی وەفاداری خۆیان بۆ کۆمارو پێشەوا دەربڕیو رایانگەیاند بەهەموو شێوەیەک ئامادەن پارێزگاری لە پێشەوا قازی بکەن بەڵام پێشەوا محەممەد وتەیەکی مێژوویی دەڵێت کە دواتر لە بەناو دادگای فەرمایشیدا بە نرخی گیانی تەواو بوو. پێشەوا لە بەرانبەر مەلا مستەفا بارزانیدا رایگەیاند:

"دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام قەیدی نیە، خەڵک بە جێ ناهێڵم"

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی، ساڵێک پاش چەککرانی شارەبانی مەهاباد، کوردستان داگیرکرایەوەو کۆمار جوانەمەرگ بوو. ٢٨ کەس لە بەرێوەبەرانی کۆمار گیران کە لە سەرووی هەمووانداپێشەوا قازی محەممەد بڕیاری گرتنی درا.
بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی بەناو دادگاییکردنی پێشەوا قازیو حوسێن سەیفی قازی دەستی پێکردو ٩ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی سەدری قازییان لە تارانەوە هێنایەوە.
بە ناو دادگای پێشەوا قازیو هاوڕێیانی بە تەواوی نهێنیو لە ژووری داخراودا بە رێوەچوو. دادگایەکی بە تەواوەتی نیزامیو دوور لە هەر چەشنە سیستمێکی دادوەری کە تەنانەت رێگە نەدراوە، پێشەوا قازیو هاوڕێیانی پارێزەر بۆ خۆیان دیاری بکەن. کەسێک بە ناوی سەرهەنگ فیرووزی، سەرۆکی ئەم بەناو دادگا فەرمایشیو نیزامییە دەبێ و بەزۆر پارێزەر بەسەر پێشەوا قازیو هاوڕێیانی دەسەپێنرێت، کە لەزۆربەی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا بە روونی بەرچاو دەکەوێت کە ئەم

بەناو پارێزەرانە تەنیاو تەنیا لەخزمەتی رژێمە دیکتاتۆرەکاندان و بە وەکیلی تەسخیری ناو دەبرێن کە هەنووکەش لە بەناو دادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر رۆڵەکانی نیشتمانپەروەری کورددا دەسەپێندرێت.

١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی نەک پێشەوا قازی محەممەد، بەڵکوو نەتەوەی کوردو جووڵانەوەی نەتەوەیی - دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان دادگایی کراو بە شاهێدی مێژووو بەڵگەو دیکۆمێنتەکان لە ماوەی ١٤ ساعەتدا، پێشەوا قازی محەممەد بەرگرییەکی ئازایانەی لە نەتەوەی کورد کرد.

پێشەوا قازی بە باشی دەیزانی کە مردن چاوەڕوانیەتی، بۆیە خۆی بە بەرپرسی سەرجەم رووداوەکانی کۆمار لەقەڵەم دا تاکوو بتوانێ لە سزای هاوڕێیانی کەم بکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی پێشەوا قازی نیە کە دادگایی دەکرێ، بەڵکوو دادگاییکردنی جووڵانەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانو ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەی زۆرلێکراوی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. بۆیە بە وەفادار بوون بەو سوێندی کە لە ٢ی رێبەندان ١٣٢٤ی هەتاوی لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان خواردبووی، ئازایانەو وەک رێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرگری لە خاکو نیشتمانی کوردستان کرد.
دادگای نیزامی و سەربازی رژێمی حەمەرەزا شا ١٢ تۆمەتی بۆ پێشەوا قازی، ٣ تۆمەتی بۆ سەیفی قازی و ٤ تۆمەتی بۆ سەدری قازی دانابوو.

**گرینگترین تۆمەتەکانی پێشەوا قازی محەممەد بریتی بوون لە:**

١- بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت بە بڕی ٥١% بۆ سۆڤیەتو ٤٩% بۆ کۆماری کوردستان. بە بێ ئاگاداری حکوومەتی ناوەندی.
٢- گۆڕینو دەستکاری نەخشەی وڵاتی ئێران.
٣- دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان.
٤- هەڕەشەکردن لە شاهەنشای ئێران و راگەیاندنی شەڕ دژی رژێمی شا.
٥- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێردەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نموونە بە مەلا مستەفا بارزانی.
٦- کێشانی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەر چوار پارچەکانی کوردستانەوە، ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە.
٧- راگەیاندانی سەربەخۆیی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان.
٨- ناردن و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵاتو سەردانی سۆڤیەتو دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ باقرۆڤ، سەر کۆماری ئەو کاتی

ئازەربایجانی سۆڤیەت..

هەواڵنێری "ماهنامەی ارتش" دەنووسێت: پێشەوا قازی محەممەد جگە لەو سێ تۆمەتانەی خوارەوە، تۆمەتەکانی دیکە بە توندی ڕەد دەکاتەوەو بەرپەرچ دەداتەوە:

١- چوون بۆ باکوی ئازەربایجان و دانیشتن لەگەڵ باقرۆڤ.
٢- بوونی ئاڵای کوردستان
٣- هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ مەهاباد، ئەوەش نەک کەسێک هێنابێتی، بەڵکوو خۆی هاتووە، چونکە ئەوە کوردستانە ماڵی هەموو کوردێکەو هەر کوردێک حەز بکات لە هەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، مافی خۆیەتی، چونکە ئەوە مافی خاوەنماڵە.

بە ئاوردانەوەیەکی خێراو بە پێی بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییەکان چەند نموونە لە وتەکانی پێشەوا قازی دەهێنێتەوە، کە بە ڕاستی چلۆن ئازایانە بەرگری لە نەتەوەکەی کردووەو مێژوو شاهێدی دەدات کە وەفادارترین کەسی کۆماری کوردستانەو ئەو سوێندی لە بەرانبەر خەڵک خواردوویەتی پێی وەفادار ماوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر چاوێک لە پرسیارەکانی بەرپرسانی نیزامی بە ناوی دادگای فەرمایشی ڕژیمی شا لە پێشەوا قازی بکەین کە لە دەقی بە ناو دادگایەکەیدا هاتووە، وەدەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد دادگایی کراوە.

پێشەوا قازی لە بەرانبەر بەرپرسانی ڕژیمی شادا گوتی:

"ئێستا کە بڕیارە من لە سێدارە بدرێم، بە خاتری ئەو سۆزو بەڵێنە کە من بە میللەتەکەم داوە، بڕیارم داوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەوان بمرم"

پێشەوا قازی لە بەرانبەر ئەو بێڕێزییانەی کە لەو دادگا فەرمایشییەدا بە ئاڵای کوردستان دەکرێ بە سەرۆکی دادگا دەڵێ؛
"ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانەی کەم عەقڵی و بێشعووری ئێوە دەگەیێنێ! دڵنیا بن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگات کە بێڕێزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەم خانوویەی کە من تێدا دادگای دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدرێ و بشەکێتەوە"

لە بەشێکی دیکەی دادگاکە دا کە سەبارەت بە بازرگانی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت تۆمەت درابووە پاڵ پێشەواو کۆماری

دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

**کوردستان، پێشەوا قازی بە لێکدانەوەیەکی ورد، زۆر ئازایانە وڵام دەداتەوەو بە پێکەنینەوە دەڵێ؛ "**

**کام نەوت؟ ئێمە کام بیرو کۆمپانیای نەوتمان لە بەردەستدا بووە تا بازرگانی پێوە بکەین؟ سەیرە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ تاوان بە نارەوا بدەنە پاڵ ئێمە، تاوانو بوختانێکمان بۆ هەڵبەستن کە لانیکەم وێ بچێت! رەنگە ئێوە تاوی ئەم رووبارەی کە بە ناو شاری مەهابادا دەڕوات بە نەوت بزانن"**

**ئەوەی روونو ئاشکرایە دادگای رووکەشو فەرمایشی رژێمی شا تەنیاو تەنیا بۆ خەڵک هەڵخەڵەتاندنو نیشاندانی جۆرێک بەناو پاراستنی یاسا لە بەرانبەر بیروڕای گشتیدا بوو، دەنا هەر لە یەکەم ساتەکانی گیرانی سەرانی کۆمارو بە تایبەتی پێشەوا، بڕیاری کۆتایی لە سێدارەدانیان دەرکرابوو.**

**٣ی رێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی بڕیاری ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی دەرکرا بەڵام شەخسییەتی پێشەواو کەسایەتیی مەزنی کە بە شکۆیەکی چیاییەوە ئامادەی ئەو بەناو دادگایە ببوو، هەروا بە ئاسانی نەیدەتوانی سەردانی دادگا بە قەناعەت بهێنێت کە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. بەداخەوە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی جەللادە خوێنمژو ترسنۆکەکانی رژێمی شا دوور لە چاوی خەڵک لە گۆڕپانی چوارچرا، پێشەواو هاوڕێیانیان لە سێدارە داو ئەو رێبەرە هەڵکەوتووەی گەلەکەمانو هاوڕێیانی شەهید کران.**

**کاتژمێر ٨ی بەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ "ڕوکنی دووهەم" بە ناوی ژمارە ١٩١٢٥ رێکەوتی ١٠ - ١ - ١٣٢٦ بەرانبەر بە ٣٠ - ٣ - ١٩٤٦ لە راگەیەندراوێکدا بڕیاری لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی بڵاو کردەوە.**

**ئەگەر چی پێشەوا شەهید کرا، بەڵام رێگاو رێبازی پێشەوای نەمر بەردەوامو رێبوارانی ئەو رێگا پیرۆزە بە ئەزموونوەرگرتن لە وانەکانی پێشەوای مەزنی نەتەوەکەمان تا سەرکەوتن لە خەباتو کۆڵنەدان درێغی ناکەن.**

**سەرچاوەکان:**

**چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا ن: کاک د. قاسملووی رێبەر**
**کۆماری کوردستان ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ . ١٧ - ١٢ - ١٩٤٦ ن: حامید گەوهەری**

**سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١١**

## پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا.



**سەلاح گادانی**

**ئەم وتارەی لەبەر دەستتان دایە لە نووسینی بەرێز کاک سەلاح گادانی یە، شایانی باسە کە ئەم وتارە لە یادی شەست وپێنج ساڵەی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە سمینارێک دا بە بەشداری خەڵکێکی زۆر لە شاری ئۆرێبرۆ لە ولاتی سوئێد پێشکەش کراوە، ئەم وتارە لە چەند ڕەهەندێکەوە ئاور لە ژیانی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد دەداتەوە.**

**سەلاح گادانی**

١٠ی خاکەلێوەی ١٩٤٧ پێشەوا قازی مەحمەد سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانی سەیف قازی و سەدری قازی لە لایەن رژیمی پاشایەتی ئێرانەوە لە سێدارەدران، بەم هیوایە کە بیری کوردایەتی و کوردبوون بنەبڕ بکەن. هەرلەم ساڵەدا لە پەیووندی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا هەمدیسان نەتەوەکەمان شایدی لە سێدارەدانی ژمارەیەکی بەرچاو لەئەفسەرانی کۆمار لە شارەکانی مەهاباد، سەقز و بۆکان و هەروەها شارەکانی باشووری کوردستان بوو.

پێشەوا قازی بەر لەسێدارەدانی فەرمووی:" قازی مەحمەد دەکوژن، بەڵام زۆر پێناچێ هەزاران رۆڵەی کورد دەبنە قازی و رێبازی دەگرن و درێژەی پێدەدەن."

هەرواش بوو کورد درێژەی بەخەباتی رەوای خۆیدا و بۆ رزگاری نەتەوەکەی بێوچان خەباتی کرد و لەم پێناوەش دا هەزاران رۆڵەی کورد گیانی خویان فیدای رێبازی قازی واتە سەربەخۆیی کوردستان کردووە.

لەم رۆژەدا کە یادکردەنەوەی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوکەمانە لە پێناو سەربەخۆییدا، یادی تێکرای خەباتکارانی شەهیدمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەخێر بێت و رێگایان پڕ رێبوار. دڵنیام بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان سەرفەراز و شانازن کە نەتەوەی پێزانی کورد ئەمگناسی ئازیزەکانیانە. ئەمەگیان بەسەرمانەوە هەیە، لە بیر ناکرێن و هەمووکات بزوێن، رێنیشاندەر و هاندەری خەباتن.

لێرەدا یادی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدان دەکەمە بیانوو بۆ باسێک لە سەرکەسایەتی و باوەری پێشەوا قازی و هەروەها ئەم ئەزموونانەی بۆ ئێمەی کورد ماوەنتەوە کە لە درێژەی خەبات دا رەچاویان بکەین.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەک دا کۆمەڵێک رووداو یان کارەسات هەن کە بە باری جۆراوجۆردا کارتێکەریان لە سەر رەوت و چارەنووسیدا بووە و دەبێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ساڵی١٩٤٦ دا یەک لەم رووداوە مێژووییانەیە کە رەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر درێژەی خەباتی رزگایخوازانەی نەتەوەی کورد، هەبووە و هەیە.

جێگە وپێگەی کۆماری کوردستان و فیداکاری سەرۆک کۆمار و هاوڕێیانی بۆ هەر تاکێکی کورد بوونەتە بەڵگەیەکی مێژویی جێگەی شانازی.

٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمار و ١٠ی خاکەلێوە رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانی رۆژانێک نین کە تەنیا پەیوەندییان بە ناوچەیەک، مەڵبەندێک لە کوردستان یان خود تەنیا رێکخراوێکی سیاسی کوردستانییەوە هەبێت. پێشەوا سەرۆک کۆماری کوردستان بوو و ئامانجی کۆماریش گشت کوردستان.

بیری دامەزرانی کۆمار دەسکەوتێکی کاتی و ناوچەیی نەبوو. دەزانین هەر لە چەند ساڵی بەر لە راگەیاندنی کۆمارەوە هاوکاری وسەردانی چڕوپڕ لە نێوان رووناکبیرانی کوردی بەشە لێکدابراوەکانی کوردستاندا لە ئارادابووە. هاوکاری نێوان رێکخراوەکانی خۆیبوون، هیوا و ژێکاف، هاموشۆ و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان و سەردانیان لە ژێکاف لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتنی هاوبەشی نوێنەرانی تێکرای بەشەکانی کوردستان و لێدوان لە سەر نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو لە دالانپەر و پاشان هەڵواسینی هەر ئەو نەخشەیە لە ژووری کاری پێشەوا دا، ئەوە دەسەلمێنی کە کورد تێکرا

و هاودەنگ لەبیری رزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی دابووە و هاوخەباتی چرو پڕیان لە نێوان دابووە، بە واتایەکی‌تر، راستە کۆماری کوردستان بە پێیێ هەڵومەرجی سەردەم لە مەهاباد دامەزرا بەڵام هەڵەیە ئەگەر بە رووداوێکی ناوچەیی ئەژمار بکرێ و ئێمەی کورد بۆ خۆشمان بەهەڵە، نارەوا، و بیرتەسکانە بە کۆماری مەهاباد ناودێری بکەین.

هەروەکچۆن ئەمڕۆکە دانیشتووییەکی کرماشان، دیاربەکر یان قامیشلی چارەنووس و داهاتووی سیاسی خۆی گرێدراو بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبینێ و شانازە و لە خۆی بە نامۆ نازانێ.

خەڵکی کورد لە هەر چوارپارچەی داگیرکراوی کوردستان و هەر کوێیەکی ئەم جیهانە دا بڕژی خاوەنی ئەم دەسکەوتانەیە. کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی ئەم کۆمارە پەیوەندییەکی قوولی لێکدانەبڕوایان لەگەڵ پێناسەی نەتەوەیی گەلەکەماندا هەیە.

### بەڕێزان

پێشەوا مروڤێکی نیشتمانپەروەر رووناکبیر و دێمۆکرات بوو کە زۆر بە باشی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی سەردەمی خۆی دەناسی و بە لێوەشاوەیی و شارەزاییەوە، وردبینانە کەڵکی لێوەرگرت و بوو بە بناخەدانەری رەوتێکی دیمۆکراتیک و مودێرنی خەبات و دەوڵەتداری لە کوردستاندا. هەروەها بەڕێوەبەری جووڵانەوەی لە دەستی تاکەوە گواستەوە بۆ ڕێبەری بە کۆمەڵ.

لە ژێر رووناکایی ئەم وردبینی وخوێندنەوەیە دایە کە بەر لە راگەیاندنی کۆمار لە ٢٥ سیپتەمبری ١٩٤١ کاتێک ئەفسەرێکی بەریتانی و یەکی ئەمریکی لە مەهاباد چاویان بە قازی مەحمەد دەکەوێت، قازی گەلاڵەیەک لەمەر کوردستانێکی یەکگرتوو دێنێتە بەر باس و بەو مەبەستە داوای چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی ئەرتەشی بەریتانی لە ناوچەدا دەکات. هەروەها، لە ٢٢ی ئوکتبری ١٩٤٢ بە پێی راپۆرتی کونسولگەری بەریتانی لەتەوریز، قازی مەحمەد داوای یارمەتی لە وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا کردووە کە یارمەتی دۆزی کورد بدەن تا وەکو کورد بتوانێ ویستە سیاسییە لەمێژینەکانی خۆی دابین بکات.

لە بار و دۆخێکی لەم چەشنە دا هەرچەند کە لە یارمەتی و هاریکاری هێزەکانی رۆژئاوایی بێهیوا بووە، بەڵام لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆدا وردبینی بوێری سیاسی قازی مەحمەد تا ئەو رادەیە گرنگە کە ئەگەر خۆراگری قازی مەحمەد نەبوایە،

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپیلانی باقرۆف و پیشەوەرییەوە بە ئازەربایجانەوە دەلکاو نەیدەتوانی ببێتە نوێنگەی ویستی نەتەوەیی گەلەکەمان کە ئێستا کورد شانازی پێوەدەکات. هەر پێشەوا قازیش بوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە باوەری قوولی خۆی و پێگەی لە ناو هاورێیانیدا، سەرانی حیزبی دێمۆکراتی هاندا کە دژی ئەم داوایە بوەستن.

کاتێکیش دوای گەڕانەوەیان لە سەفەری باکۆ کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا بەتوندی کەوتنە بەرلۆمەی کاربەدستانی سۆویەتی لە تەورێز. کاتێک برایموف یەک لە نوێنەرانی سۆویەت لە تەورێز دەپرسێ لە سەر ئیزنی کێ کۆماری کوردستانتان ڕاگەیاندووە. سەیف قازی و حاجی بابا شێخ وڵام دەدەنەوە دەڵێن:

ئیوە لە ئێمە پێشکەوتووترن و هاواری ئازادیخوازیتان دونیای پڕکردوە و ئێمەش بە باوەڕ کردن بەم دروشمەی ئێوە و لەسەر ویستی خەڵکی کورد کۆمارمان ڕاگەیاندووە کە چی ئێستا کەوتووینە ژێر پرسیار. ئایا دژی ویستی گەلی خۆمان وەستابایین؟ ئەگەر ئێمە وەک کورد پێویستیمان بەیارمەتی هەیە بەو مانایە نیە کە ببینە پاشکۆی دەسەڵاتێکی دیکە. ئەگەر هەر پاشکۆ بین چ مانای هەیە کە هەر وەک بووین، نەبین.

بەڵگەیەکی دیکە کەنیشانەی زاڵ بوونی بیری یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی پێشەوا و کۆماری کوردستانە، پێشوازی کردنە لە بارزانی و بەشداركردنیانە لە کاروباری کۆماردا. ئەم هەنگاو و هەڵوێستەی پێشەاو بە پێچەوانەی داوا و چاوەڕوانی سۆوییەتیەکان بوو کە دژ بە بارزانی بوون و حەوڵی ئەوەیان بوو کە نەهێڵن بارزانییەکان لە کاروباری کۆماردا چالاک بن. بەو مەبەستە، بارزانی‌یان بە ناردراوی بەریتانیا دەدایە قەلەم چونکە حەزیان وابوو کوردستان لە بەرامبەر جمهوری ئازەربایجاندا بێ‌هێز رابگرن.

لێرە دا جێگەی خۆیەتی گرنگی رۆلی بارزانی و ئەفسەرانی کورد کە بەهانای کۆمارەوە هاتبوون، لەدامەزران و رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بایخی خۆی بدرێتێ کە بێ وێنە هەموو تواناکانی خۆیان لەخزمەت بە کۆمار و پاراستنی دا، خستە کارەوە.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو لە هەڵوێستی نەتەوەیی پێشەوا کاتی سوێند خواردنە لە رۆژی ٢ی رێبەندان دایە.

پێشەوا وەک مرۆڤێکی شارەزا بە بواری قانوونی، وەک قازییەک ئەگەر بڕوای بە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان نەبوایە سوێندی بەئالای کوردستان نەدەخوارد وکاتێکیش لەو رۆژە دا جلوبەرگ دەگۆڕێ و ئونیفۆرم دەکاتە بەری، ئەم

پەیامە دەدات کە ئەو کوردێکی موسلمانە و ئەرکی نەتەوەییەکەی چەند لە لا پیرۆزە. ئەمە رێبازێکە کە بە خۆشییەوە تا ئێستاش مامۆستایانی ئایینی کورد رەچاویانکردووە و ژمارەیان کە لەم رێبازە دا خەبات دەکەن و یان ژیانیان بەخت کردووە کەم نین.

**یەک لە سروودەکانی سەردەمی کۆمار کە رۆژانە دەخوێندرایەوە بەشێکی بەم چەشنە بوو کە دەڵێ:**

**نەفتم ئەوێ ژیانە**
**لە سرت و کرماشانە**
**باوەگوڕگوڕ دەزانێ**
**لە موسلیش دا هەمانە**

کە ئەمەش چوارچێوە و بەرنامەی کۆمار نەک هەر لەمەهاباد و رۆژهەڵاتی کوردستان دەباتە دەرێ، بەڵکوو سنوورە دەسکردەکانیش دەبەزێنێ ولە یەکپارچەیی کوردستان دەدوێ.

**هەڵوێستی پێشەوا قازی لە کاتی رووخانی کۆمار دا بەشێکی دیکەی جیگەی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە.**

بەدڵنیاییەوە پێشەوا خەڵکی کورد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی نێوان سەروک عەشیرەتەکانی کوردی بەباشی ناسیوە و لەئاستی لاوازی رووناکبیری و خوێندەواری کۆمەڵگاش بی ئاگا نەبووە. لەلایەکی دیکەشەوە بارو دۆخی نێونەتەوەیی، وڵاتانی داگیرکەر، بەرژەوندیخوازی بریتانیا ،ئەمریکا و سوویەتی لێ شاراوە نەبووە. لەبار و دوخێکی ئاوادا پێشەوا ئەندامەتی ژێکاف قەبوول دەکات و دەچێتە ناو کێشەو ململانەیەکی نێونەتەوەییەوە بەم هیوایە کە لە هەلومەرجی سەردەم بۆ کورد کەڵک وەربگرێ. بەڵام لەخەباتی سیاسی دا مەرجەکان ئەوەنین کە هەموو شتێک بەو ئاقارە دا بڕوا کە تۆ دەیخوازی بە داخەوە تا کۆتاییش کاربەدەستانی سۆویەت نەیان هێشت سنووری دەسەڵاتی کۆمار لەوەی کە خۆیان پێیان ئازەربایجان بوو تیپەربێ. واتە لە بەرژەوندی پلانی خۆیان و جمهوری ئازەربایجاندا رێگر لە پەرەستاندنی کۆمار بوون و لە بلاتەکلیفی و چاو لەدەستیدا رایانگرت. ئەو بەڵێنیانەی بۆ یارمەتی دابوویان لەدانی دەزگایەکی چاپ، ئیزگەیەکی بچووکی رادیۆ و ژمارەیەک چەکی سووک، هیچی تری وەدی نەهات.

تەنانەت کاتێک پێشەوا لە جبهەی سەرا لەگەڵ بەرپرسانی پێشمەرگە وەک ژنرال بارزانی، عومەرخانی شکاک، میرحاج و

مستەفا خۆشناو بۆ دوایین ئامادەکارییەکانی وەرێکەوتن بەرەو سنە خەریکی چاو پێکەوتن بوون، هاشمۆف لە ورمیەوە دێت و پێیان رادەگەیەنی کە دەبێ دەس‌رابگرن، وپێیگوتن ئەگەری ئەوە هەیە بەریتانیا لێتان بداو ئێمە پشتتان ناگرین و ئەگەر ئەرتەشی ئێرانیش لەبەرەکانی دیکە را هێرش بکات وا ئەرتەشی سوور پێشی پێناگیرێ. هەر لەم سەروبەندەش دا کە مناف کەریمی یەک لە وەزیرەکانی کۆمار بۆ رێکخستنی کاروباری پێشمەرگە لەرێگادا بوو و بەرەو سەردەشت دەچوو،

پەیامێکی بەپەلەی پێگدەگات کە شەڕی دژی ئەرتەشی ئێران رابگرێت.

هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان جیا لەهۆکارە ناو خۆییەکان و دەستی لە بنەوە بری کۆمەڵێک ئاغا و سەرکردە کە لە ژێرەوە لەگەڵ دوژمنان پێکهاتبوون، لە دەرجەی یەکەمدا شکستی سیاسی سۆوییەت بوو لەبەرامبەر بەریتانیا و ئەمریکادا، بێ باوەڕی بوو بە ئەم دروشمانە کە گۆیا ئەرتەشی سوور ناجی و رزگاریدەری گەلانێ ژێردەستە. فریوخواردنی سیاسی سۆویەت بوو کە بەتەمای نەوتی باکووری ئیران لە گەل قەوام پێکهات.

ئەوە سەفارەتخانە و نوێنەرانی سۆویەتی بوون کە هانی جمهوری ئازەربایجانیان دەدا کە لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا بکەونە وتوویژ و پێکهاتن. ئامۆژگارییە بەردەوامەوکانی نوێنەرانی سۆویەت بوون کە گازندەی پێشەوا و سەدری قازییان دەکرد کە نابی لە وتوێژی لەگەڵ ئێراند توندئاژۆ بن.

پێشەوا کە لە گەیشتنی هەرچەشنە یارمەتێکی ئەرتەشی سوور و جمهوری ئازەربایجان بێ‌هیوا ببوو و هەروەها پەیامەکەی هاشمۆف لە سەرا و لە هەمان کاتیشدا ئاگاداربوون لە پێکهاتنی نهێنی ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ ئەرتەشی ئێران، بە ناچار دوای کۆبوونەوەیەک و گوێگرتن بۆ رای گشتی کە لە مزگەوتی عەباس ئاغادا لەمەهاباد بەڕێوە چوو، بریاری شەر نەکردنی راگەیاند. بەم چەشنە لە رۆژەکانی ئاخری مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٤٦ دا کۆماری ساوای کوردستان کۆتایی بە ژیانی سیاسی هات. پێشەوا و ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرانی دەسبەسەرکران و درانە بیدادگاکانی حەمەرەزا شا.

پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لەپێناو ئامانجی رەوای دانا بەڵام نەیهێشت وێرانی و کوشت و کوشتار و دووبەرەکی کوردستان بگرێتەوە و بە دەردی ئازەبایجان بچێت.

کاروکردەوەی کۆماری کوردستان لەم ماوە کورتە دا و فیداکاری پێشەوا بۆ گەلەکەی بوو بە سەرچاوەی خۆشەویستی و متمانە

کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ گەڵی کورد بە ئەمەگناسی و ڕێزە و دەڕوانـنە حیزبەکەی قازی و پێوەندێکی عاتفی زۆر بە هێزیان لەگەلی دا هەیە.

کاتێک دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام درا.زۆربەی هەرە زۆری کاندیداکانی سەر بە ڕێبازی قازی لە سەرانسەری کوردستاندا دەنگی متمانەی خەڵکیان وەرگرت. هەر لەم هەڵبژاردنە دا دکتۆر جەودەت کاندیدای فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان، لە ئازەربایجانی ١٩ میلیۆنی ئەوکات تەنیا ٦٢٠٠ دەنگی هێنا.

ئێستا ٦٥ ساڵ لە سیدارەدانی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان تێپەردەبێ. ئێمە شاهیدی گۆڕانی بەرچاوین لە هەڵومەرج و موناسباتی سیاسی، ئابوری کۆمەڵایەتی نێو نەتەوەیی، ناوچە و کوردستان دا. لەگەڵ فەشەل هێنانی سیستەمی ئابووری و سیاسی وڵاتانی سوسیالستی و تەواوبوونی سەردەمی شەری سارد، جیهان بینێکی نۆی هاتۆتە ئاراوە کە لە خۆی دا هەڵگری زۆر بینین و سیستەمی نۆیە کە پەیوندندیە دیپلۆماسییەکان و بەرژەوندەی زلهێزانی رۆژئاوا و دونیای خستۆتە ئاقاریکی نوێوە ئەمەش هەلێکی نێونەتەوەیی باشی بۆ کوردستان و داهاتووەکەی رەخساندووە. بۆ بەرژەوندی کورد، کەڵکوەرگرتن و قواستنەوەی ئەم دەرتان و هەلە مێژووییانە پێویستە کورد بە وردی بە سەر ویست و بەرنامە سیاسیەکانی خۆی دا بچێتەوە. کورد دەبێ داوای روون و ئاشکرای خۆی هەبێ. ئێمە ناتوانین ویست و داخوازەکانمان لە گەڵ نەتەوەی باڵادەست و ەک یەک ببینین و هەربۆیەش ناتوانین لەگەڵیاندا خاوەنی ستراتیژی وەک یەک بین.

لێدوان و پێکهاتن لە مەر بەرنامەیەک درێژخایانی سیاسی، کەلتووری هاوبەشی کوردستانی دەتوانێ ئاستی وریایی وداخوازییە نەتەوەییەکانمان بۆخزمەت بەستراتێژی کوردستانی بەرێتە سەر. ئەم وریاییە سیاسیەی کۆمەڵگای کوردەواری دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە پشتیوانێکی بەنرخ بۆ دانوستان و دارشتنەوەی چارەنووسەکان لە دوارۆژ دا.

یادی شەهیدانی کۆماری کوردستان و تێکرای خەباتکارانی رێگای رزگاری نەتەوەی کورد پیرۆز بێت!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

## با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان



**سمایل سوهرابی**

پێشەکی بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی ١٠ی خاکە لێوە، وفاداریی خۆم بەڕێبازی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕم و سڵاوێک بەڕاددەی هەستی شۆڕشگێڕانە، پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم بەتایبەتی دایکە دڵسووتاوەکان، هیوادارم بەدرێژەدانی خەبات ئامانجیان وەدی بێنین، ئەگەر نا شەڕەفی شەهیدبوونمان بەنسیب بێ.

یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە لەلایەک وەک سروشتی مرۆڤ، لەلایەکی دیکە وەک پێویستیی مرۆڤ بەردەوام دێتە ئارا، پرسی نەتەوەیی و پاقێژگاری لەدەسکەوتە نەتەوەییەکانە، بەشێوەیەک کە بۆتە قێبازێک لەڕێبازەکان. تەنانەت زۆر وڵات هەن لەسەر سیستمی نەتەوەیی دامەزراون. کە وابوو ئەگەر بۆ وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، نەتەوەپارێزی بۆتە بنچینەی وڵات، پرسی نەتەوەیی بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گرنگیی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وئەرکی هەر تاکێکی کوردە، لەسەر هەر ئیدە و باوەڕێک بێ تێبکۆشێ نیشتمانەکەغ لەدەستی داگیرکەران و زۆرداران قزگار کا. بۆئەم مەبەستەش پێشەوا قازی محەمەد باشترین نموونەیە کە وەک سۆنبولی خەباتگێڕی لەپێناو وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆییدا سەیری بکرێ ودرێژەدەری ڕێبازی بین.

ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە سەیری مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بکەین، دەبینین شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەلام،

سعیدی نەورِسی... تـا دەگاتـە قـازی محەممەد و مەلامستەفای بـارزانی و هتد، لـە لوتکەی خەبـاتگێراندا بـوون و بزاڤـی رزگاریخوازیی گەمی کوردیان رِێبەرایەتی کردوە. چونکە باوەرِیان وابوو بەرگری لەگەڵ، لە پێناسەی نەتەوەیی، لـە سـامان، لـەکولتورو فەرهـەنگ، ئـەرکی ئـایینی و نەتەوەییـەو لەهەقانییەتـدا بـەجێ گەیانـدنی قاسپێردراوەکانی خـوای گـەورەن کـە لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانیی ستەمکاراندا رەوانە کراون. ئەگـەرچی نزیـک لـە ١٥ سـەدە بەسـەر ئیسلامدا تێپـەرِ دەبـێ، کەچی ئێستاش پتر لە ٩٠% نەتەوەی کورد موسوڵمانن، کە ئەوە خۆی لەلایەک ئەوحەقە بـەکورد دەدات کـە رێـز لـەباوەرِی ئیسلامییان بگیرێ و لەلایـەکی دیکـەوە ئـەو ئەرکـە دەکەوێتـە سـەر شـانیان کـە بـەپێی دەقـە روونـەکانی قورئـان و سوننەت بـەرگری لـە گـەڵ و نیشـتمانیان بکـەن. بـەڵام بەداخـەوە، هێنـدێک بەرِواڵـەت روونـاکبیر و هێنـدێک لـەرووحی ئیسـلام تێنەگەیشتوو، پێیان وایە دوو گوتـاری ئیسلام و سۆزی نەتەوەیی لە پـارادۆکس دان و نـاکرێ لەیـەک حاڵـدا لەکەسێکدا کۆ ببنەوە. بۆ رەدکردنەوەی ئەم شێوە بیر کردنەوە، پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵ بکەم و بەجێی ئـەوەی پێشـەوا قـازی دابـەش بکەیێن بە دوو گوتـاریدژ بەیەک، ژیـان وخەبـاتی ئەم مەزنە پیاوە بکەیێنە سەر مەشقی خەبات.

١- پێوەندیی نەتـەوەیی وئـاییینی کاریگـەری کردنـە سـەر یـەکتر، نـەک لەسـەرتربوون یـان بـەرەنگار بوونـەوەی یـەکتر، چـون مرۆڤ بێ رەچاو کردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی لە لای خوای گەورە رِێزی لێ دەگیرێ و رێ نادات سووکایەتی پـێ بکـرێ یان مافی پێشێڵ کرێ، هەروەک لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد دا، دانیشتوانی کوردستان بە کورد و غەیرە کوردەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردیدا ئوقرەیان گرتبوو. ئەوە کە مرۆڤـەکان بەشـێوەی رەهـا بـەرِێزن و مافیـان پـارێزراوە، ئامـاژەی دەقـی سـەریحی قورئانـە، (ولقـد کرمنـا بنـی آدم) واتـە ئێمـە رێزمـان لـە مـرۆڤ نـاوە، بـێ رچـاو گردنـی جـۆری ئـایین و نەتەوەکەی.

٢- بەرزترین شوناسی نەتـەوەیی هـەر گـەڵێک زمانەکەیـەتی و لەروانگـەی ئـاییینی پیـرۆزی ئیسلامییشـەوە، جیـاوازیی زمـانی گەلەکان وەک نیشانەی خوای گەورە دێتە ئـەژمار. چونکـی قورئـانی پیـرۆز لـە سوورِەی رووم، ئایـەی ٢٢، دەفەرموێت: «لـە بەڵگەو نیشانەکان لەسەر هێزی خوا بەدیهێنانی ئاسمانەکان و جیاوازیی زمانی ئاخاوتن و جۆراوجۆریی رِەنگی ئێوەیـە، کـە بـێ شک ئەمانـە بەڵگـەی سـەلمێنەرن لەسـەر گـەورەیی خـوای گـەورە لـەلای فرەزانـاکـان و بیرمەنـدان». هـەروەها نەتـەوە جیاوازەکان، تەنانەت لەنەتەوە بچووکتر، تیرە و هۆزەکـان بەگشت تایبەتمەندییەکانیانەوە خواستی خوان و پاراستنیان ئەرکی ئایینیی هەر باوەرِمەندێکە، هەروەک قورئـان ئامـاژەی پـێ دەکـات: «ئـەی خەڵکینـە ئێمـە ئێوەمـان لـە ژن و مێردێـک بەدیهێناوە و گێرِاومانن بە چەند نەتـەوە و هـۆز و تیـرە، بـە مەبەسـتی شوناسـی یـەکتر و پێکـەوە ژیـان» حجرات،١٣. لـەم ئایەتە بە روونی دەردەکەوێ، سرِینەوەی نەتەوەیەک لەلایەن هەر سیستم ودەسەڵاتێک بەتایبەت ئەگەر بەنـاوی ئـایین بـێ، یان مافی ژیان پێدان بەمەرجێک کە نەتەوەیەک بـەردەوام مەحکووم و ئـەویتریان حـاکم بێت و دەست بەسەر فەرهەنگ و

ئایین و گشت تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیدا بگێری، دەگەڵ مەبەستی دەقی قورئان، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکتر ناسینە، دژایەتیی هەیە و موسوڵمانان ئەرکدار دەکات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و ئایینی تێبکۆشن و لەکەمتەرخەمی، یان ژیان لە ژێر سێبەری حاکمی زۆردار و ستەمکار خۆبپارێزن. بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی لەسەریانە پەیامبەریتیی دادپەروەری و دژایەتی لەبەرابەر دیکتاتۆراندا بەجێ بگەیەنن و بە ئاوڕدانەوەی خەباتی مێژوویی و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی خەباتی گەلی کورد، هەروەها بۆ لەدەست نەدانی ڕەزامەندیی خوای گەورە و متمانەی خەڵکی وەک پێشەوای ئایینی، خەڵکی ڕێنوێنی بکەن و لەبەرابەر ئەم ئەرکە پیرۆزەدا خۆنەویست وفیداکار بن.

٣- کوردبوونمان لەدەستی خۆماندا نییە و ویستی خوای گەورەیە. بە پێچەوانەی ئایین دەکرێ کەسێک واز لە ئایینەکەی بێنێ و ئایینێکی دیکە بەدڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ بۆ وێنە ڕەوایە کوردێک موسوڵمان نەبێ، بەڵام ناکرێ کوردێک عەرەب، فارس یان هەرنەتەوەیەکی دیکە بێ، چون پەیامبەری ئیسلام (دخ)

«نەفرینی کردوە لە کەسێک بە ناڕەوا خۆی بەکوڕی کەسێک بناسێنێ کە لەراستیدا باوکی ئەو نییە، هەروەها نەفرینی کردوە لە گەلێک، کە ئەو تایبەتمەندییانەی کە خوا پێی بەخشیوە بیسڕێتەوە و بە ڕەزامەندییەوە خۆی بەگەلێکی دیکە بناسێ.» تێبینی مەبەست لەم فەرمودەیە بەرواڵەت بە مندلی خۆ قبووڵکردن نییە، «تبنی» چون ئەمە رەوایەو پەیامبەر بۆ خۆی بەڕێوەی بردووە. کە وابوو کوردبوونمان و کوردایەتی مەسەلەیەکی حەقە و ڕەوا نییە بۆ هیچ گەلێک مافی نەتەوایەتیی گەلێکی دیکە پێشێل بکات، تەنانەت ئەگەر لە بەربەرەکانی ودژی یەکتریش بن. چونکە قورئان دەفەرموێت: «دژایەتیی گەلێک ناچارتان نەکات کە مافیان لەبەرچاو نەگیرێ،چونکی لە بەرچاو گرتنی ماف لە خواترسی نزیکترە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێ خواپەرست بن. »

٤- لە روانگەی ئایینی ئیسلام، بۆ هەر سیستمێک دوو بنچینەی گرینگ فەرز کراوە: یەک، ئەمنییەتی ئابووری، دوو، ئەمنییەتی سیاسیی وژیانی. ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی و ئیداریی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەردەوام لە پێناوی وەدەستهێنانی ئەمنییەتی ئابووری و سیاسیدا تێدەکۆشن. بەڵام جێی نیگەرانییە خەڵکەکەمان بە گشتی و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی، وابیر بکەنەوە کە بەرپرسیارەتیی ئایینییان ناکەوێتە سەرشان لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نیشتمانەکەمان و بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی. خەراپتر لەوەش ئەگەر پێمان وابێ لەبەرابەر بێ هەڵوێستیمان و رازیبوون بە حوکمی زۆرداران لەلایەن خوای گەورەوە سزا نادرێن. چونکی خوای گەورە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی، موسوڵمانان هان دەدات و وەک مەرجی سەرکەوتنی هەر گەلێک دەستنیشانی دەکا. (قرش: ٤).

٥- هێڵی لێبووردەیی و ڕەچاوکردنی حەق، لە گۆشەنیگای ئیسلام بەڕاددەیەک بەرفرەوانە، کە بێجگە لە ڕەفتاری نادروستی هاوباوەڕان وهاونیشتمانان، خەراپەی خەراپەکەرانی نەیارانیش دەگرێتەوە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئیسلام لەدوو مەسەلەدا:

١- لەکاتی دەستدرێژی و سووکایەتی بەئایین بەگشتی ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی، زەردەشتی و تەنانەت بت پەرستی و هتد ...

٢- پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و هەوڵدانی نەیاران بۆ تواندنەوەی هەر نەتەوەیەک بەگشتی، لێبووردەیی ڕەوا نییە هیچ، بەڵکوو بەربەرەکانی وفیداکاری تاسەر مەرزی گیاندان فەرزکراوە. سەرنجڕاکێشتر لەوەش ئەم ئەرکە ئەرکی هێندێک نییە، (فرض کفایە) بەڵکوو ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکە، (فرض عین). بۆ ئەم یاسایەش پشت دەبەستین بە ئایەی ٨ - ٩ ممتحنە، (خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی لەسەر دین بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدی خۆتان وەدەریان نەناون، چاکەیان دەربارەی بکەن و بە یەکسانی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەن، خوا مرۆڤی خاوەن ئینسافی خۆش دەوێ. تەنیا هەر ڕێگەتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست ولێیان ببوورن، کە لەسەر دین شەڕیان دەگەڵتان کردو ئێوەیان لەزێدی خۆتان ئاوارە کرد و بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەس ببێتە دۆستیان، دیارە غەدر لە خۆیان دەکەن). لەکۆتاییدا پێویستە لە گیان فیدایی پێشەوا قازی دەرس وەرگرین و خۆنەویستی و گەلویستیی ئەو لەپێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بکەین بە ڕێبازی ژیانمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٢

## ١٠ی خاکەلێوەو سێ دەرسی مێژوویی



**برایم جەهانگیری**

لە مێژووی گەلانی جیهان دا هێندی رووداو هەن کە لەلایەن حیزب و لایەنەسیاسییەکان، کەسایەتییەسیاسییەکان و نووسەران و رۆژنامەوانان سەرنجی تایبەتی دەدرێتێ، لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەش دا رووداوێکی گەورەی مێژوویی سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆ لای خۆی راکێشاوە، لە نووسەرو رۆژنامەوانی ناو خۆیی و رێبەری حیزبە سیاسیەکان را بگرە تا دەگاتە دیپلۆمات و نوسەرانی بیانی، دەیان بابەت و کتێبیان لەسەر نووسیوە، تەنانەت دوژمنانیش نەیان توانێوە لە گەورەیی و عەزەمەتی ئەم رووداوە کەم بکەنەوە، ئەو رووداوە گەورەیە کوماری کوردستانە کە لە سالی ١٣٢٤ دا و لە ژێر رێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا، بە سەرۆک کۆماری پێشەوای نەمر قاز محەمەد لە چوار چرای مەهاباد راگەیەندرا. کۆمارێک کە لەماوەی نزیک بە ١١ مانگ تەمەنی پڕ لە سەروەری خۆی داخالیکی دیار و وەرچەرخانێکی گرینگی مێژووی بوو بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

تەمەنی کۆمار گەلێ کورت بوو، ٣٣٠ رۆژی زیاتر تێپەر نەکرد کە بە پیلانی داگیرکەران و بە بێ وەفایی دۆستانی مەسلحەت ویست و بە خەیانەتی بەشێک لە کارگێرانی ئەسلی کۆمار واتە هێندێک لە دەرەبەگ و سەرۆک عشیرەتەکان، هەرەسی هێنا و ئەو ئەستێرە گەشەی هیوای کوردان خامۆش کرا، ئەگەر چی بە تێک شکانی کۆمار و شەهید کردنی سەرۆک کۆمارەکەی پێشەوا قازی، خەم و خەفەت و تازییە باری و نائومێدی هەموو ناو مالی کوردانی نیشتمانپەروەری گرتەوە بەلام کاردانەوەی کۆمار لەسەر خۆزگەو ئارەزووەکانی خەلکی و ئەو شەهامەتەی سەرۆکی کۆمار بەرامبەر بە دوژمنانی کورد

نواندی، بوو بە بەیت و شیعرو پەخشان، بوو بە میژوو، بوو بە بەلگەی هەرمانی میللەتێک، بە تایبەتی هەلکردنی ئالا وەک رەمزو سیمبولی بوونی نەتەوەیەک هەلگری ئەو پەیامە بوو کە کورد نەتەوەیەکە و خاوەنی کیان و ئالایە، دیارە ئەم پەیامە لەلایەن پێشەواو رێبەرایەتی کۆمار هەم بەگوێ دوژمنان گەیەندرا و هەم بۆ بەرەی داهاتوو بوو بە ئەرک و وەزیفەیەک کەخۆی لەم رستەیە دا دەدیتەوە، تا وەدی هاتنی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان کە ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانە، زەحمەتکێشان، لاوان و رووناکبیرانی گەلی کورد، لەخەبات و قوربانی دان سل ناکەنەوە.

دوژمنانی ئازادی کە چاوییان بەرایی دیتنی حکوومەتێکی ئازاد و دێمۆکراتێکی نەدەدا بە هەزار درۆ و دەلەسە و بە فرێو و دەغەلکاری توانییان زۆر بە ئاسانی پێشەواو هاورێیانی دەداو بخەن و دەس بەسەرییان بکەن و پاشان لە دادگایەکی فەرمایشی دا و بێ ئەوەی وەکیلێک بتوانێ دیفاعیان لێ بکا بە ناو موحاکەمە کران و پاشان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ دا لە چوار چرای مەهاباد حوکمی ئیعدامیان لەسەر پێشەوا قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی بەرێوە برد. ئەگەر چی تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی ئەو تۆ لە چۆنییەتی بەرێوە چوونی دادگاو مەحاکەمەی قازییەکان لەبەر دەست دا نییە بەلام هەر بە پێی ئەو سەر چ اوانەی کە تا ئێستا لە لایەن دەسەلاتدارانی رێژیمی پاشایەتی ئەو کات دا دراونەدەرێ دەردەکەوێ کە پێشەوا زۆر ئازایانە بەرەنگاری پیاوکوژانی ریژیمی پاشایەتی بۆتەوە. د. قاسملوو لە کتێبی 40 سال خەبات لە پێناوی ئازادی و لەم پێوەندییە دا دەلێ: پێشەوا قازی لە رۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر بە چاکی لە بەر چاو بوو: یەکەم ئەوەی کە باش دەیزانی مردن چاوەروانییەتی،تاقی کردنەوەی چەندین سال خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە دەگەل دوژمنیکی زۆردار و فێلباز تێکەوتووەکە بە خوێنی ئەو و هی وەک ئەو تینووە،هەربۆیەش لەیەکەم رۆژی گیرانی را تا دادگا فەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی هەموو رووداوەکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەلەم بدا. قازی دەی هەویست بەم جۆرە هەم بە رێگاو ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاورێیانی کەم بکاتەوە، تا بەلکوو کەمێک سزایان سووکتر بکات.

دووهەم ئەوە بوو کە پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی موحەمەد نییە بەلکوو جوولانەوەی دیمۆکراتی خەلکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەلانی زۆر لێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. هەر بۆیەش وەک رێبەرێکی هەلکەوتوو بەرامبەربە جەلادەخوێنمژەکانی ریژیمی شا قارەمانانە راوەستا ودیفاعی لەکۆماری کوردستان کرد(١)

لەباری ئازایەتی پێشەوا لە بەردەم بێدادگای رێژیمی پاشایەتی دا گەلێ باس و خواس هەن و هەمووی هەر باس لە

ئازایەتی و چاونەترسی پێشەوا دەکەن لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی دا، سەرهەنگ شەریفی کە حکوومەت کردبووی بە وەکیلی قازیی محەمەد لە دادگا دا، سالی ١٩٥٦ هێندی راستی خستۆتە روو و دەڵێ : بە داخەوە بۆ قازی موحەمەد ئەو پیاوە گەورە و دانایە. قازی موحەمەد لەبەر دەم دادگا دا بەو پەری ژیری و بێ ترس دەدوا؛ لە راستیدا ئەو دادگەی دادگایی دەکرد(٢).

دیارە مەبەست لەو رستەیە کە دەڵێ ئەو دادگەی دادگایی دەکرد ئەوەیە کە لە جیاتی داگیرکەران قازی دادگایی بکەن قازی ئەوانی دادگایی دەکرد. هەر لەو بارەوە وەکیلی پێشەوا دەڵێ کە قازی نەتەنیا دیفاعی لەگەلی کورد بەلکوو دیفاعی لە تێکرای گەلانی ئێران دەکرد. ئەم وەکێلە کە خۆی یەکێک لە ئەفسەرانی سوپای ئێران بووە و مەحکەمە بۆخۆی ئەوی بۆ وەکیلی پێشەواو هاورێیانی دیاری کردبوو لە جێگەیەکی دیکە دا و لە هەمان لا پەرە دا دەڵێ: ئەو قارەمانانە بەرگرییان لە کێشە و بیرو باوەری خۆیان دەکرد بە جۆرێک کە دادگە پێی سەرسام بوو بوو، ئەوان هەرگیز لە کردەوەکانی خۆیان پەشیمان نەبوون.(٣) لە بارەی درکاندنی بەشیکی کەم لە و رووداوانەی کە هەلسوکەوتی پێشەواو هاورێیانی لە بیدادگەی رێژیمی پاشایەتی وەدەر دەخەن هەموو دەلالەت لە ئازایەتی و چاونەترسی رۆلەکانی گەلی کورد و یەکەم پێشەواو سەرۆک کۆماری کوردستان و هاورێیانی دەکەن،هەر بۆیەش تەنانەت لە کاتی شەهید کردنیشیان دا ئەو کارە لەو پەری ترسنۆکی دا دەکەن و بە دزی و بە بیانووی بەرێ کردن بۆ تاران سات ٣ی نیوە شەو دەیان هێننە شارەداری مەهاباد. کاتێ پێشەوا چاوی بە دار ئیعدامەکان(قەناره) دەکەوێ دەس بەجێ دەزانێ چ باسە و کاتێ دێتە سالۆنی شارەداری و چاوی بە پارسی تەبار دەکەوێ دەڵێ:ئێوە لە مردووەکانیشمان زەندەقتان چووە ئەگەر دەتان هەوێ ئیعدامامان بکەن بۆ بەدرۆ دەڵێن کە گۆیا رامان دەگوێزنە تاران!؟ وەک دەر دەکەوێ درۆزنی و دووروویی یاسای ئێوەیە...(٤)

دیارە لەبەر چاوی پارسی تەبار حاکمی یەکەم و بەریوە بەری بێدادگای پێشەواو هاورێیانی، پێشەوا دووبارە روو دەکاتە مەلا سەدیق و بە فارسی دەڵێ بنووسە مەلا سەدیق" با نەتەوەی کورد بزانێ کە من تا ئاخرین هەناسەی ژیانم هەر وا رۆلەی بەوەفای ئەو گەلە بووم.(٥) ئەوەی تا ئێستا و زۆر بە کورتی لەمەر مەحاکەمەو لە دار دانی پێشەواو هاورێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی باسی لێوە کرا یەکەم دەرسە کە لە سەرۆکێکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی بە جێ ماوە، ئەگەر چی دوژمنان پێیان وایە کە بەشەهید کردنی گەورە پیاوانی مێژووی پر لە شانازی گەلەکەمان دەتوانن دەنگی گەل کپ بکەن، بەلام خوینی شەهید ئاو نییە ئاگری شۆرش بکوژێنێتەوە. قارەمانانی گەل و نیشتمان بە فیدا کردنی گیان لە کاتی پێویست و لەرێگای میلەت دا گەورەترین زەبر لە پەیکەری داگیرکەرانی کوردستان دەوەشێنن وبەو لە خۆ بردووییەشیان بۆ هەمیشە دەچنە ناو دل و دەروونی گەلەوە، هەر بۆیە ئێستا کە زیاتر لەنیو سەدە بە سەر شەهید کردنی سەرۆک کۆماری کوردستان و هاورێیانی دا تی دەپەرێ ئەوان رۆژ دەگەل رۆژ هەر خۆشەویسترن تا ئەو جێگایەی کە ئێستا ئیدی بوون بە

سیمبۆلیکی نەتەوەیی.

دووهەمین مەسەلە کەپێویستە ئاوری لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەداخەوە کەسانێکی هەلپەرەست تەنها بۆ خۆ شیرن کردن لەلای کاربەدەستانی ریژیمی پاشایەتی زۆر زوو پشتیان دە وەعدەو بەلینییەکانی خۆیان کرد و نەتەنها پێشەوایان بەجێ هێشت بەلکوو لە دژی ئەو مرۆڤە مەزنە کەوتنە پیلان گێران و ئیمزا کۆ کردنەوە، ئەوان بەو کارەیان هەتا مێژوو هەیە خۆیان و تەنانەت بنەمالکانیشیان شەرمەزاری گەلی کوردستان کردووە. (ئەگەر چی بنەماڵەی ئەو کەسانە لە راستی دا هیچ پێوەندییەکیان بە رەفتاری خەراپ و هەلوێستی خەیانەت کارانەی پێشینیانی خۆیان نەداوە). ئەوەش بۆ لێورد بوونەوە و هەلوێستە دەبێ، کە ئێستا نە پێشەوا ماوە و نە زۆربەی ئەو کەسانەی کەبۆ ئەوەی خۆیان لەلای دەربار خۆشەوێست بکەن لە دژی پێشەوا تۆماریان ئیمزا کرد و پیلانیان گیرا بەلام قازی بوو بە قارەمانی میللەتەکەی خۆی و ئەوانیش قەرزدار و گوناهبار. (بۆ زانینی ناوەکان بروانە کتێبی نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاورییانی، گردەوە کۆیی و وەرگێرانی: محەمەد رەزا سەیفی قازی).

لە کەس شاراوە نییە کە یەکێک لەهۆیەکانی پێک هاتنی کۆمار ئەو هەلو مەرجە نێو دەولەتییە بو کە بەهۆی شەری دووهەمی جیهانییەوە لە ئارا دابوو و شوێنیشی لەسەر کوردستان و ناوچەکەش دانابوو، یەکەمین پالپشتی دەرەکی کۆمار یەکیەتی سۆڤیەت بوو، بەلام ئەوەی لە پێش هەموو کەسیش دا پشتی دەکۆمار کرد ودەگەل قەوام سەرەک وەزیرانی ئەوکات دا کەوتە سات وسەودا و هیچ گوێی نەدایە ئەو بزووتنەوەبە هێزەی کە بەر لە هەموو شتێک دژی دیکتاتۆری و دژی ئیستیعماری و بەگشتی دژی ئیمپریالیستی بوو، یەکیەتی سۆڤیەت بەو کردەوەی بە کوردانی سەلماند کە دۆستانی دەرەکی لەوی هەرە شۆرشگێریان را بگرە تا ئەوی هەرە خۆ پاریز، هەتا سەر دۆستی کوردان نین و هەرکات قازانج و بەرژەوەندییان دەگەل دۆستایەتی یەکی گرتەوە ئەوا دۆستن و کاتێکیش لەجێگایەکی دیکە سەوداو مامەلەیەکی باشتریان لێ هەلکەوت ئەوا دۆستایەتییەکە نامێنی، ئەوە بوو کە بۆ سەودایەکی بچووکی بازرگانی گەلێک و نەتەوەیەکیان جارێکی دیکە بە ژێر دەستەیی هێشتەوە، هەر بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هۆیانە بوو کە پێشەوا هەستی بە وەکرد دیفاع کردنی چەکدارانە فایدەی نییە و رەنگە تەنیا ببێتە هۆی وێرانی و مالویرانی زیاتر دەنا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو، ئەوە بوو کە بە راوەستان و مانەوە لە پێتەختی کۆمار دا بە پیر مەرگێکی پیرۆزەوە چوو و بەم کارەش هەم رێگایەکی نویی بۆ خەبات و بەرخۆدان نێشانی گەلەکەی خۆی دا و هەم بەم شیوە پێشی بە تۆلە ئەستاندنەوەی دەسەلاتی قین لە دلی ریژیمی پاشایەتی بەرامبەر بە گەلی کورد گرت. دیارە کۆمار و سەرۆک کۆمارەکەی بناخەی فکرو فەلسەوفەیەکیان دانابوو کە تازە بەهیچ هێز و بەهیچ لایەنێک لەمێشکی کوردان دا نەیەتە دەر،کورد نەتەوەیە و خاوەنی ئالا و خاوەنی مێژووی دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستانە. پێشەوا لەو کاتە دا کە دوژمنانی ئازادی بەرەو سێدارە دەیان برد پاش دانی ئەو

دروشمە بە هەنگاوی بە گوڕ روو بە سێدارەی بێدادی دەچێ و کاتێ دەیان هەوێ چاوی ببەستن دەلێ"ئەی خائینان من لە بەرامبەر میلەت و نیشتمانەکەم دا شەرمەزار نیم تا چاوم ببەستن... من دەم هەوێ لە دوا چرکەساتەکانی ژینم دا بە سەربەرزی و شانازییەوە چاو ببرمە نیشتمانە خۆشەویست و جوان و دلرفێنەکەم کە چۆن بەرۆکی شەوە زەنگ و تاریکی دا دەدڕێ.(٥)"

## سەرچاوەکان:


١- چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی ل ١١٩ د.قاسملوو

٢- بارزانی لە مەهابادەوە... بۆ ئاراس ژێر نووس ل ٢١١ نووسینی نەجەف قۆلی پەسیان، وەگێر شەوکەت شیخ یەزدین.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەرە

٤- نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاورییانی، گردەوە کۆیی و تەرجەمەی محەمەد رەزا سەیفی قازی ل ٧٠

٥- سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٣


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان بیری ئازاد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٢

## یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟



**جەمیل ئەحمەدی**

ئەمساڵیش لە حاڵێکدا بیرەوەری تاڵی ١٠ی خاکەلێوەمان یادکردەەوە کە ترووسکایی نووری هێوای سەرکەوتنمان هەر کزە و رزگاری نەتەوەکەمان ئامانجێکە کە بە حەسرەتەوە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگەمان بە ئاوات دەخوازرێ! پێیم وایە هەرکام لە ئێمە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە ئەم پرسیارە مۆعتەرزەمانە کوتووە یان بیستووە کە بۆچی یادە مێژوویەکانمان هەر بە پەیام و هەڵپەڕکێ یان داگیرساندنی مۆمێک تێپەر دەبێ!؟ بە لە بەرچاو گرتنی بابەتەکە لە روانگەیەکی گشتیترەوە، دەتوانین بڵێین پرسەکە خۆی لە قەیرانی نەبوون و هەوڵ نەدان بۆ دارشتنی بەرنامەی ستراتیژی دەبینیتەوە. رەنگە ئێمەی کورد وا راهاتووین لە گەمەی سیاسیدا گرینگییەکی ئەوتۆ بە لایەنی ستراتیژی نەدەین، یان بەواتەیەکی دیکە کۆییەک لە فاکتەرەکان لە درێژایی مێژووماندا وامانی راهێناوە کە ئەم پرسە داوێنگیرمان بێ.

هەندێ کەس پێیانوایە هۆی بنەمایی ئەم گرفتە لەوەدایە کە خوێندنەوەی مێژوویمان لاوازە و کەسانێکی دیکەش کزی باری ئابووری بە بنەما دەگرن. ئەگەرچی هەردووی ئەم ئیدیعایانە لە دیدی مندا تەواو کەری یەکترن و هیچ دژایەتیەکی گەوهەرییان لەگەڵ یەکدا نیە. بۆیە لێرەدا لەگەڵ ئاگاداریمان لە باری چەند فاکتەری بابەتەکە، بەحوکمی موناسبەت و بە مەبەستی بابەتیانەتر کردنەوەی پرسەکە، لەئەسلی چەند رەهەندی چاو دەپۆشین و تێدەکۆشین خوێندنەوەیەکی خێرامان هەبێ لەسەر کارتێکەری لاوازیی خوێندنەوەی مێژوویی و لێکەوتنەوەی لاوازی لە بیری و بەرنامەی ستراتیژمان و لە ئاکامدا بە ئایدیالیزە بوونی کردەی سیاسەتی کوردی. هەروەک لە دەرئەنجامدا تێدەکۆشین بەهاوردنەوەی نموونەیەکی

زیندوو هەڵئێنجراوێکی لۆژیکی بەدینە دەستی خوێنەرەوە.

سیاسەتی رۆژبەڕێکردن ووەک خاڵی بەرامبەری بیری ستراتیژی، خەسارێکی مەزنە لە سیاسەتی ئێمەدا شۆڕ بۆتەوە و جەستەی هێواکانمانی وا تەنیوە کە هەندێ جار ئەوەندە تووشی ناهۆمێدیمان دەکا کە دەست لە پەلەقاژە دەکێشین و بە هیوای قەزا و قەدەر تەسکینی خۆمان و داماویمان دەدەین و لەچاوەڕوانیی مونجیبیەکدا هەست بە زیندوویی دەکەین!

سیاسەتی رۆژبەڕێکردن و نەبوونی بیری ستراتیژی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی تووشی "ئایدیالیزم"ی پەتی کردووە. بە جۆرێک یان" ریال پۆلیتیمان" لەبیرکردووە یان تێگەیشتنێکی پێچەوانەمان لێ پەیدا کردووە و بە چەشنێک سیاسەتی خۆکەمزانی و پاشەکشەی بەردەوام لە بەرامبەر دوژمندا، بە واقیعگەرایی سیاسی دەزانین. دیارە ئەمە بە ئەو واتەیە نیە کە سیاسەتمان وەکوو کورد دەبێ بەتاڵ بێ لە ئایدیالیزم بە تایبەتی ئایدیالیزمی ئەخلاقی. خودی بابەتی خەباتی شۆرشگێڕانە و خۆبەختکردنی ئاگاهانە لە رێ ئەرکی پیرۆزی رزگاری نەتەوەیدا لەراستیدا گەوهەرێکی ئێدیالیستی هەیە و شەهیدگەلی سوورخەلاتمان ولە سەرووی هەموویان شەهید پێشەوا وەک سەمبۆلی ئەم تەوەرە دەناسرێن کە ئەگەر بە دروستی تێی بفکرین لە ناخی خۆیاندا دینامیزمێکی بەهێزی مەیدانی کردوە و خەباتی پراکتیکن.

بەداخەوە نەبوون یان لاوازی خوێندنەوەی مێژوویی لە سەر بڕگەگەلی جیاوازی مێژوویی نەتەوەکەمان وای لێی کردووین یادکردنەوەی ئەم قوناخانە بە بێ شرۆڤە و لێکدانەوە، زیاتر لە جاران تووشی بناژۆخوازییەکی دەمارگرژانە (کوردایەتی خەیالی)، مەزلووم نوێنییەکی کوێلەئاسایەنە و یان لە باشترین حاڵەتدا پرۆپاگاندایەکی حیزبی و تەسکین دانەوەیەکی خۆخەڵەتێنمان کردووە.

١٠ی خاکەلێوە بە هەبوونی تایبەتمەندیە شازەکانی دەرفەتێکی زێڕینە - لە ئەگەری هەبوونی ئێرادەیەکی عەمەلیدا - دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەوەیکە پێلاقەگەلی سیاسەتمان لەسەر زەوی دانین و لە رێڕەوێکی راست و رەواندا هەدایەتی بکەین و هۆمێدی لە دەست رۆیشتومان بە چنگ بێنینەوە.

## گرینگترین تایبەتمەندیگەلی ١٠ی خاکەلێوە:

### ١) کەسایەتی سەمبۆلی و تایبەتمەندی رەفتاری سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد:

پێشەوا قازی یەکێ لەو دەگمەن ڕێبەرانەی خاوەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەری لە ٦٦ ساڵ بەر لە ئێستا بوو کە بە واتای پڕپێستی ووشە بۆ خەڵک ژیا. زانایی شەخسی و دەرکی قووڵی لە کۆمەڵگەی کوردی و تێگەیشتنی لە نایەکگرتوویی سیاسی - کۆمەڵایەتی و هەوڵی بێووچانی بە مەبەستی دروستکردنی نەوعێک لە هاوسەنگی بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی دووبەرەکی و پەرش و بڵاوی(کە بەداخەوە تێیدا سەرنەکەوت و گیانی پاکی بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لەو پێناویدا بەختکرد) لەگەڵ ئاستی بەرزی هەست بە بەرپرسیاریەتی وەکوو ڕێبەر و تەجریبەیەکی جێی شانازی لە بەڕیوەبەری سیاسی، بە گشتی کەسیەتییەکی کاریزمایی و خەڵک پەسەنی لەو دروست کردوە و میحوەرییەت و قورسایی سیاسی مەزنێکی پێی بەخشیوە، بە چەشنێک کە کەسایەتی پێشەوا لە چوارچێوەی حیزبی تێپەڕیوە و بۆەتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخماندا.

ڕەوش و ڕێڕەوی سیاسیی - ئەخلاقیی پێشەوا نموونەیەک بوو لە جۆرێک لە هاوسەنگی نێوان واقیعگەرایی و خەونگەرایی. بە گشتی داستانی کارەساتباری ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی هەتاوی لە دوو لایەنەوە یارمەتیدەری هزر و کردەوەی سیاسی ئەمرۆژمان دەبێ:

**یەکەم**: لایەنی ئایدیالیستی: کردەی ئاگایانەی قازیی نەمر و بە پیرەوە چوونی مەرگ، وەکوو کردەیەکی سیاسی بە مەبەستی بەرگری لە خەڵک و نیشتمان و بە پێکۆڵ (چالش) کێشانی دوژمن لە مەیدانێکی نابەرامبەردا، نموونەیەکی فیداکارانەیە لە ئەخلاقی ڕێبەری لە کاتی قەیراندا. کردەوەیەک کە دەڵێ ڕێبەر هاوبەشە لە سەرکەوتندا و بەرپرسیارە لە بەرامبەر مەترسی و شکست دا.

**دووەم**: لایەنی ریالیستی: خوێندنەوەی هۆکارەکانی شکستی کۆمار، بە تایبەتی نایەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەکوو یەکێ لە هۆکارە بنەماییەکانی تێکرووخانی و خولقانی ١٠ی خاکەلێوە تەجریبەیەکەی بە نرخە کە ئەگەر لەگەڵ تێگەیشتن لە مەترسییاکانی ئێستای کۆمەڵگەمان یەکبخرێن، کەمترین وانەی ئەوەیە کە لە دوای ٦٦ ساڵ خەباتی پرووکێنەر (فەرسایەشی) لۆژیکی "هێز لە یەکگرتندایە" لای ئێمەی کورد کاڵ بۆتەوە و لە برگەیەکداین کە زێدەمان نەکوتووە ئەگەر بڵێین: "مانەوەمان لە یەکگرتندایە"

٢) دەسپێکێک لە کوردایەتی مۆدێرن و نەبوونی ڕەقیبی سیاسی: ئەگەرچی لەباری مێژووییەوە قازی یەکەم سکرتێری گشتی حدکا بووە و ئەو حیزبە خۆی بە دامەزرێنەری کۆمار دەزانێ، بەڵام بە پێی ئەوەیکە مێژوویەکی درێژی بە سەردا هاتووە، تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی پێشەوا کە لە برگەی یەکەمدا باسمان کرد و لە ئەنجامدا، خودی واقیعی کۆماری کوردستان

وەکـوو دەسپێک و تەنیـا تەجـربیەی مـۆدێڕنی دەسـەڵاتداریەتی خۆمـاڵی کە وەک خۆرەتـاوێـک تیشکی وزەبەخشـی هـزری کوردایەتییە، سنووری حیزبی ناوبراوی بەزاندووە و هەستیاری نەرێنیی سیاسی لای حیزبەکانی دیکە زۆر کز بـووە. هەربـۆیە تێگەیشـتن و پێکهـاتن لە دەوری ئەم بـڕگە مێـژووییە، واتە ١٠ی خـاکەلێوە و کۆمـاری کوردسـتان گەلێـک ئاسـانترە لە هەر خـاترەیەکی مێژوویـی دیـکە. سـەرەڕای ئەمـانەش کـاریگەری و جەزەبەیەک کە لەلایەن خەلـکەوە بە نیسـبەت شەخسـی پێشەواهەیە، وای کردووە کە خۆدزینەوە و نکۆڵی کردن لەم بڕگەیەی مێژوومان لای هەر حیزب و پێکهـاتەیەک کە ئیـدەعای کوردایەتی دەکا، لەلایەن خەڵکەوە بێ وەڵام و کەم تێچوو نابێ.

٣) گرینگی تەجربیەی مێژوویی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەنـدان ١٣٢٤ تـا ١٠ی خـاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتـاوی)و هەبـوونی پاشخانێک لە دەسەڵاتدارەتی دوفاکتۆی خۆماڵی: شەخسیەتی دوفاکتۆی بەسەرهاتی کۆماری کوردستان نموونەیەکی مێـژوویە کە لەگەڵ ئەوەیشـدا سـاڵانێکی زۆری بەسـەردا هـاتۆە، بەڵام سـەرەڕای ئەوەیـش دەرفەتێکـی کـردەکیە بـۆ خوێنـدنەوە و توێژینەوەی زیـاتر.

لە ئەگەری دروست بوونی هەر هاوبەشییەک و تەفاهۆمێکی سیاسی لەدەوری ئەم بەسەرهاتەدا، ئەم پێکهـاتنە دەتـوانێ هەم هەڵگری پەیام و واتـایەکی بەهێز بێ بۆ دۆست و دوژمن و هەم بنەمـاییەکی بەنـرخ بـێ بـۆ کـاری هاوچەشن و گەورەتـر لە ئایەندەی چاوەڕوانکراوی ناوچەدا.

٤) دەرفەتێـک بـۆ پراکتیزەکردنـی گۆڕەپـانی سیاسـی: بەپێـی ئەو خـاڵانەی لە پێشـدا هـاتن و بە ئـاماژە کـردن بەپێویسـتی هەنـووکەیی کـۆمەڵگە و پـانتـایی سیاسـییمان، بەپەسـەند کردنـی ١٠ی خـاکەلێوە وەکـوو ڕۆژی شـەهیدان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، جیـای لە پێـدانی بـایەخی مەعـنەوی وەکـوو بەرز ڕاگرتنـی بیـرەوەری شـەهیدانمان، کەمتـرین بـایەخی دیـکەی دەربـازبوونە لە ئایدیالیزمی ڕووت و پەتی سیاسی و دۆزینـەوەی دەرفەتێکی بەکـردەوە بـۆ چـوونە نێـو مەیـدانێکی بەرێنتـری کاری هاوبەش لە سەر ئەساسی لایەنگەلی عەینی و زەینی مەوجوود.

بـۆیە ئەگەر بـێم و بەمەبەسـتی شیکاری زۆرتـر، نمـوونەیەکی زینـدوو و بابەتیـانە لە ئایـدیالیزمی پەتـی لە پـانتـایی سیاسەتی کوردیدا بێنمەوە، دەتوانم ئـاماژە بە پرسی بەرەی هـاوبەش بـۆ هێـزە سیاسـەیەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بکەم. پرسێک کە چەندین ساڵە لە گۆڕەپانی ئەم مەیدانە بێ گوڵەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتدا لە نیـوان ئەم هێـزو و ئەو هێـزدا ئـاڵ گۆر دەبێ و بەدەر لە خولانەوەیەکی بێ واتـا هیچ سوودێکی نەبووە. تەنـزی داسـتانیش لەوەدایە، هێنـدی جـاریش ئەم پرسە بە شەڕە حیزبی دەرازێندرێتەوە و ڕوومەتێکی کۆمێدیش دەگرێتە خۆی.

**بۆیە پێیم وایە:**

**یەکەم**: کردەی سیاسیی ئێمە دەبێ هاوسەنگ بکرێ و لەگەڵ هاوردنە کایەی بیری ستراتیژی، دەرفەتێک بە دیدی رەخنەگرانە بدرێ و سیاسەتی دوو جەمسەری سفر و سەد وەلا بنرێت و لاسەنگی واقیع گەرایی سیاسی قورستر و مەیدانی دروشم بەرتەسک بکەینەوە.

**دووەم**: ١٠ی خاکەلێوە و برگەگەلی هاوچەشنی مێژوومان دەتوانێ دەرفەتگەلێکی زێڕین بێ بۆ پێگەیشتن و کاری هاوبەشی سیاسی.

**سێهەم**: کردەگەلی سیاسی وەکوو راگەیاندنی کەمپەینی" ١٠ی خاکەلێوە بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان " باش و بەجێیە بە مەرجێک:

١- حەرەکەتێکی شێلگیر بێ و نەچێتە چوارچێوەی پرۆپاگەندای حیزب یان گرووپێکی تایبەتەوە.

٢- تووشی ئایدیالیزمی سیاسی نەبێ و ریالیزم (واقیع گەرایی) بخاتە سەردێڕی ئەرکییەوە، واتە مادام لە ئێستادا بارودۆخی کۆدەنگی چوارپارچەی کوردستان نەگونجاوە و تەجربەی نەسەرکەوتووی لەم چەشنەمان لە هەنبانەدایە، باشتر وایە ئەم ئەرکە پیرۆزە لە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بخرێتە بەرباسی جیدی و کۆدەنگی بۆ پێک بێنین کە ئەگەر وا بکەین هۆمێدی بە کوردستانی کردنی لە چوارپارچەیشدا زیاتر دەبێ.

سەرچاوە: ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٢

## شەست و پێنج چڵە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گڵکۆی پێشەوامان



**نزار کوێستانی**

شەست و پێنج ساڵە کۆتری کاکۆل سپی رۆژهەلات، گەردنی بەرزی بۆ ئازادی کرا بە دارا لە مەهاباد. پێشەواکەم گەرچی شەهید بوونت لە نێو دڵما مەکۆی بڵێسەی ئاخ ودەردانە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەمبولی سەربەستی هیوای کوردانە.

لە ئاخیر هەناسەتدا ئەو کاتەی تەنیا بوی و نیگات بریە خاکی خەمگینی کوردستان. ئێستا تۆزێ سەر هەڵبرە و چاوە چاوەروانەکانی سەربەخویی کوردستانت بە ئەسپایی هەڵ بهێنە کەوا ملیون، ملیون چاوی دڵ دەروانننە بالای بەرزی بەرزتر لە لووتکەی خەزایی. هەزاران هەزار کەو بە هونراوە وپەخشان لە داوێنی دالاهۆ وشاهۆو قەندیل و ئارارت و دوندی سیپان، قاسپە قاسپیان دێت ودەکەن باسی حەماسەی گیان بەخشینت لە پێناوی پاراستنی گیان ومالی گەلی نیشتمان.

سەر هەڵبرە و بروانە باشووری مەزن چلون نەمامی ساوامان، کۆرپەی کۆمارە ساواکەی کوردستانمان داری پر لە لق وپۆپی نیشتوەتە سەر گول وبەرێ بۆ ژیانمان.

پێشەواکەم گەرچی بە تەمەن، تەمەنێ زۆرت نەبوو، بەلام تەمەنت لە تەمەنی، گەلەکەم درێژترە، گەرچی دەستە بووی، بەلام بەرزایی بالاکەت بەرزتر لە لووتکەی چیاکانی کوردستانە بیرت هەلۆیەکی بەرزەفر وتیژبالتر لە بالی هەموو هەلۆکانی ئەم ئاسمانە. کانیاوی کردارەکانت ئەوەندە پاک وبێ خەوشن، ئێستاش جوبار وچۆمەکان، بگرە دەریاچەی وان و

ورمێ و ئێستاش دوکان لەو سەرچاوەیەت بۆ پاراو بونیان هەمیشە دەنۆشن.

ئەی خاکەکەم خاکی قازی مەحەممەدە بێ باکەکەم رای بژێنە وبی لاوێنە لێرە سنەوبەریکی هەمیشە سەوزیی چیمەنیی، پوپ بەربووەوەی بە سەرشانا، لات میوانە، داربادامە شیرینەکەی پر پەنجە لە شکۆفە وگولە ئەرغەوانیت تووش بووی تووشێکی خەزانە.


پێشەوا گیان وێنەی خۆرێکی زەمنیی
بێ تیشکت ناژیم ودەژیم هەر دەمێنی
ناردن بۆ تۆرە کۆمەلایەتیەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٢

---

## سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانی دا

**بە بۆنەی دەی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانییەوە.**



**ئاشق ئیسماعیلی**

بەرەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەو کاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەرەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقوڵاغ"ی دە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی، داری بێدادیان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی، نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێرانیان، لە سێدارە دا.

پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵومنداڵی هاونیشتمانانی دا بکاتە قوربانی، لە ژێر داری ئیعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیان دا حەشار دابوو.

ڕەنگە ئەو کات و لەو هەلومەرجە دژوار و سامناکە دا کە کۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی کورد کارەساتێکی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتکەی سەرکەوتن دا دەدی، مانا و نێوەرۆکی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو

نەبوون، بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەکانی قۆناخەکانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەو وتانەی پێشەوا قازی‌یان باشتر ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی کوردستان، لەو کاتە دا کە دێوەزمەی مەرگی لە بەرامبەر خۆی دا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە درۆشمدان نەبووە و پێشبینی‌یەکی کردوە، کە دواتر بە تەواوی ڕاستبوونی دەرکەوتووە.

پێشەوا فەرمووی: "ئێوە بە لە سێدارەدانی من تەنیا قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نیە کە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد قازی محەممەدێکە و ڕێگای ئەو خەباتە درێژە دەدا"

لە ڕاستیش دا هەر وا بوو. ئێستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە شەش دەیە بە سەر ئەو کارەساتە دا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی قازی لە مێشک، هەڵسوکەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی کورد دا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش کە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵکرا، ئێستاش لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد دا دەشەکێتەوە.

**پاشان کاتێک ویستیان چاوی ببەستن، ئەوجار قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:**

**"ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانم دا شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن دڕ بە تاریکی دەدا. بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاریی کوردستان!"**

ئەو وتەبەرزە ئەوەندە بەهێز بوو، کە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕووحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێکەڵ بوو. هەر لەو کاتە دا شنەیەکی نەرمی بەهاری لە " کلکەی خەزایی" و "مەحموودکان"ـەوە هەڵی کردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەکانی دەم جۆگەکانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش کرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەرڕووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و کوردستان بڵاو بۆوە، خۆی بە هەموو ماڵە کوردێک دا کرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی کوردستانی لە دڵی کوڕان و کچانی کورد دا چاند.

لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی ئێستاش تازیەدار دەکا و شەبەقی زێڕینی خۆی بە سەر "چوارچرا"، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆمار دا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە رووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کڕنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبواری ڕێگای دەبا و پاشان نێوەرۆکی پەیامەکەی پێشەوا لە توێی تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:

**"تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"**

**یان:**

**"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە!"**

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٢

---

## مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان



**مستەفا شڵماشی**

**مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان**
**چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان**

ئەو هۆنراوەیە کە دەکرێ بڵێین داهێنانێکی هونەرییە بە شێوەی هۆنراوە، وێدەچی لە وەسیەتنامەی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد وەرگیرابێ.

خاوەنی ئەم هۆنراوەیەش، واتە نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد بۆخۆی هەریەکێک لە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا بووە. پێشەوا لە وەسیەتنامەکەی دا نێوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە بە هەمو لاوانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بۆ ژیان بمرن، نەک بژین بۆ مردن.

پێشەوای مەزنی گەلەکەمان بۆ خۆی وەک سەردارێک دەچێتە سەردار و بۆ ژیان دەمرێ و ژیانی ژێر چەپۆکی و خۆ بەدەستەوەدان قەبوڵ ناکا. ئەو لە دادگای بێ دادگایی حەمەڕەزاشادا لە جیاتی پاڕانەوە بۆ درێژەدانی ژیان، بە گژ داگیرکەران دا دەچێتەوە و لە ڕاستی دا موحاکەمەیان دەکا. بە دەنگێکی بەرز بەسەریان دا دەگوڕێنێ و لە جیاتی ترسان، ئەوان دەترسێنێ. هەر لە سەرەتای بەناو داگایی کردنەکەی دا بێباکی خۆی لە بەرامبەر مردن دا ڕادەگەیەنێ و جا ئەو کاتەیە کە لە لوتکەی بەرزی سەرفرازی ڕا پە یامی عەداڵەتخوازیی خۆی بە هەمو دنیا ڕادەگەیەنێ.

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

پەیامی لێبڕاوانەی پێشەوا ئەوەندە بە بڕشت و بە هێزبووە کە تەنانەت دیواری نەهێنیکاری و پەردەپۆشی دام و دەزگای حەمەڕەزاشاشدەبڕێ و هەر لە زمان بەکرێگیراوانی خۆیەوە بەرەو دنیای ئازاد باڵە فڕکێ دەکا. بەخۆڕایی نییە کە سەروان کەیومەرسی ساڵحی ویژدانی دەجوڵێ و ناتوانێ لەخۆبوردوویی و ئازایەتی پێشەوا پەردەپۆش بکا و تەنانەت لە لیباسی ئەرتەشیی هەمان ڕژیم دا کە بێ تاوان پێشەوا شەهید دەکا، پەردە لەسەر جینایەتی ڕژیمەکەی و ئازایەتی و لە خۆ بوردویی پێشەوای مەزنی کورد هەڵدەداتەوە. ئە و ئەفسەرەی ڕژیم دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسی‌یەش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

گەورەیی پێشەوا لەوە دا دەردەکەوێ کە تەنیا گەلەکەی خۆی ئیقرار بە دڵسۆزی و بە جەرگی ئەو ناکا، بەڵکو دوژمنەکانی و خەڵکی بێگانەش مەجبورن سەری تەسلیم لە بەر دەم ئەو ڕوحە گەورەیە دانەوێنن. هەروەکو ئارچی ڕۆزوێلتی ئەمریکاییش کە بۆ خۆی هاتوەتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوتوە دەڵێ:

**وا دەردەکەوێ کە قازی محەمەد بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، ئە وڕووناکبیرێکی لەسەر خۆو زانایە بە بیرێکی نێونەتەوەیی و کراوەوە.**

پێشەواقازی محەمەد لەو پەڕی دەسترۆیشتویی و ژیانی خۆشەوە ڕێگای گیانبازی و لە خۆ بوردوویی هەڵبژارد. ئەو ڕێبەرەمەزنە لە یەکێک لە بنەماڵە بە ئیمکاناتەکانی ناوچەی خۆی بو. هیچ کەم و کوڕییەکی لە ژیان دا نەبوو دەیتوانی لە چاوەڕوانی مردن دا خۆشترین ژیانی سەردەمی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام بەڕاستی نەژیا بۆ مردن، بەڵکو ئامادەبو بمرێ بۆ ژیانی گەلەکەی و مانەوەی ئەبەدیی خۆی. کەوابو لە مەیدانی تاقیکاری دا پێشەوای سەروەر نێوەڕۆکی ئەو هۆنڕاوە پڕ نێوەڕۆکەی بە نمایش داناو بیگومان ئەو هۆنڕاوە داستانی لەخۆ بوردویی پێشەوا نەخشاندویەتی.

لە دەی خاکەلێوەی هەرساڵێک دا پێویستە سەری نەوازش بۆ ئەو قارەمانە ئاشتیخواز و لە خۆ بوردویە دانەوێنین و پەیمان لە گەڵ ئەو بلیمەتە و هەمو ڕێبوارانی شەهیدی تازە بکەینەوە کە بە ڕێبازەکەی وەفادار دەبین و تا بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژە دەری ڕێگایان دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

## ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە.



لوقمان زەهرایی

**بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ٦٦ مین ساڵرۆژی شەهیدانی کوردستان**

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ - ٣ - ١٩٤٧ی زایینی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆککۆماری کۆماری دێموکراتێکی کوردستان وێرای حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆمار و ئامۆزای پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا ونوینەری مەهاباد لە مەجلیسی شورای میللی لە تاران لە چوارچرای مەهاباد راست لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ راگەیاندبوو بە فەرمانی رێژیمی داگیرکەروکوردکوژی حەمەرەزاشا لە سێدارە دران. ئامانجی سەرەکی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و هەڤاڵانی لە گۆرنانی بیری نەتەوەیی و شوناس خوازی کورد و کوردستانی بوو کە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی پێناسەی دەکرد. کۆماری دێموکراتێکی کوردستان رەد کردنەوەی سیاسەتی مل هورانەی قەومی حاکم بوو کە هەموو ئێرانی بۆخۆی دەویست و هیچ کەس و گروپ ونەتەوەیەکی دیکەی غەیری خۆی قەبول نەبوو. کۆماری کوردستان دژایەتی کردنی راستەوخۆی سیاسەتی بە یەک نەتەوەکردنی ئێرانی فرە نەتەوە بوو. سیاسەتێک کە رێژیمی حەمەرەزاشا بە پشتیوانی ئیستعماری کۆن واتە بریتانیا و ئامریکای تازە زل هێزی دونیا بەرێوەیان دەبرد. تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا بە هەر نرخێک بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان "نەتەوەی ئێران دروست بکەن". هەرئەوەی ئەمرۆ لە ناو قەومی باڵا دەست و نژادپەرەستەکانی دا بە "ملت ایران" باوە وبۆ راگرتن و پاراستنی ئەو بە ناو "ملت ایران" پێویستیان بە پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بە زەبری لەشکەرکێشی و

شەڕوکوشتار و زیندان و ئێعدام و قەلاچۆکردن هەیە.

کۆماری کوردستان ئەو پەیامەی بە دەولەتی داگیرکەری پەهلەوی دا کە کورد خاوەنی زمان و فەرهەنگ و مێژوو و نیشتمانی خۆیەتی و ئامادە نابێ مل کەچی دەولەتێک بێ کە حاشا لە شوناسی نەتەوەیی ئەودەکا ودەیهەوێ سیاسەتی "یەک نەتەوە و یەک ئالا و یەک زمان" لە سەرحیسابی توانەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێ بەجێ بکا. لە راستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی فارسی بوو کە ئامانجی سرینەوەی شوناس و هۆوییەتی کوردی بوو. کۆمارێک کە لە دڵی کوردستان هەڵقولابوو و بە دەستی رۆلەکانی ئەو گەلە دامەزرابوو، نەک هەر خواست و ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پشت بوو، بەڵکوو پێناسەی راستەقینەی کوردی بوو لە هەمبەر داگیرکەری نیشتمانەکەی کە لە هەموو بارێکەوە لە گەڵ کورد جیاوازە.

لە یەک کەلام دا کۆماری کوردستان لە ئاکاروکردەوە دا بە تەواوی دەولەتێکی سەربەخۆو جیاواز بووە و بە هیچ جۆرێک لە ژێر کاریگەری دەولەتی ناوەندی دانەبووە و خۆی سەربەخۆ جۆری پەیوەندییەکانی بە ولاتانی دەوروبەر و یەک لەوان یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. ناوەند یان پایەتەختی کۆمار مەهاباد بووە. بوونی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیرو کابینەی وەزیران و ئالای جیاواز، سوپای میللی کە لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو بە تەواوی لە لەشکری داگیرکەرو کوردکوژی پەهلەوی جیاواز بووە. بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێردەستی کۆمار، خویندن وپەروەردە بە زمانی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و چەندین گۆڤاری دیکە سەربەخۆیی ئەو کۆمارە لە دەولەتی ناوەندی کە شایەتی بووە بە تەواوی دەردەخا.

بەڵگە فەرمییەکانی کۆمار و رۆژنامەی کوردستان کە زمانحالی کۆماربووە سەربەخۆبوونی کۆمار لە دەولەتی تاران بە تەواوی دەسەلمێنن و ئەوەش مەسەلەیەک بووە کە هیچکات بۆ رێژیمی حەمەرەزاشا قابیلی قبوڵ نەبووە. کورد لە ماوەی ١١ مانگ دەسەلاتی کۆماری کوردستان دا هەستی بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی وەکوو کورد کردووە و ئازادی و سەربەستی لە سەر زێدونیشتمانی خۆی لە نەبوونی دەسەلاتی داگیرکەری تاران بە گۆشت و خوێن بە تەواوی هەست پێکردووە. دامەزرانی کۆماری کوردستان هەروا بە هەڵکەوت و کوت وپڕ نەبووە وبەڵکوو بەرهەمی زولم و زۆری وبێ مافی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئاکامی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بە دەستی رەزاخان و کوڕەکەی بووە کە بەلاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک دەیانویست بە قەولی خۆیان ئێران لە دەست قەوم و هۆزوعەشیرەتان ڕزگار بکەن و مۆدێرنیتە لە جێگای سوونەت و دواکەوتوویی دابمەزرێنن.

پێشەوا قازی محەممەد هەروەک چۆن لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆمار و لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٦ - ١ - ٢٢ لە چوارچرای شاری مەهاباد سوێندی خوارد بە نیشتمان و نەتەوەکەی خزمەت بکا و تاکوو سەروەفادار بێ بە ڕێبازی کوردایەتی، لە کاتی دادگای نیزامی و دواتریش چوونە ژێر پەتی سێدارە بە سوێند وپەیمانەکەی کە بە گەل و نیشتمانەکەی دابووی هەروا وەفادارمایەوە و ئامادە نەبوو بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆی نەتەوە و نیشتمانەکەی بە داگیرکەر بفرۆشێ. بەرەنگار بوونەوەی پێشەوا قازی لە کاتی دادگای فەرمایشی ڕێژیمی داگیرکەر و هەڵوێستی ئازایانەی و بۆیەگژ داچوونەوەی بەرێوەبەرانی دادگا ئەو راستییە دەردەخەن کە پێشەوا قازی نەک لە کارو کردەوەکانی و دامەزرانی کۆماری کوردستان و ڕێبەری کردنی ئەو کۆمارە پەشیمان و پاشگەز نەبۆتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی کوردی بۆکوردانی ڕۆژهەلات بە مافی خۆیان زانیوە. لەبارەی ئازایەتی و نیشتمانپەروەری پێشەوا قازی لە دادگا دا چەندین کەس راوبۆچوونی خۆیان لەوبارەوە نووسیوە و هەموویان ستایشی ئازایەتی و نەترسی پێشەوا قازی دەکەن کە چۆن بەرێوەبەرانی دادگای فەرمایشی ڕێژیم داگیرکەری تووشی تورەیی و زەبوونی کردووە وئەوان لە ئاست بەرگری نامەی پێشەوا قازی داهیچ وڵامیکیان نەبووە وبە ناچار سووکایەتی وبێ حورمەتیان بە پێشەوا وبە کۆماری کوردستان و بە نەتەوەی کورد کردووە.

"نەجەفقولی پەسیان" لە چەند ڕستە دا باس لە هەڵویستی ئازایانەی پێشەوا قازی لە دادگای فەرمایشی ڕێژیمی داگیرکەری پەهلەوی دادەکا ودەلێ "لە کاتی دادگا دا قازی محەممەد بەرپەرچی سیاسەت و ئاکاروکردەوەی دەولەتی تارانی دەدایەوە و پێی دەکوتن" من لە قوژبنی گرتووخانە دا دەنگی خۆم لە دژی دەولەتی تاران و سەرۆکەکانی بەرزدەکەمەوە و دەلێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین". کاتێک سەرۆکی دادگا پێشەوا بە خەیانەت تاوانباردەکا، لە وەڵام دا پێشەوا قازی دەڵێ: "ئێرەماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیرو ئەجدادی منە، چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا گەلێک مەسەلەی گرینگ و هەستیاری باس کردووە وکە ئێستاش و بۆ سەردەمی ئێمەش هەرتازەن و کورد و سەرانی ئەحزابی کوردی دەبێ بیکەنە چرای ڕێگای خەبات وتێکۆشانیان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان. وتەکانی پێشەوا قازی هەم ڕووی لە نەتەوەکەیەتی و هەمیش ڕووی لەوانەیە کە خۆیان بە داگیرکەر فرۆشتووە. پێشەوا قازی دەفەرمێ "بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن، یەکگرتوو بن و پشتیوانی یەکتربن. لە بەرامبەر دوژمن دا رابوەستن و خۆتان بۆ ماڵی دونیا بە دوژمنان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ئێوە بەکاردێنێ ودوای ئەو ئێوە وەکوو زبڵ و پاشماوە وان. دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زالم و نامەردو بێ ویژدانن. رەمزی سەربەرزی هەر نەتەوەیەک یەکێتی و بەیەکەوە بوونە. ئێوە نەتەوەی کورد چتان لە

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

نەتەوەکانی دیکە کەمترنیە. ئازایەتی وپیاوەتی ولە خۆبردوویی ئێوە زۆر زیاترە. ئەوگەلانەی کە ڕزگار بوون، تەنیا یەکگرتوو بوون وبەس. دوژمنانی نەتەوەی کورد لە هەردەستەو گروپ و ڕەنگ و نژادێک بن، هەر دوژمنن. بێ ڕەحم وبێ ویژدانن وئێوە بەگژ یەکتردادەکەن بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن. بە وادەوبەڵێنی درۆزانە ئێوە هەڵدەخەڵەتێنن. لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە تاکوو جەوەرئاغای برای و هەمزەئاغای مەنگور و چەندین قارەمانی دیکە فریوی ئەو زاڵم و مەلعونانەیان خوارد و ناجوامێرانە شەهیدیان کردن. هەمووی ئەوانەیان بە سوێند و قورعان فریودا. ئاخر ئەمانە کەی دەزانن سوێندو قورعان چیە. دڵنیابن، ئەگەر دوژمن هەنگوینتان پێ بدا، تێکەڵ بە ژەهرە. ئەگەر دوژمن هەزارجاریش سوێند بە قورعان بخوا، مەبەستی هەرلە ناو بردنی ئێوەیە. کورد بوون لای ئەوان تاوانە و هەربۆیەشە سەروگیان و ماڵتان بە حەلال دەزانن. خەیانەت بە یەکتر مەکەن، نە خەیانەتی سیاسی، نە ماڵی و نە ناموسی. دەست لە خەبات هەڵمەگرن، تاکوولە ژێر دەستی ڕزگارتان دەبێ. ماڵی دونیا هیچ نیە. ئەگەر ولاتێکتان هەبێ و سەربەخۆیتان هەبێ، ماڵ و خاک و نیشتمان هەمووی هی خۆتانە. ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ. هەم ماڵ و هەم سەروەت، هەم دەولەت و هەم ئابروو و هەم نیشتمان".

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژە بە دووخاڵی یەکجار گرینگ دەکا کە بۆتە هۆی رووخانی کۆماری کوردستان و لەو بارەوە دەفەرمێ. "ئەوان چون نەتوانن لە مەیدانی شەڕ ڕووبەرووی ئێوە ببنەوە، بۆیە پەنایان بۆ درۆ و فریودان برد. شا و دارودەستەکەی بە دەیان جار پەیامیان نارد کە ئامادەی وتووێژ و دانوستانن و ناخوازن کە شەڕ بیتە ئاراوە وخوێن برژێ. من دەمزانی کە درۆدەکەن. ئەگەرخەیانەت و فریوخواردن و خۆفرۆشی کۆمەلێک لە سەرانی عەشیرەتەکان نەبا، کۆمار هەرگیز شکستی نەدەهێنا".

بە داخەوە ودوای ٦٦ ساڵ لە شەهید کرانی پێشەوا وقازی و هەڤالان و شەهید بوونی بە هەزارانی دیکە، کورد هەرلەو بازنەیە دا دەخولێتەوە کە پێش ٦٦ ساڵ لەمەبەر پێشەوای نەمرلە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژەی پێ کردووە. نەبوونی یەکگرتووی لە نێو ئەحزابی کوردستانی، دووبەرەکی، یەکتر قەبول نەکردن، خۆفرۆشتن و جاشێتی، سیاسەت کردنی هیندێک لە ئەحزاب بۆ مالی دونیا بە سەربەشەکانی دیکەی کوردستانەوە و لە خزمەت داگیرکەردابوون. پاش ٦٦ ساڵ لە دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی، کورد لە سێ پارچەی کوردستانی داگیرکراو دا هێشتا لە کەمترین مافی ئینسانی و سروشتی خۆی بێ بەشە. هێشتاش هەر کوردستان لە ژێر دەستی داگیرکەران دایە و هەر ئەوانن کە باڵادەستن و کوردیش لە جیاتی یەکگرتوویی و یەک ریزی، خەریکی خۆخۆری و دوژمنایەتی یەکترکردنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٣

## ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک



**کەریم ئەڵلاوەیسی**

نەتەوەی زۆلملێکراوی کورد لە تەمەنی پڕ لە چەرمەسەریی خۆی دا تووشی زۆر کارەسات بووە، یەک لە وان کارەساتی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی سالی ١٣٢٦ی هەتاوی‌یە. لەم ڕۆژە تاڵە دا یەکەم سەرۆک کۆماری کورستان پێشەوا قازی محمد و سەیفی قازی وەزیری دیفاع و سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مهاباد لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێران، لە پێتەختی کۆمار، مەهاباد هەر لەو شۆینە کە کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرابوو لە سێدارە دران.

شەهید دوکتور قاسملوو گووتەنی، ئەوە شەخسی قازی محمد نەبوو کە لە دادگای محمد رەزاشا دامحاکمە دەکرا، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتی خەڵکی کوردستان بوو کە دادگایی کرا، ئاوات وئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوای گەلی کورد بوو کە دادگا بە تاوانی دانان . هەربۆیەش پێشەوا وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کورستان کرد.

پێشەوا قازی محمد ڕووحی نەتەوەیی کوردی یان سیمبولی نەتەوەیی کورد کە جاروبار بە گاندی کوردستان ناو براوە زۆر تایبەتمەندیی گەورەی لە خۆی دا کۆ کردبۆوە. ئەو وەک کاریزمایەکی نەتەوەیی لە قوناغێکی مێژوویی کورد دا ڕۆڵی سەرەکی بینی و پاش لە سێدارە دانیشی توانی پانتایەکی مەزن لە مێژووی نەتەوەی کورد دا داگرێ. هێندیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

کوردستانی بوون، سەربەخۆییخوازی، دێموکرات بوون، یەکیەتی خوازی و ڕێزدانان بۆ برایەتی گەلانی ئازاد، پێشکەوتنخوازی، لێبوردوەیی و بوێری. پێشەوا لە کاتێکدا سەدا٩٠ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەواربوون، جگە لە زانست لە زۆر بواری دیکە دا زمانەکانی عەڕەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیسی، ڕووسی وفەرانسەوی زانیوە.

با قسەی چەند غیر کوردێک بێنینە بەرباس، ئەوان بەم شێوەیە لەسەر پێشەوا باس دەکەن: سەروان شەریفی یەکێک لە بەشدارانی دادگاە دەڵێ: ئەوە پێشەوا بوو بەرپرس و ئەفسەرانی دادگای محاکمە کرد و لە هەموو بارێکەوە هێنانیە ژێرپرسیار.

سەروان کیومەرس سالحی بەشداری دادگاە و هەواڵنووسی ئەو کاتی گۆڤاری ئەرتەش دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسی‌یە ش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

ئارچی ڕۆزوێلت ئەمریکایی کە خۆی هاتبووە مەهاباد وچاوی بە پێشەوا کەوتبوو لە کتێبی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەنووسێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محمد بیرو باوەرێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، لەهەمان کاتیشدا ڕۆناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو.

لەشۆنێکی دیکە باس دەکا:

پێشەوا چوارچێوەیەکی فکری زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە.

هەرکوردێک کە جگە لە تێکۆشەرانی دێرین لە زاری بەرپرسانی ڕێژیمی شایەتی، باسی گەورەیی و خۆڕاگری پێشەوا دەبیسێ کە چلۆن سەرۆک کۆماری کورد لەو دادگایە دا بەرامبەر بە دوژمن ڕاوستاوە ودیفاعی لە کورد و داوا ڕەواکانی کردوە و ئەوە پێشەوابووە کە محاکمەی دوژمنانی کوردی کردوە، بەحەق هەزاران ئافەرین بە پێشەوا وهاوڕێیانی دەڵێ و فەخر دەکا کە پێشەوا پێک هێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە هەموو بوارەکان دا جێگەی فخرو

سەربلێندی بووە بۆ کورد و کوردستان.

**جیاوازی رێبەرانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان:**

**پێشەوا لە کاتی ماڵ ئاوایی لەگەل مەلا مستەفای نەمر دا لە رۆژە ڕەشەکانی تێکچوونی کۆمار دا دەفەمووی: من خۆم فیدای خەڵک دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری ناکەم و ناهێڵم وڵاتەکەم لە خۆیندا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەسی تێکۆشەر و خەڵکی ئاسایی بە کۆشت بچن و ببنە قوربانی.**

لە سەر پێشەوا و کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی کە زۆر لاپەڕەیان لە مێژووی پڕ لە عیززەت و شەڕەفی کورد بە خۆوە گرتووە و زۆر خاڵی نەگوتراویش هەیە بۆ وێنە وەک زۆر کەس باس دەکەن پێشەوا بۆخۆی نووسەری دوو نەماشینامەی گەورە و بە بایخی:

١- سوڵتان صلاح الدین
٢- دایکی نیشتیمانە کە لە سالی ١٣٢٤ لە مەهاباد و چەند شاری دیکە نیشان دراون و ئێجگار تەئسیریان لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی جەماوەری کوردستان هەبوو.

پێشەوا دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورستان و کۆماری کوردستان ، زۆرکتیب و نووسراوەی لە سەر نووسراوە و دەیان کەس تێزی ماستەر و دوکتورایان لە سەر کارو هەنگاوەکانی پێشەوا بە تایبەت کۆماری کوردستان نووسیووە. پێکهێنانی کۆماری کوردستان و شێوە بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەی کۆمار وئەو هەموو کارە بە نرخ وبە بایخانەی کە لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ ئەنجام دران و هەروەها دادگای پێشەوا وهاوڕێیانی کە ڕاست دادگای کردنی دوژمنانی کورد وکوردستان بوو، کە هەمووی جێی خۆیەتی وەک درس و ئاموژگاری بۆ کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

عەمەلیاتی نیزامی مەلامستەفای بارزانی بە تایبەت لە کاتی تێپەڕبوون لە مەهاباد هەتا یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە ناوی (از مهاباد خۆنین تا کنارەهای رود ارس) لە زانکوکانی نیزامی ئێران بە درس دەگوتراوە کە جێگای فخر بوو بۆ کورد، پێویستە خەبات وتیکۆشان و باس لە کۆماری پر لە کەرامەتی کورد و دادگای پێشەوا و وەسیەتی ئەو گەورە پیاوەی مێژوو لە هەموو کلاسەکانی سیاسیی حیزب وسازمانەکانی سیاسیی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بە درس بگوترێنەوە و هەروەها دایک و بابەکان ئەو میراتە بۆ نەوەی ئەمڕۆ و سبەی بگوێزنەوە!

## شەهید پێشەوا قازی محەمەد، میراتێک بۆ هەموو نەوەکانی کوردستان

### دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

بە وتەی مسعود تەک سیاسەتمەداری کوردی باکوور: کورد شەهیدێکی زۆری لە ڕێگەی ڕزگاری وڵات دا داوە هەموو رۆژێک رۆژی شەهیدانی کوردستانە، بەڵام بە هۆی ئەوە قازی محمد یەکەمین سەرۆک کۆماری کورد و کۆماری کوردستانە و کەسایەتی پێشەوا قازی محمد جێگەی رەزامەندی هەموو کوردە بۆیە باشترین و گۆنجاوترین رۆژ بۆ شەهیدانی کوردستان، رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محمد ە.

**ئەرکەکانمان:**

١- هەر کوردێکی دڵسوز بە گەل و وڵات پێوستە ئامۆژگاریەکانی پێشەوا کە لە وسیەتنامەکەی دا هاتووە گرینگی پێ بدا کە کاکڵی باسەکە ئەوەیە: خۆێندن وگرینگی دان بە زانست و فێربوون. یەکیەتی و تەبایی. یەکێتی و پشت نەبستن بە دوژمنانی گەلی کورد. دەرس فێربوون لە مێژووی نەتەوەی کورد. خەیانەت نەکردن بە یەکتر. پێویستە ئەو وانانە ببێتە چرای رێ نیشاندان بۆ خەبات و تیکۆشانی هەر کۆردێک.

٢- بەهەزاران جار گوتراوە و پێشەواش رووی لە هەر تاکێکی کوردە کە تەبایی ویەکگرتن گرینگە، دیارە لە زۆربەی جووڵانەوەکانی کوردیش ئەمە یەکێک لەهۆیەکانی شکانی بوو کە چی لە هەزارەی سیهەم وسەدەی بیست ویەکم هەمان هەڵەکانی پیشوو دوو پات و سەدپات دەبێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە بۆ بەرژەوندیی گشتی ونەتەوەیی بەرژوندی تاکی و حیزبی گرینگیەکەی زۆر کەم بێتەوە.

٣- رۆژی شەهیدانی کوردستان، ١٠خاکەلێوە پێوستە ببێتەرۆژی شەهیدانی هەمووی کوردستان واتە ئی هەر چوار پارچەی کوردستان و کاری بۆ بکرێ بەتاییەتی دووحیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران ئەم داوایە بۆ حکۆمەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانی لەم داوایە بکەن. پێوستە پارلەمانی کوردستان بریاری لەسەر بدا. چالاکانی کورد لە هەر حیزب و رێکخراوێک کە کار بۆ ئەو مەسەلە بە ناوی کەمپین یان هەرناوێک دەکەن، پێوستە ئەوانیش لەم ئەرکە دا بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن.

لە ٦٥ مین ساڵیادی شەهید بوونی پێشەوا سەری قەدرزانی و حورمەت دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان بە تاییەت شەهیدانی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە و پڕ بە دڵ ئارەز و دەکەم ئاوات و ئارەزوی هەمووی ئەو شەهیدانە ودی بێ و کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی بگا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٣

# سڵاو لە گەورەیی و خاکەرایی و پاکی سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید پێشەوا قازی محەممەد



حەمەرەسووڵ کەریمی

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دا بە سەدان نووسراوە و بابەتی هەمەرەنگ و جۆراوجۆر و کتێب و نامیلکە و شێعر، هۆنراوە و سروودی شۆڕشگێڕی لە سەر وەسف و لایەنەکانی ژیانی پێشەوای هەردەم زیندووی گەلەکەمان، لە لایەن رۆڵەکانی گەلی کورد و تەنانەت خەڵکی غەیرە کوردیشەوە بڵاو کراونەوە. دوژمن و نەیارانی کوردیش بە نووسراوە و بە گووتە و بە تایبەت پان ئیرانیستەکان هەوڵی لێبراوانەی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیان بە دەست تێوەردان و جیاوازیخوازی ناوبردووە، بە کەیفی دڵی خۆیان بۆ بنکۆڵ کردنی پێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی بێ بنەما و دوور لە راستییان بڵاو کردۆتەوە و تەنانەت بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک وێنەی هەڵاوەسراوی پێشەوا و هاورێیانیان بە نێو خەڵک دا بڵاو کردۆتەوە و دەستکاری وەسیتنامە و گووتەکانی پێشەوا قازی محەممەدیشان کردووە.

ڕێبازی پێشەوا قازی، شتێک نییە کە دوژمن بتوانێ لە دڵ و دەروون و ئارەزووی خەڵک دا بیسرێتەوە، ڕێبازی پێشەوا، ڕێبازی کوردایەتی و دامەزرانی حکوومەتی کوردی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کورد بووە و ئێستاش بە ملوێنان خەڵک بەرێگە و ڕێبازە دا هەنگاو هەڵدێننەوە و بە هەزاران کەسیش گیانی خۆیان بۆ کردۆتە قوربانی.

دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە تەنیا بۆ ئەوەیە کە دوای زیاتر لە ٦٧ ساڵ لە سێدارەدانی پێشەوا و هاورێیانی ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن رۆڵەکانی کوردەوە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یادی دامەزرانی حیزبی پێشەوا، یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاورێیانی دەکرێتەوە. لەبۆنە و رێورەسمی جۆراوجۆردا وێنەی پێشەوا قازی هەڵداوەسرێن و دەبنە رازێنەرەوەی مەراسیمەکان، زۆرجار وێنەی دەستکاری کراوی پێشەوا دەبیندرێن و بڵاو دەکرێنەوە. هەندیک کەس بە بەرنامەی فوتوشۆپ وێنەی رێبەرانی کۆچکردوو و شەهیدانی گەلی کوردیان دەستکاری کردووە و تەنانەت سەر و دەم و چاویان لە سەر قالب و لەشی کەسانی دیکە داناوە لەبەر ئەوە دەستکاری جل و بەرگی ئەو رێبەرانە بکەن. ئەگەر لە راستی بگەرێین هەموویان دڵسۆزیان پێوە دیارە، بەڵام ناکرێ سەری پێشەوا قازی لە رێگای بەرنامەی فوتوشۆپەوە هەڵبگری و لە سەر جل و بەرگی نوێ و مودێلی ئێستا دابنێی، لەبەر ئەوە پۆشینی جل و بەرگی پێشەوا لە سەردەمی ژیانی دا نموونەی رەوشتی بەرزی ئەو نەمرە بووە و جل و بەرگەکانی نیشانەی کردار و ئەخلاق و کەسایەتی ناوبراو بوون.

پێشەوا کەسێکی دەست رۆیشتوو و دارا بووە، پێویست بەوە ناکا بە گۆرینی جل و بەرگ سیمای جوانی پێشەوا وا نیشان بدەین کە دەبێ وەک سەرۆک کۆمارەکانی ئەمرۆی جیهان ماشین و فرۆکەی ئەمرۆیان هەبێ جل و بەرگی ئەمرۆیی لەبەر بکەین. سەردەمی ئەو کات هەر ئەو جل و بەرگانەی دەخواست و شێوەی پۆشینی جل و بەرگەکانی زۆر جوان و سەرەدەمی و دڵگیرن، رەنگ بێ هەر ئێستا کەسانێک هەبن بۆ رێزگرتن لە جەنابی پێشەوا شێوەی جل و بەرگەکانیان بە شێوەی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگۆرن و بەم شێوەیە رێز لە پێشەوا و لە کولتوری پۆشینی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگرن. با ئێمە بە دەستی خۆمان مێژووی نەتەوەکەمان کاڵ و کەم رەنگ نەکەینەوە.

پێشەوای کوردان وێنەی جۆراوجۆری هەن، خۆزگە ئەو سەردەمیش وەکوو ئەمرۆ کەرەسەی وێنەی گرتن زۆر بایەن، بێشک هەر وەکوو چۆن ئێستا ئەگەر رێبەرێکی کورد کەسایەتی یەکی کورد لە کۆرو کۆبوونەوەیەک دەر دەکەوێ ئەوە هەموو کەس بە موبایل و کامێرا وێنەی لەگەڵ دەگرن و تەنانەت بە شێوەی زیندووش فیلمی لێ هەڵدەگرن، بێ گومان سەردەمی پێشەوا ئەو کەرەسانە هەبایەن، ئێستا پێشەواش بەدەیان و بگرە بەسەدان گرتە فیلم و وێنەی رەنگاورەنگی لێ بڵاو دەبوونەوە، بەداخەوە تاکوو ئێستا قسەکانی پێشەوا هەر بە نووسراوە بڵاو کراونەوە و بوونە وێردی سەرزمانی خەڵک، جیا لەو کەسانەی بەشداری کۆبوونەوە و متینگی راگەیاندنی حکوومەتی کۆمار بوون، کەس گوێی لە نوتقی پێشەوا لە کاتی راگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان دا نەبووە، هۆکارەکەی نەبوونی کەرەسەی پێویست و یا کەم کاری بەشی تەبلیغات و زەبتی کۆمار و حیزبی پێشەوا بووە، نوتق و وتارە بە نێوبانگەکەی لە رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ناکرێ ئێستا کەسێک بێت و بەدەنگی خۆی وتارەکە زەبت بکا و دوایە بڵێن ئەوە دەقی قسەکانی پێشەوایە بە دەنگی خۆی، بۆیە

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم**

با ئێمە هەوڵی ئەوە نەدەین مێژوو بە لاڕێ دا بەرین.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە ئەگەر وێنەی پێشەوا و کۆمار کەمن هۆکارەکەی نەبوونی میدیاکار و ڕۆژنامەوان و فیلم هەڵگر بووە. دیارە تا ئێرەش وێنەی پێشەوا و هاورێیانی کەم نین و بە پێی هەل و مەرجی ئەو کات دەتوانین بڵێین زۆریشن. ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە جووڵانەوەی کورد بە گشتی لە بواری پاراستنی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی لاواز بووە، ئەوەی ئێستاش لەبەر دەست دان ئی ئارشیوی کۆمار و یا حیزبی پێشەوا نیین، بەڵکوو لە ئارشیوی بێگانە و لە ئالبۆمی کەسە دڵسۆزەکان کۆکراونەوە. هاوکات دوژمنیش بۆ لە نێوبردنی بەڵگە و دێکۆمێنتەکان دەستی لە هیچ شتێک نەپاراستووە و ئەوەی دەستی کەوتووە یا لە نێوبردووە و یا دەستکاری کردووە. لەبەر ئەوە ڕژێمی پەهلەوەی زەبروزەنگی هەبووە، بەداخەوە بەشی زۆری وێنە و بەڵگەکان لە لایەن خەڵکەوە شاردراونەوە و یا بە دەستی هەندێک کەسی بێ ورە و لە ترسی گیانیان لە نێوچوون. ڕەوتی مێژوو هەروەک وەک مرۆڤەکان لە لاوەتی‌یەوە بەرەو پیری و بە ساڵاچوویی دەبات، هەر بەو شێوەیەش و بگرە زیاتریش وێنە شاردراوەکانی پێشەوا و هاورێیانی یا کەم ڕەنگ کردۆتەوە و یا بە سەریەکدا چرچ و لووچی کردوون و بۆتە هۆی ئەوە کە وێنەکان کەم ڕەنگ بن. سەردەمی کۆماری کوردستان وێنەکان ڕەش و سپی بوون، وێنە ڕەش و سپی‌یەکان بۆمان لە مێژوو دەدوێن و مێژوومان وەک خۆی پێشان دەدەن، با ئێمە چیدی ئەسڵی وێنەکان بە ناوی زیندوو کردنەوە بە فەرامۆشی نەسپێرین، دەکرێ وێنەیەک هەڵبگری لە سەر پاش بنەمایەکی دابنێی و پشتەوەی وێنەکە بگۆری بەڵام ناکرێ وێنەکە و تەنانەت ڕەنگی دەم و چاو و جل و بەرگەکانی بگۆڕین.

با نوێ کردنەوەی سیمای پێشەوا و هاورێیانی بۆ نیگارکێشە بە تواناکانی کورد و جیهانی بە جێ بێڵێن، بەشێکی دیار و بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد دەست ڕەنگین و هونەرمەندن و توانای نیگارکێشان و پەیکەر درووست کردنیان زۆر بە هێزە و وێنەکان وەک خۆیان دەکێشنەوە و یا پەیکەریان لێ درووست دەکەن.

نیگارکێشە بە تواناکان دەتوانن سیماکان وەک خۆیان بە جل و بەرگ و پشتی کەسەکانەوە بکێشنەوە و یا پەیکەریان لە بەرد و مەڕمەڕ و کەرەسە ڕەق و نەرمەکان لێ درووست بکەن. دیارە هەموو نیگارکێش و هونەرمەندە پەیکەرتاشەکانیش ناتوانن وەک خۆی دەقاودەق ئەو کارە بکەن، بەڵام هەن لە نێو ئەواندا کە شاکار دەخوڵقێنن و دەست ڕەنگینی و خولیای خۆیان لە کێشانەوەی وێنەی ڕێبەرێک، دیمەنێک، کەسێک و یا کەرەسەیەک دەر دەخەن و دواتر وێنەکە و یا پەیکەرەکە ساڵهای ساڵ وەک یەکێک لە باشترین نیگارەکانی جیهان دەستاودەست دەکا و بە ملوێنان وێنەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هیوادارم کە نەقتاش و نیگارکێشانی کورد هەوڵ بدەن وێنەی دەستی خۆیان بگەیێنە لووتکە و بەرزی ئەو کەسەی دەیکشینەوە یا درووست دەکەن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارسی ٢٠١٤**

## پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دوایین سەرکۆماری کوردستان لە وەسیەت نامە هەرگیز بە هێند نەگیراوەکەیدا!؟



سدیق بابایی

پەند و ئامۆژگاری ۱۰ی خاکەلێوە بۆ ئەو حیزب و لایەنانە تاران بە قیبلەی ڕاوێژ یا بەدیهاتنی خواست و ئارەزووەکانیان دەزانن!

لە دواکاتەکانی ژیانیدا پێشەوا، ئەوکات هەموو ڕاسپاردە، بەڵێن و قەول و قەرارەکان بە هۆمێدی دەستە بەری لانی کەمی ئامانجە مرۆییەکانی بۆ دواڕۆژی گەلەکەی سەرجەم لەبن داری سێدارە بەرەو ڕووی خنکان دەبینێ، حەول دەدا لانی کەم بە دەس نیشان کردنی ڕاستیە تاڵەکان نەسڵەکانی پاش خۆی تووشی بە سەرهاتی ئەو و کۆمارەکەی نەبن.

قازی وەک ئەوە بخوازێ نیشان بدات، دەزانێ خەڵکێک زیاتر لەهەموان چەپڵەیان بۆ لێدەدا وەک مێژووی دوورتر، پاش ئەویش زەحمەتە واز لە شەیدایی و تلێسمی تاران بێنن فەرموویەتی:

"بە بەڵێنی درۆزنانە ئێوە دەخەڵەتێنن. سمایل ئاغا، جەوهەر ئاغا، هەمزەئاغای مەنگوڕ..... فریوی ئەم زۆردارە

مەلعونانەیان خواردوە، ناپیاوانە شەهید کران. هەموویان بە قورئان و سوێند فریو دا.

دڵنیام پاش ئێمەش قارەمان گەلێکی دیکە هەن کە فریو بخۆن، بەڵام هیوا دارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عێبرەت لەسەرجەم خەباتگێڕانی ئازادی کوردستان پێشەوا لە وەسیەت نامە پڕ ناوەڕۆکە کەیدا دەسەڵاتی نەیاری کورد بە وتنەوەی وشەگەلی کورت بەڵام سەلمێندراو لە چەند وشە و ڕستەی پڕ بەپێستدا پێناسە دەکات.

"نامەرد، درۆزن، خیانەتکار،خاپێنەر بە بەڵێن و سوێندی درۆزنانە، فێڵبازی، بێ ئەخلاقی و...".

ئەوە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگریە بە دەیان جار وەک جەوهەری زاتی سیاسەتکاری نەتەوەی زاڵ بەتایبەت بەرپرسانی دەسەڵاتدار لەتاران بە درێژایی مێژووی دوورو نزیک لە ئەزموونە مەرگ سەرئەنجامەکانی قازی و سەرپاکی ڕێبەرانی دوور و نزیکی جووڵانەوەکانی کورد (لە مەراغە تا برلین) بە سەرهاتی خەباتی خوێناوی مافخوازانەی، بێئاکامی ئێمەی کوردی ڕەقەم لێداوە.!؟

پێشەوا لە دوا حەولی خۆیدا ئەڕای نەجات کورد لە زەلکاوی خۆ تووش کردوو تەجرەبەی خوەی دەخاتە بەر چاوی خەڵکی کوردستان ئەو لەم پێوەندیەدا فەرموویەتی:

" یەکیەتی، حورمەت، باوەڕ، برایەتی و متمانەی خۆتان بۆ ڕزگاری لە دیلی بپارێزن ".

مێژووی پێش و دوای وەسیەتە کەی قازی مۆحەمەد سەلماندوویەتی، کوژران و لەخوێن گەوزان، سێدارە، زیندان و دەربەدەر بوون، هەروەها بێ ئاکام هێشتنەوەی خەباتی خەباتکاران لە لای زۆربەی ڕێبەران وەک ئەوە لە پاراستنی یەکیەتی نێوخۆیی، حورمەت، باوەڕ و متمانە بەهەڤدوو پەسەند و گونجاوتر سەیر کرا بێت گرینگی پێویست بە ناتەباییە نێوخۆییەکان بۆ چارە سەری دواڕۆژی کورد نەدراوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٤

# ڕێبەری - نرخ و بەهاکان

**بە بۆنەی ٦٧ مین ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی.**



**مەجید حەقی**

کولتوور و چاندنی ڕێکخراو یان هەر گرووپێکی مرۆڤی ڕەنگدانەوەیەکی باوەر، کردار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە و میراتێکە کە بەجێیان هێشتووە. پێشەوا قازی محەمەد یەکەم ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکەمین سەرۆک کۆماری مێژووی کوردستان بوو.carakter_leader نەریتێک کە کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەجێی هێشتووە، ئەمڕۆش لە نەریت و بەهاکانی بەنرخ و گرنگی حیزبن.

بەها بە کورتی بریتیە لە شی کردنەوەی هۆ و مۆتیڤاسیۆنی تاکەکەسی و گرووپی ئێمە بۆ گرنگیدان بە کارێک و هەوڵدان لە پێناو جێبەجێ کردنی. بەهاکان دەتوانن ئەرێنی یا خود لە ناوەرۆکدا سنووردارن. بەها ئەرێنییەکان بریتین لە: بڕوا، داهێنەری، خۆشەویستی، ڕاستگۆیی، دڵپاکی و شەفافیەت. بەها لەناوەرۆکدا سنووردارەکان بریتین لە: بەکارهێنانی هێز، سەرکۆنەکردن، خۆبەزڵ زانی و پلەو پایە پەرەستی، خۆ بەسەر خەڵک دا سەپاندن.

ڕێبەرانی گەورە کولتوورو چاندێک لەگەڵ خۆیان دێنن، کە بەهاکانی ئەوان دوای نەمانیانیشیان بەدەیان ساڵی دیکەش ببنە بەهای هاوبەش و سەرەکی ڕێکخراوەکانیان.

تام پیتێر (Tom Peters) نووسەر و لێکۆڵەری ئەمریکی بواری ڕێبەری لەو پێوەندیەدا دەڵێت: "ڕۆڵی ڕێبەر، بەڕێوەبەری بەهاکانی ڕێکخراوەیە".

ئەو نرخ و بەهایانەی کە قازی محەمەد لە دوای خۆیدا بەجێ هێشتووە، بوونەتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیک بە هەفتا ساڵە گەورەترین و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە سەرنج ڕاکێشترین حیزبی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جیددی ترین ڕێکخراوێکە کە پرسی نەتەوایەتی لە سەرانسەری ئێران بەرەو پێش دەبات.

ئەو ڕێکخراوانەی کە خاوەنی بەهای مرۆڤی بن، تەنانەت کاتێک کە ڕکەبەرەکانیان بە هۆی هەلی تازەی سیاسی، ئابووری و ڕێکخراوەییەوە توانی بێتیان ببنە لێگەریان، دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن. ئەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای بەهاکانەوە دامەزراون، ڕێز لە ئەندامانیان دەگرن و بەشداریان لەپرۆسەی سیاسی و ڕێکخراوەیی بە گرنگ دەزانن. لە بەرامبەردا ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەندامانیان وەک کەرەسەیەکن بۆ گەیشتن بە ئامانج و ڕێگایان بەرتەسکە لە بەشداری سیاسی و ڕێکخراوەییدا، سەرەرای ئەوەی کە لەوانەیە ماوەیەک بە هۆی ئۆتۆریتەی ڕێبەرانیان سەرکەون، لەکاتی ڕووخانی ئۆتۆریتە و نەمانی ترسی "یەکگرتوویی" تووشی هەرەس هێنان و لەناوچوون دەبن. ڕێبەرێک کە بەهاکان بکاتە ستراتێژی سیاسی و ئەرزشە کۆمەڵایەتیەکان بکاتە بناخەی ڕێکخراوەیی خۆی، دەبێتە بەشێکی جیانەبووە لە کۆمەڵگا. بۆیە ڕێکخراوی وا سەرەرای بوونی قەیرانی بڕوا، سیاسی و تەنانەت لە هەندێک قۆناغەدا قەیرانی ڕێبەری هەروا جێی هیوای کۆمەڵگای خۆیانن.

قازی محەمەد لە سەردەمێکدا بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بوو بە ڕێبەری بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان، کە بەها توندئاژۆڤەکان و فەرهەنگی توندوتیژی خوازانە بە هۆی شەری دووەمی جیهانی بەسەر ناوچەدا حاکم بوو و دیکتاتۆرەکانی گەورەو و بچووکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان دادەمەزراند و جیابیرانیان لە ڕێگای بەها سەختەکانەوە لە ناو دەبرد. لەو سەردەمەدا قازی محەمەد وەک گاندی لە هیندوستان کوردستان دەکاتە مەکۆی خەباتێکی درێژخایەن بۆ لەناو بردنی زوڵم و زۆری و ئاسەواری نابەرامبەری. ڕەنگە لەو ڕوویەشەوە بێت کە قازی بە جیاتی بەجێ هێشتنی کوردستان و ڕزگاری گیانی خۆی، وەک سەرۆک کۆمارێکی بەرپرس و ڕێبەرێک کە گەلەکەی بۆی لە پلە و پایەی گەورەتر بوو و ئامانجەکەی لە ژیانی بەنرختر، دوای هێرش هێزەکانی حکوومەتی ئێران سەرۆکۆماری کوردستان، خۆی

بەدەستەوەداو تا لە بێدادگاکانی حکوومەتی پەهلەوی، بە فەلسەفەی خەباتی خۆی، داگیرکەرانی کوردستان بە چالش بکێشێ.

ریچارد بارێت (Richard Barrett) بیرمەندی بەناوبانگی بواری رێبەری و کولتووری رێکخراوەیی لە پێوەندی لە گەڵ رێکخراوانەی لە سەر بنەمای بەهاکان دامەزراون دەڵێت: رێکخراوە بەها ناوەند رێکخراوێکە کە بەهاکانی دەکاتە بنەمای بڕیاردەکان و بەردەوام لە حالی ئەزموونی دوارۆژێکە کە دەیهەوێ پێک بێنێت." ئەو بەهایانە لە سەردەمە ئاستەمەکاندا دەبنە هۆی پێکهاتنی "فەرهەنگی بەرگری" بۆ ئەوەی رێکخراو بتوانێت لە سەردەمە سەختەکاندا خۆی لە گەڵ ژینگە بگونجێنێت و بە نەسرەوتوویی رێگای خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان هەوڵ بدات. ئەوەی کە رێکخراو بەرەو پێش دەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بەهایانەن کە رێکخراوەکە لە سەر بنەمای دامەزراوە.

لە رۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە بەهاکانی مرۆڤ دۆستی، مافی دیاری کردنی چارەنووس، دژایەتی لە گەڵ توندوتیژی سیستماتیک، دژایەتی لە گەڵ تیرۆر و تیرۆریزم، لایەنگری لە تۆلێرانسی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی پێکهێنەرانی کوردستان، دێموکراسی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی دوور لە کێشە و تەنگەژە چینایەتیەکان، کردە بەردی بناغەی خەباتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی. پێشەوا قازی محەمەد بە هۆی رابردووی تاکەکەسی و بنەماڵەیی و بەهۆی باوەری قووڵی بە پێکەوە ژیان و ئاشتی نێوان سروشت و مرۆڤ تاقانە رێبەرێک بوو کە لەو سەردەمەدا ئەو بەهایانەی هێنایە ناو ریزەکانی کۆمەڵەی ژکاف )کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) و دەوای ئەودا بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەهایانە بوونە ناوەرۆکی یەکەم راگەیاندراوی حیزبی دێموکرات و هێلەسەرەکیەکانی سیاسی ئەو حیزبە بۆ دامەزرادنی کۆماری کوردستان.

قازی محەمەد بە هۆی کەسایەتی ریالیستیەوە، لە رۆژی دامەزرانێ حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ئامانجی قۆناغی دیاری حیزب و ئەو بەهایانەی کە بەردی بناخەی حیزبن بە شێوەیەک دارشتووە کە، ئەمرۆشی لە گەڵ بێت، بەهاکانی تازەیی خۆیان پاراستووە و خەونەکانی خەونی رۆژەڤی سیاسی کوردن.

**پێنج تایبەتمەندی سەرەکی کە دەکرێ لە کەسایەتی پێشەوادا ببیندرێت بریتین لە:**

١،١- ئامانج بۆ پێشەوا گەورەتر لە پلەو پایە و تەنانەت گیانی خۆی بوو

٢،٢- دەرووەست بوون لە رێبەری و خزمەتکردندا

٣،٣- رێبەری بە شێوەی هۆشمەندی هەستی (هوشمندی احساسی)

٤، ٤- دەرووەست بوون بە نموونەی هەڵسوکەوتی شارۆڤەندی
٥، ٥- زانینی ئەو راستیە کە کوردستان بەشێک لە سیستەمی ئابووری سەرانسەریە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی بە پێشکەوتن و گەشەکردنی سەرانسەری ناوچەیەوە گرێدراوە.

**لە هونەری رێبەری دا مەرجی رێبەری بریتین لە:**

١- خۆبەرێوەبەری،
٢- رێبەری خەڵکانی دیکە،
٣- رێبەری حیزب و رێکخراو و
٤- رێبەری کۆمەڵگا. گەر مرۆڤ نەتوانێ خۆی بەرێوە ببات، ناتوانێت کەسی دیکەش بەرێوە ببات.

کەسێک کە نەتوانێ رێبەری کەسانی دیکە بکات، ناتوانێت رێبەری حیزب و رێکخراوێکیش بکات، گەر نەتوانی رێکخراوێک بەرێوەبەری، ئەوکات ناتوانی کۆمەڵگا و نەتەوەیەک ریبەری بکەی. پێشەوا خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بوو کە بتوانێت جیا لە خۆی و خەڵکانی دەوروبەری لە ماوەیەکی کورت دا ببێتە رێبەری گەلی کورد و وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان رابگەیەندرێت.
کاتێک بیروباوەر و بەهاکانی رێبەرێک دەگۆردرێت، کردار و هەڵسوکەوتیشیان دەگۆردرێت، ئەمەش کاردانەوەی دەبێت لە سەر کولتووری رێکخراوەکە و لە ئەنجامدا هەڵسوکەوتی رێکخراو لە گەڵ دەوروبەری دەگۆردرێت. ئاڵوگۆری رێکخراوەیی بە ئاڵوگۆری رێبەری دەست پێ دەبێت، ئەوە مرۆڤەکانن دەگۆڕێن نەک رێکخراوەکان. بۆیە لە لێکدانەوەی ئاڵوگۆرەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وردبوونەوە لە کەسایەتی رێبەران و پێرسۆنەلیتی ئەوان دەتوانێت یاری دەری چاک بێت بۆ تێگەیشتن لە ئاڵوگۆرەکانی ناو ئەو حیزبە.

پێشەوا قازی محەمەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاوەنی کەسایەتیەکی وابوو، کە توانی بڕوای کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی و ناونەتەوەیی کاریگەری سەردەم بۆ لای خۆی راکێشێت و کۆماری کوردستان دابمەزرێت. بە دوای ئەودا تەنیا لە سەردەمی رێبەری دکتۆر قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بووبە حیزبێکی جەماوەری و مەکۆی هاوبەشی خەبات لە پێناو ئازادی و مافی چارەنووسدا. ناونیشانی نسکۆکان و لاوازی حیزب و رێکخراوەکان دوای ئەو دوو رێبەرە سەرەرای میراتی گەورەی بەجێ ماو لەوان، دەبێ لە لای کەسایەتی رێبەرانی سەردەمی حیزب بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٤

## یادی ١٠ی خاکەلێوە،



**حەمید تەیموری**

له دیرۆکی پڕ له شانازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هەندێک ڕۆژی تاڵ و تفت هەیه که ناخۆشترینیان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوییه. ئەو ڕۆژه بۆ هەتا هەتایه وەک ڕۆژێکی ڕەش و تاریک یاد دەکرێتەوە. چوونکه لەو ڕۆژەدا پێشەوای کارێزما و کەڵه پیاوی مێژووی گەلی کورد قازی محەممەدی نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سەرەک کۆماری کوردستان لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی واته سەیف و سەدری قازی بەدەستی گەوره دیکتاتۆری ئەو دەم واته حەمه ڕەزای پاڵەوی و دارودەسته نفرەت لێکراوەکەی له سێداره دران.

حکوومەتی حەمه ڕەزاشا به هیوای ئەوەی که به لەسێدارەدانی پێشەوای گەلی کورد خەباتی نەتەوەی کورد له کوردستانی ئێران بۆ هەمیشه کپ دەکاتەوە، دەستی دایه تاوانی له سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان. بەڵام هەر چەند تاوانی خۆی ئەنجام دا، به هەڵەدا چوو، له بەر ئەوەی ڕێبازێک که پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، له قووڵایی هەست و خواستی نەتەوەی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت و دەگرێ و ئەو میللەتەی پێشەوا قازی محەممەدی پێگەیاندووە، بۆ گەیشتن به ئامانجەکانی خۆی نه تەنیا له درێژەدان به ڕێبازی سڵ ناکا، بەڵکوو هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر خۆی به درێژەدەری ڕێگای ئەو شەهیدانه دەزانێ و تاکوو گەیشتن به ئاواتەکانیان خەبات له کوردستان درێژەی دەبێ.

پێشەوا قازی محەممەد ڕۆشنبیرێکی نەترس و ڕێبەرێکی بە مشوور بوو. بەهۆی نزیکی لە گەلەکەی شارەزای تەواوی دەرد و مەینەتەکانی ئەوان بوو. پێشەوا بەهۆی کەسایەتی بەرزیەوە خۆی بە بەشێک لە خەڵک دەزانی و خۆی لەوان جیا نەدەکردەوە. بە زمانێکی سادە و ئاسایی لەگەڵ خەڵک دەدوا و گوێ بیستی قسەکانیان دەبوو. بۆیە وەک یەکەم ڕیبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد نازناوی پێشەوای پێبەخشرا. ئەو هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆی لە پێناوی بەختەوەری گەلی کورد دانابوو. پێشەوا نیشتمانپەروەرێکی دیموکرات، ناسیونالیستێکی مرۆڤ دۆست و دۆستی هەموو گەلانی ئێران و لایەنگری ئاشتی و دادپەروەریی جیهانی بوو. لە پێناوی وەدیهێنانی باوەڕە مرۆڤایەتیەکانیدا، پێسەوا قازی محەممەد تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرا، لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ڕێزی لە مافی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان دەگرت و کۆماری کوردستانی بە حکوومەتی هەموو دانیشتوانی کوردستان دەزانی.

پێشەوا دەیزانی بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا بەشداری چالاکانەی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵی کوردەواری و لاوان وەک هێزی دینەمۆی بەرەوپێش چوونی جڤاک، پێویستیەکی سەرەکیە. هەر بۆیە بە پێکهێنانی یەکیەتی ژنان و ناردنی لاوان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتوو لە کوردستانی دواکەوتوویی لێدراودا بوو.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ڕۆژی شەهیدان ناسروە و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری دەگرن. جێی شانازییە کە بە شەهید بوونی پێشەوا و هاوڕێکانی بلێسەی گڕکانی خەبات دانەمرکایەوە و ڕێگای ئەو شەهیدانە بێ ڕێبوار نەمایەوە و زۆری نەخایاند کە ڕۆڵە ئازاو لە خۆبوردووەکانی نەتەوەکەمان بۆ خەباتێکی تووند و درێژخایەن وەخۆ کەوتن و قۆڵی هیممەتیان بۆ بووژاندنەوەی تەشکیلاتی حیزب هەڵماڵی. زیاتر لە ٦٧ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دڕندەترین دوژمنانی ماف و ئازادی دا لە خەبات دایە و لە پێناوی دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دا هەزاران کەس لە ڕێبەران و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی گیانیان بەخشیوەو شەهید بوون. بەو حاڵەش حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژێک لە خەباتی خۆی ڕانەوەستاوە و بە چۆک دا نەهاتووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ماوە دوورو درێژەدا تووشی هەوراز و نشیوی زۆر هاتووە و گەلێک قۆناغی سەخت و دژواری بڕیون، بە سەر زۆر تەنگ و چەڵەمە و کەندو کۆسپدا تێپەڕیوەو تێشکانی بە خۆیەوە دیون. ئەم حیزبە نە لە سەرکەوتنەکاندا لە خۆبایی بووە، نە لە تێشکانیش ناهۆمێد بووە. زیاتر لە نێو سەدەیە تێکۆشانی بێ پسانەوەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕوونی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە خوێنی شەهیدان گڕکانی

خەبات بلێسەدارتر و بەتین تری دەکا و دوژمنانی ئازادی لەگەڵ نائۆمێدی و ڕیسوایی بەرەوڕوو دەکاتەوە.

لە کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" لە نووسینی ڕیچارد ئەی. مۆبلی Richard A. Mobley و لە وەرگێڕانی بەڕێز حەسەن قازی، لە لاپەڕی ٣٠ ئەم کتێبە (مۆبلی) لە سەر قازی محەممەد وەها دەنووسێ:

بە ئاوردانەوە لە رابردوو، دەردەکەوێ چالاکییەکانی قازی دەیسەلمێنن کە ناوبراو پیاوێکی ئەوتۆ بووە کە بە کارامەییەوە هێز و دەسەڵاتی بەکار هێناوە، مامۆستایەکی هونەری مومکین بووە، پیاوێکی ئەوتۆ کە ئامادەیی ئەوەی بووە لەتەک بەرنامەی گشتگری کوردی بێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئیئتلافێک کە بکرێ چەرخی کاری بگەڕێ، پێک بهێنێ. بە کورتی قازی کەف و کوڵی بزووتنەوەی گشتگرەوەی کوردی بەکار هێنا لە کاتێکدا بە ئاسانی لایەنی پێشەوەچوونی ئیفراتی وەلانا. شتێکی تر کە لە سەر قازی ئەوەیە کە ناوبراو وەک موتوری هێزی کۆماری کوردستان وەحیساب دێ. هەرچەند قازی بێ ڕەقیبیش نەبووە.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە شاری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بە شکست کۆتایی هات بەڵام لە ڕاستیدا دامەزراندنی کۆمارێک کە لە ماوەی یانزە مانگدا قۆناخێکی پڕ بایەخ بوو لەخەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەروەها وەرگرتنی چەندین وانەو پەند لە گۆڕانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کورد.

بەڕێز بێ یادی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلی کورد، بەتایبەتی سەروەران قازی و قاسملوو شەرەفکەندی.

بڕۆخێ ڕێژیمی کۆنەپەرەست و تێروریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٤

## پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا



ئەرسەلان چەڵەبی

### تا وێنەی تۆمان هەبێ نامرین

ڕۆژی دەی خاکەلێوە بۆ هەموو تاکێکی کورد لە هەر کونجێکی ئەو جیهانە پان و بەرینە ڕۆژێکی ڕەشە و لەو ڕۆژە دا داخێکی قورس و گران لە جەرگی هەموو نەتەوەی کورد درا. دوژمنانی ئازادی لایان وابوو دەی خاکەلێوە کۆتایی خەباتی نەتەوەیەکی داگیرکراوە بەڵام لە ڕاستیدا بوو بە سەرەتایەک بۆ فێربوونی وانەی خۆشەویستی و فیداکاری و ئازادی. سەرەتایەک کە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی هیچ چەشنە کۆتاییەک ناناسێ و بیری لێ ناکاتەوە.

لە سێدارەدانی سەرۆککۆماری نەتەوەیەک هەم تراژێدییە، هەمیش لە لایەکی ترەوە ژێنۆسایدی هەستی نەتەوەیی و ئینسانی کوردستانە، بۆیە دەبوو لەو ڕۆچنە نیگایەوە بە دەیان دەقی لە سەر بنووسرێ. لە سێدارەدانی قازی محەمەد بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ تاک، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی نەتەوەیەک.

من وەکوو نووسەرێک چالاکیم تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبیات دا بەرتەسک بۆتەوە و هیچ کات نە پێم خۆش بووە و نە مەیلیشم بووە بێمە ناو ئەو دونیا سەیر و سەمەرەی سیاسەتی کوردی و بمهەوێ وتارێکی سیاسی بنووسم، ئەوەی ڕاستیش بێ

هەر تێی ناگەم و هەڕەی لە بڕەی ناکەمەوە و هیچ کاتیش بڕوام بە کەسانی سیاسی نەبووە و هەموو کات لێیان ترساوم. بەڵام من خۆم پێم وایە قازی محەممەد لەو باسە بێبەرییە و هەڵگری پێناسە و کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی بووە و لەو باوەڕە دام گوناهە بە قازی محەممەد بڵێی کەسایەتییەکی سیاسی! قازی محەممەد کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤدۆست بووە. لە رۆژی دەی خاکەلێوەش بۆ هەموو گەلانی جیهان و کورد بە تایبەتی سەلماندی کە ئەو جیا لەوەی کە بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو گوڵێک بوو لە سەحرایەک دا، ئەو گوڵێک بوو لە سەحرای سیاسەتی کوردیشدا:

"گوڵێکی پاک و بێگەرد کە هیچ کات لە پێناو بەرژەوەندی خۆی و حیزبی ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانی فیدا نەکرد" ئەوە وانەیەکی مەزن و ناوازە بوو کە بە داخەوە هەتا ئێستا هیچ حیزبێکی سیاسی و هیچ سەرکردەیەکی کورد نەیتوانیوە لەو وانەیە کەڵک وەرگرێ و بیکاتە ئاڵقەی گوێی. هەر بۆیە من پێم وایە بە حیزبی کردنی کەسایەتی "قازی محەممەد" هیچ کە باش نییە بەڵکوو دەبێتە بەرتەسک کردنەوەی ئەو لە ناو رۆحی نەتەوەیی کوردا. بۆیە قازی محەممەد موڵکی شەخسی و حیزبی و هیچ لایەن و رێکخراوەیەکی سیاسی نییە. بەڵکوو دەبێ ببێتە هێمای نەتەوەیی بوون و ئەخلاق و رەوشتی ئینسانی بۆ نەتەوەی کورد و هەروەها دونیای سەرسووڕهێنەری سیاسەتی کوردی.

رۆژی دەی خاکەلێوە هەڵگری زۆر وانە و خاڵی گرینگە کە تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و تەنیا لە ناو کۆمەڵێک وێنە و لۆگۆ و بۆنەی حیزبی دا بەرتەسک بۆتەوە. ئەو رۆژە هەڵگری وانەی فیداکاری، لەخۆبردوویی، ئینسان دۆستی، خۆنەویستی و دەیان وانەی گرینگی تر کە وەکوو نانی شەو بۆ هەموو تاکێکی کورد بە تایبەت تاکی سیاسی کورد پێویستە کە بە داخەوە کەم وا هەیە تێیاندا بوونی هەبێ، لانیکەم لە بیست ساڵی رابردووەوە تا ئیستا ئەو وانە گەلە تەڕایی لێ براوە و زۆر بەکەمی لە روخسار و کەسایەتی کەسانی سیاسی و بە تایبەت ئەوانەی خۆ بە رێرەوی رێبازی ئەو دەزانن دەبیندرێ. تۆمەز هۆکار چ بێ و لەبەر چی بەو ئاقارە دا رۆشتووە؟ ئەوە پرسیارێکە دڵنیام لە رۆژی دەی خاکەلێوە کە کازیوە دادێ بەربینگمان دەگرێ و داوای وەڵاممان لێ دەکا. وەڵامێک کە نامۆیە و ساڵگارێکی زۆرە لە ناو مێشکماندا سڕدراوەتەوە. تۆمەز وەها پرسیارێک هەر هەبێ لەو ناوەدا؟ من لەوەش دڕدۆنگم!

لە رۆژی دەی خاکەلێوە دەبێ لە خۆمان بپرسین بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین و بە تەمای چین و دەمانهەوێ لەو رۆژەدا چ پەیامێک بدەین؟ چیمان لە بوخچەی مێشکی کوردیمان کۆ کردۆتەوە و بە تەماین لەو رۆژەدا چۆن یادی سەرۆککۆماری کورد بکەینەوە؟ چۆن بیر لەو بەرەبەیانییە نەگبەتە بکەینەوە و چۆن ببینە تیمارێک بۆ ئەو زامە قووڵ و جەرگ بڕە؟ لانیکەم چۆن نەبین بە خوێی سەر ئەو زامە؟ ئەگەریش هەر بووینە خوێی ئەو زامە لانیکەم لەو رۆژە دا نا!

لانیکەم ئەگەر گوڵێکی سیس و لەڕیش نەبووین، دڕکێکی تیژ و خوێناوی نەبین بەرووی ئەو گوڵەی لە سەحرای کورد دا ڕووا!

تۆمەز قازی محەممەد ئێستا زیندوو بیێتەوە و ئەو کەسانەی خۆ بە ڕێرەوی ڕێبازی دەزانن ببینێ کە بەو چەشنە خەریکن سەری یەکتر دەخۆن و هەر جارەی بە بیانوویەکی نائینسانی و ناحەز سووکایەتی بە یەکتر دەکەن چ بڵێ؟ تۆمەز ئێستا زیندوو بێتەوە ئەو دۆخە ببینێ چ بڕیارێک دەدا؟ ئەگەر سەر لە گۆڕ بێنێتە دەر و ئەو هەمووە چەوتی و چەپەڵییە ببینێ چ بیرێک بکاتەوە و چۆن دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێ؟ نەوەی دوارۆژی ئەو هەر جارەی بە جۆرێک سووکایەتی بە کەرامەتی ئەخلاقی و ئینسانی دەکەن و هەر تاکەی دەهۆڵی خۆی لێدەدا و هەوای خۆی دەژەنێ!

حەز دەکەم جارێکی تر بێمە سەر ئەو وانەگەلەی قازی محەممەد بوو بە سەرتۆپی و فێری کردین. ئەو وانە گەلەی کە لە ئێستا دا نەوەی دوارۆژی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرانی ڕەشی ناکاتەوە، نەوە نوقستانەکانی کۆماری سێدارە هێڵی بەتاڵبوونەوەی بە سەر داناهێنێ، ئەو وانەگەلە لە ئێستا هەر ئەو کەسانە خەتی ڕەشی بە سەر دادێنن کە لە قسان خۆیان بە ڕێڕەوی ڕێبازی ئەو دەزانن. ئەوە هەم تراژێدیایەکی تاڵ و جەرگبڕە هەمیش کۆمێدییەکی سووررێئاڵە کە هەڵگری دەیان ڕۆمان و چیرۆکە و دەشتوانێ دەیان خەڵاتی ناوداری پێ بەرێتەوە.

من دڵنیام ئەگەر قازی محەممەد بە جۆرێک لە وەها دۆخێک ئاگادار بێ هیچ کات حەز ناکا سەر لە گۆڕ بێنێتە دەر و ڕوخساری ناحەز و ڕووخێنەر و دژە ئیسانی نەوەی دوارۆژی خۆی ببینێ. ئەو ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند. بەڵێنی خۆی دا و ڕۆح و گیانی خۆی بە دیاری دا بەو خاکەی لێی بە خاوەن دەرکەوت. خاکێک کە ئێستا ساڵگارێکی زۆرە لە سەر مانیتۆرەکان هەر جارەی بە جۆرێک بریندار دەکەن و هەر جارەی بە لەونێک خەنجەری نەزانی و نەهاتی لە جەستەی دابەشکراو و برینداری ڕۆ دەکەن.

هەموو ئەوانە جاریکی تر من و هەزارانی وەکوو من دڵنیاتر دەکاتەوە کە دەبێ کارێک بۆ ئەوە بکرێ کە کەسایەتی قازی محەممەد بە تەواوی لە چوارچێوەی ئیدۆئۆلۆژی و حیزبی دەربێ و ببێتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی کە وەکوو هێمایەک بۆ تاک بە تاکی گەلی کورد بدرەوشێتەوە. کار بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتییە سنوورەکان ببەزێنێ و تەنانەت زەفەر بەرێتە وڵاتانی تریشەوە.

هیوادارم ڕۆژێک بێت و ئەو ئاکارە چەپەڵانەی کە ئەورۆکە لە دونیا سیاسەتی کوردی و بیری تەسکی حیزبایەتی دەیبینین

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

تەفر و تونا بن، لانیکەم لەو رۆژی دەی خاکەلێوە دا بڕیار بە خۆمان بدەین و بە خۆمان دا بێنەوە و هەنگاو بۆ ئەوە هەڵێنین کە بتوانین بە جۆرێک لە جۆرەکان یەک لەو وانەگەلەی پێشەوا فێری کردین لە ژیانمان دا رەنگ بداتەوە و نەبینە هۆکارێک بایەخە ئینسانی و نیشتمانییەکان بریندار بکەین.

پێشەوا بەر لەوەی ئازادی ڕا بێ، ڕابوو، لاجانگی رووباری لاواندەوە و سینگی شاخی شێدار کردەوە، بسکی دارستانی گەشاندەوە و خاک و خۆڵی ئاشت کردەوە لە گەڵ نەرمە تیشکی سەر زەریا و کازیوەی بەرەبەیان!

پێشەوا لە زەینی گوڵ تێگەیشت و برینەکانی پاراستنی سارێژ کردەوە، باڵندەکانی کۆ کردەوە و ئاسمانی ئاوەدان کردەوە بە جریوەی پێکەنین!

پێشەوا سەرڕێژ بوو لە بێدەنگی، دەنگەکانی بە چۆک دا هێنا و تخوونی دەنگە دەنگی ژیانەوە بوو! پێشەوا بە تەنیشت تاریکییەوە جمەی دەهات لە رووناکی! پێشەوا پێشکەش کرا بە بەهار و نەورۆزێک لە زستاندا! پێشەوا پان و بەرین بوو، بە وێنەی دەریا، سینگی سروود و سرتەی سەوزی گەڵا! پێشەوا پێکەنی و نیشتمان شکۆفەی کرد! پێشەوا هەڕەشەی لە مەرگ کرد و ژیانی دنە دا! پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا! پێشەوا پشتێنی ئازادی گرێ دا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

## گرنگی فەرهەنگ و زانست لە کرداری پێشەوا قازی محەمەددا




**هیدایەت جان**

پێشەوا قازی محەمەد بەرلەوەی وەک کەسایەتییەکی سیاسی لەناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا بناسرێ، لە ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کەسایەتییەکی خوێندەوار و فەرهەنگدۆست هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی قوتابخانە و بە خوێندەوارکردنی کۆمەڵگەکەی خستبووە گەڕ.

لە ٦٩یەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کوردستان "١٩٤٦ - ١٩٤٧"دا تیشک دەخەینە سەر کەسایەتیی فەرهەنگی و ئاکادیمی ئەو کاریزما نەتەوەییە کە لەدوا ساتەکانی ژیانیشیدا وەسیەتی بۆ نەتەوەکەی ئەوەبوو منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش نەکەن.

قازی محەمەد ١ی ئایاری ١٩٠٠ لە بنەماڵەیەکی خوێندەواری ساباڵغ کە زیاد لە چوار سەدە بوو لە ناوچەی موکریان ناوبانگیان هەبوو، لە دایک بووە. بنەماڵەکەی نەک لەلای خەڵک، بگرە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیشەوە ڕێز و سەنگێکی تایبەتیان هەبوو.

قازی محەمەد بەر لەوەی ببێت بە دادوەری مهاباد، بە میرزا محەمەدی قازی ناویان دەبرد، ئەو سەردەمە باوکی "قازی عەلی" دادوەری شاری مهاباد بووە کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە نەتەوەیی و ئازادیخوازەکانی ئەو ناوچەیە و لە چەندین شۆڕشی وەک "شۆڕشی مەشرووتە"ی ئێراندا بەشداری کردووە و بە هەماهەنگی لەگەڵ شێخ محەمەد خیابانی کە لە تەورێز شۆڕشی دەوڵەتی ئازادستانی دەست پێ کردبوو، ساڵی ۱۹۳۰ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بەناوی (بزووتنەوەی محەمەد) پێک هێنا.

تا ساڵی ۱۹۱۵ خوێندن لە ناوچەی موکریان لەناو حوجرە و ماڵەکاندا بووە و زۆربەی شاعیر و کەسایەتییەکانی وەک سافی هیرانی و حەریق و سەیفولقوزات و... لای قازی عەلی خوێندنیان تەواو کردووە، لە ساڵی ۱۹۱۵ بۆ یەکەم جار فێرگەیەکی سەردەمییانە لە مهاباد بەناوی "فێرگەی سەعادەت" دەکرێتەوە و ئەدیب تەورێزی دەکرێتە بەرپرسی ئەو فێرگەیە و میرزا عەبدوڵای گەورک و میرزا ئیبراهیمی نەوجەوان وەک مامۆستا لەو فێرگەیە دەستبەکار دەبن.

فێرگەی سەعادەت لەلایەن حکوومەتەوە پاڵپشتی لێ نەکراوە و بە هاوکاری خەڵک بەڕێوە براوە و لەلایەن بازرگانانی شاری مهابادەوە پاڵپشتی دارایی کراوە. دوای دوو ساڵ پۆستی بەڕێوەبەری ئەو فێرگەیە دەدرێ بە میرزا یوسف شوجاعی و لەو سەروبەندە و لە ساڵی ۱۹۲۱، سمایل ئاغای سمکۆ هێرش دەکاتە سەر شاری مهاباد و داگیری دەکات، بەو هۆیەوە فێرگەکە دادەخرێت.

پاش هێوربوونەوەی بارودۆخی مهاباد، سەرلەنوێ فێرگەی سەعادەت دەکرێتەوە و لە ساڵی ۱۹۲۳ ئەبولحەسەن سەیفی قازی "سەیفولقوزات"، زانا و شاعیر و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری موکریان، دەکرێ بە بەرپرسی ئیدارەی پەروەردە و ڕاهێنان، تا ئەوکات پێشەوا قازی محەمەد کە تەمەنی ۲۳ ساڵ بوو، توانیبووی بە خێرایی پلەی خوێندن و یاسا ببڕێت و جیا لە زمانی عەرەبی و فارسی، بە باشی خۆی فێری زمانەکانی فڕەنسی و ئینگلیزی و تا ئاستێکیش زمانی ڕووسی کردبوو.

ساڵی ۱۹۲۵ سەیفولقوزات دەست لە کار دەکێشێتەوە و قازی محەمەد لە تەمەنی ۲۵ ساڵیدا وەک بەرپرسی کارگێڕیی پەروەردە و ڕاهێنانی مهاباد دەستبەکار دەبێت، لەو سەروبەندەدا فێرگەی سەعادەت تاکە خوێندنگەی ناوچەی موکریان بوو و تەنیا کوڕان دەیانتوانی تیایدا وانە بخوێنن.

پێشەوا لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەک بەرپرسی ئیدارەی پەروەردە و ڕاهێنانی مهاباد، بیری لەوە کردەوە بواری خوێندن بۆ ژنانی کورد بڕەخسێنێت و هەر لەو ساڵەدا دوو قوتابخانەی نوێی کردەوە کە یەک لەوان قوتابخانەی پالەوی کوڕان بوو و

ئەویتریان قوتابخانەی پەرماسی کچان کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بە قوتابخانەی "پەروانە".
تەنیا چەند ساڵێک پێش ئەو هەوڵەی پێشەوا لە تاران "بیبی خانم" قوتابخانەیەک لەناو ماڵەکەی خۆیدا بۆ کچان دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی نارەزایی زۆرینەی کۆمەڵگە و پاڵەپەستۆی دەسەڵاتەوە، دوای سێ مانگ قوتابخانەکەی پێ دادەخەن، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە کۆمەڵگەی موکریان لەچاو تارانی پایتەخت تانوپۆیەکی تا سەر ئێسقان عەشیرەیی هەبوو، بەڵام پێشەوا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆتانە، قوتابخانەی پەروانەی بۆ کچان دامەزراند و لە دەستپێکی دامەزراندنی قوتابخانەکەوە پێشوازییەکی چاوەڕوان نەکراوی لێ کرا.

پێشەوا دوای خستنەسەرپێی دوو قوتابخانە نوێیەکە ساڵی ١٩٣١، پۆستە پەروەردەییەکەی دەدات بە ئیبراهیم قازی، بەڵام تا سەردەمی کۆماری کوردستانیش هەر هاوکاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکات.

ساڵی ١٩٣٤ قازی عەلی "باوکی پێشەوا" کۆچی دوایی دەکات و میرزا محەمەدی قازی دەکرێ بە دادوەری شاری مهاباد و ناسناوی قازی محەمەدی پێ دەدرێت. پێشەوا بەهۆی دادپەروەری و کەسایەتییەکەی لەو ماوەیەدا کە دادوەری شار بوو، زۆربەی کۆنسوڵگە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی و سۆڤیەت لەناو ئێران، سەردانی ماڵەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنای ببن.

لە چاوپێکەوتن و وتارە سیاسییەکانی پێشەوادا دەردەکەوێت، دووبەرەکی و نەخوێندەواری عەشیرەتەکانی ناوچەی موکریانی بەلاوە ئازاربەخش بووە و لەو ماوەیەدا کە دادوەری مهاباد بووە، پێوەندی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان پتەوتر کردووە بەو نیازەی دووبەرەکی نێوانیان بگۆڕێت بە برایەتی و یەکگرتوویی و مەیلی خوێندنیان لەلا بەهێز بکات.

لە شەڕی دووەمی جیهانی "١٩٣٩-١٩٤٥" رەزا شا لایەنگری لە ئەڵمانیای نازی کرد و کاتێ شەڕ کەوتە نێوان ئەڵمانیا و وڵاتانی هاوپەیمان و یەکێتیی سۆڤیەت، ئێران داگیر کرا و هێزێک بەناوی دەسەڵاتی ناوەند لە ئێراندا نەما، ئەوەیش دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک چالاکی سیاسیی و رۆشنبیر کە ژمارەیان ١١ کەس بوو، ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژ . ک "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" دابمەزرێنن، کۆمەڵەکە داوای مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کوردی دەکرد و "رزگاری نەتەوەی کورد"ی وەک ئامانجی ستراتیژی دیاری کردبوو.

لەو ساڵانەدا پێشەوا وەک کەسایەتییەکی سیاسی و فەرهەنگی لە ناوچەی موکریان ناوبانگی دەرکردبوو و بووبوو بە کاریزمایەکی کۆمەڵایەتی و زۆربەی رۆژهەڵاتناس و میدیاکارە بیانییەکان کە دەهاتنە کوردستان، لە ماڵەکەی ئەودا

دەمانەوە و ماڵەکەی بووبوو بە ناوەندێکی فەرهەنگی و سیاسیی کۆمەڵایەتی. ئەوەیش وای کردبوو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک بیر لەوە بکەنەوە کەڵک لە کەسایەتی قازی محەمەد وەربگرن بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری بەرنامە نەتەوەییەکەیان و هەوڵیان دا پێشەوا بکەن بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک.

ژیانی سیاسیی پێشەوا لەوکاتەوە دەستی پێ کرد کە بوو بە ئەندامی نهێنی کۆمەڵەی ژ. ک و بە ناوی خوازراوی "بینایی" چالاکییەکانی بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی کۆمەڵەکە خستە گەڕ.

قازی محەمەد لە لووتکەی دەسەڵات و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، وەک سەرۆک کۆماریش هەر لەسەر بیر و باوەڕەکەی پێشووی سوور بوو و یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆماری کرد بە "بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگەی عەشیرەتی" و خوێندنی منداڵانی کرد بە یاسا و هیچ بنەماڵەیەک بۆی نەبوو منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش بکات.

بینایی لە سەروتاری ژمارە یەکی گۆڤاری نیشتمان کە بیری "کۆمەڵەی ژ. ک"ی بڵاو دەکردەوە، بە روونی دەری دەخات کە چەک چارەسەری ژێردەستەیی کورد ناکات و دەنووسێت: "تاکە رێگە بۆ گەیشتن بە مێرگی ئازادی و سەربەستی کورد، خەباتی شارستانییانەیە" و یەک لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی ناردنی خوێندکاران بوو بۆ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات.
لە سەروبەندی راگەیاندنی کۆماری کوردستان، کاتێک ئەفسەرێکی رووس پێشنیاز دەکات سەرۆکی یەکێک لە عەشیرەتەکانی موکریان بکوژن لەبەرئەوەی نیازی ناپاکی لە کۆمار هەیە، پێشەوا لە وەڵامدا پێی دەڵێ، "دەوڵەتێک ئەگەر بناغەکەی لەسەر خوێنی تاکێکی کورد دابمەزرێت، ئەو دەوڵەتە نەبوونی باشترە".

لە ماوەی ١١ مانگی سەرۆک کۆماری پێشەوا قازی محەمەددا، کۆمەڵێک دامەزراوەی فەرهەنگی دروست بوون کە ئێستە وەک بەشێک لە گرنگییەکانی مێژووی کورد ناو دەبرێن، سەرکۆمار پێی وابوو هیچ کۆمەڵگەیەک ئازادی تیادا دەستەبەر ناکرێت ئەگەر ژن تیایدا ئازاد نەبێت و یەکەم رێکخراوی ژنانی کوردستان لە مهاباد لەسەر پێشنیازی ئەو دروست بوو، هاوکات گرووپی شانۆیی و گۆڤاری منداڵان و دروستکردنی قوتابخانە لە گوندەکان و.. سەرجەمیان لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا دامەزران.

پێشەوا میدیای وەک کەرەستەیەکی بەهێزتر لە چەک دەزانی بۆ پاراستن و راگرتنی کۆمار و بیری نەتەوەیی و لەو پێناوەدا رێگەی بە دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤار و رۆژنامەدا و چاپخانەی کۆماری دامەزراند، کاتێکیش چوو بۆ تەورێز بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت لەسەر راگەیاندنی کۆمار قسە بکات، لە دانوستانەکەدا ناردنی چەک و پارەی بۆ

کوردستان رەت کردەوە و داوای لێ کردن هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی ئێزگەیەکی رادیۆ بەناوی دەنگی کوردستان دابمەزرێنن.

عەلی خوسرەوی "خاڵە زۆراب" ئەندامی ژمارە ٢١ی کۆمەڵەی ژ. ک لەو سەفەرەدا لەگەڵ شاندەکەی پێشەوا سەردانی تەوریزی کردووە، ساڵی ٢٠٠٤ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی کوردی رادیۆی زایەڵەی سوید دەڵێ، پێشەوا داوای لە "پیشەوەری" سەرۆک کۆماری ئازەربایجان کرد تا رادیۆکەیان دادەمەزرێنن، رێگە بدەن رۆژانە دوو سەعات بەرنامەیان هەبێت لە رادیۆی ئازەربایجان، پیشەوەری داواکەی پێشەوای پەسند کرد.

کاتێک عەلی خوسرەوی دەچێتە ستۆدیۆ بۆ تاقیکردنەوەی دەنگ تەنیا دەڵێ "ئێرە دەنگی کوردستانە"، لە چاوپێکەوتنەکەدا بۆ رادیۆ زایەڵە دەڵێ: "کە لە ستۆدیۆ هاتمە دەرەوە، پێشەوا بە تاو بەرەو رووم هات و لەکاتێکدا فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس بووبوو، دەمی ماچ کردم و گوتی "ئەو دەمەی ناوی کوردستانی لێ هاتووەتە دەر، ئەوەندە پیرۆزە دەبێ ماچ بکرێت".

سەرەنجام لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان دوای ١١ مانگ لە تەمەنی، دەڕووخێت و پێشەوا بۆ ئەوەی کوشتاری کۆماری ئازەربایجان "تەوریز" لە کوردستانیش دووبارە نەبێتەوە، نەیهێشت سوپای تاران بێتە ناو شارەوە و بە ویستی خۆی، خۆی رادەستی حکوومەت کرد، لە بەرەبەیانی ٣٠ ئادار/مارسی ١٩٤٧ لە مەیدانی چوارچرای مهاباد، لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی "ئامۆزای پێشەوا" و ئەبولقاسم سەدری قازی "برای پێشەوا" لە سێدارە دران.

پێشەوا بەر لەوەی لە سێدارە بدرێت، وەسیەتنامەیەکی کورت دەنووسێت، بەڵام لەو وەسیەتنامەیەشدا کە تەنیا چەند رۆژێک بەر لە شەهیدبوونی نووسیویەتی، واز لە خەونە دێرینەکەی ناهێنێت بۆ نەتەوەکەی و داوایان لێ دەکات منداڵەکانیان لە خوێندن و زانست بێبەش نەکەن.

سەرکۆماری کوردستان لە وەسیەتنامەکەیدا داوا دەکات: "رێنوێنم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لێ گەڕێن منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە رەمزی پێگەیشتوویی و سەرکەوتن لە خوێندەوارییدایە. با لە گەلانی دی دوا نەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی من و براکانم چاوترسێن بن، هێشتا زۆری دیکەمان دەبێ لەو رێگەیەدا لە دەست بچن تا بە ئارەزووی خۆمان دەگەین".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - رێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٦

# پێشەوا قازی موحەممەد لەبەردەم ویژدانی مێژوودا



د. کەیوان ئازاد

(مێـژوو) ئەو زانسـتەیە، کە ڕووداوەکـانی ڕابـردوو وەک خـۆی و بـێ زیـاد و کەم دەگێـڕێتەوە. کـاتێکیش هەر تۆمـاری هەر ڕووداوێکی مێژوویی زیـاد و کەمی پێوە کـرا، ئەوە جێگـای گومـان نییە، کە لە زانسـتی مێـژوو بەدەرە و دەچێـتە خـانەیەکی تـرەوە، چونکە هیچ تۆمارێـک نـاچێتە خـانەی زانسـتی مێـژووەوە پشت ئەسـتوور نەبێـت بە چەنـدین بەڵگەی سـەلمێنراوی مێژوویی. ئەم بوارەشیان کەمترین تۆمارەکانی مێژووی بەخۆوە گرتووە و کەمترین کاری لەسەر کراوە. بە پێچەوانەوە ئەوەوە تۆماری ئەو ڕووداوانەی تری مێژوو ناچنە ئەو خانە زانستییەوە، بەڵکو وەک کۆمەڵێک بیرەوەری یـان بەسەرهات و ڕووداوی سـاکار ئاسـایی دەمێنـنەوە. هەر لێـرەوەش مێـژوو لای بەشـێکی زۆری کـۆمەڵانی خەڵـک دەبێـتە تۆمـاری کـۆمەڵە ڕووداوێکـی دروستکراو یان هەڵبستراو و پێداهەڵدراو.

یەکێک لە باس و ڕووداوانەی مێژوو هەنووکەش لە نێوان گێڕانەوە و زانستی مێژوودا گیـری کـردووە و سـاڵانە زیـاد و کەمی پێوە دەکرێت، ژیـان و کەسایەتی یەکەمین سەرۆک کۆمـاری کوردسـتان (پێشـەوا قـازی موحەممەد)ە. ئەوەش بەوەی کۆمەڵێک زیاد لە گەورەیی خۆیی یـان بـوونی خـۆی زیادەڕۆییـان پێـوە کـردووە، کـۆمەڵێکی تـر خستویـانەتە بەر ڕەخنە! بەشێکی ئەو گێـڕانەوە و تۆمـارانەش بـێ بەڵـگە و لە دیـدێکی بیـرەوەری یـان قسـەی وەرگیـراوی کەسێکەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. ئەو تۆمارانەش باش بووبن یان خراپ زیانیان بە واقیعیەتی کەسایەتی ئەو پێشەوا بەرزەی کورد گەیانـدووە. لێـرەوە بـۆ ئەوەی

پێناسەیەکی زانستی بۆ کەسایەتی ئەو پێشەوایەکی کورد بکەین، لە (سێ) ڕوانگەی زانستییەوە لە دەرگای ئەو کەسایەتییە دەدەین. ئەوەش لە پەراوێزی (٦٢)مین ساڵیادی لەسێدارەدان و شەهیدبوونی ئەو پێشەوا بەرزەی کورد دا.

١- کەسایەتی پێشەوا: (قازی موحەممەد کوڕی قازی عەلی) لە (١١ی گوڵانی ٢٦٠٠ کوردی) بەرامبەر بە (١ی مایس ١٩٠٠زایینی) لە شاری مەهابادی مەڵبەندی ناوچەی موکریانی لە کوردستانی خۆرهەڵات لەدایک بووە. باوکی (قازی عەلی) مامۆستایەک و زانایەکی ئایینی ناسراوی سەردەمەکەی بوو، کە کوڕەکەی لە لای ئەو خوێندنی ئایینی تەواو کرد و لەسەر دەستی ئەو مۆڵەتی وەرگرت. ئەوەش بەو مانایەی لە خێزان و بنەماڵەیەکی دیار و ئایینی ناسراوی ناوچەی موکریان پەروەردە و فێرکرا. لە تەمەنی (٢٣)ساڵی واتە لە ساڵی (١٩٢٣ز) و لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی قاجاریدا، بووە بەرپرسی کارگێڕی و ڕۆشنبیری ئەوقافی شاری مەهاباد و تا ساڵی (١٩٢٥) لەو پۆستەدا مایەوە. لابردنیشی لەو پۆستە لە لایەک بۆ ئەو کودەتایە گەڕایەوە، کە (ڕەزا خان)ی وەزیری جەنگی دەوڵەتی قاجاری لە (ئەحمەد خانی قاجار)ی دوایەمین پادشای ئەو دەوڵەتەی کرد.

لە لایەکی ترەوە بۆ کۆچی دوایی مامی (میرزا ئەلحەسەنی سەیفولقوزات) گەڕایەوە، کە چوونە شوێنی مامی و کرایە بەرپرسی ئەوقافی شاری مەهاباد و دادوەری شارەکە. لە (٢٥ی گەلاوێژی ٢٦٤٥ کوردی) بەرامبەر بە (١٦ی ئابی ١٩٤٥زایینی) بەهۆی داواکاری زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری (حیزبی دیموکراتی کوردستان)ەوە، کرایە سکرتێری ئەو حیزبە. لە (٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٦ی کوردی) بەرامبەر بە (٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ زایینی) بووە یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان( ). بەوەش پێشەوا لە ماوەی (٤٦) ساڵی تەمەنیدا چەندین پۆستی یەک لە دوایەکی بڕی. هەر یەکیش لەو پۆستانە بۆ کات و سەردمی خۆی گەورە و بایەخدار بوو. ئەوەش دەرخەرێکی ڕاستەقینەی کەسایەتی پێشەوا بوو. بە تایبەت بوونی زانایەکی ئایینی بە سکرتێری پارتێکی دیموکراتی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت، کە ڕابەڕایەتی بەرەی سۆشیالیستی بۆ ئەو سەردەمە بۆ (٤٥)ساڵی دواتر کرد.

٢- سیستەمی سیاسی کۆمار: بوونی پێشەوا بە سەرۆک کۆماری کوردستان لە سەردەمێکدا بوو، کە لە سەراپای ڕووی زەوی بە (کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت) تەنیا (٣٧) دەوڵەتی کۆماری هەبوون. بەمەش (کۆماری کوردستان)، بووە (٣٥)مین کۆمار و (پێشەوا قازی موحەممەد)یش بووە (٣٥)مین سەرۆک کۆماری جیهان بوو. لە تەواوی کیشوەری ئاسیاشدا بەدەر لە (کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت) تەنیا (پێنج) سیستەمی کۆماری هەبوون. ئەوانیش هەریەک لە کۆمارەکانی (تورکیا، لوبنان، کۆریای باشوور، ئەندونیسیا، میللی ئازەربایجان) بووە (شەشەمین) سیستەمی سیاسی کۆمار، بۆیە چ خودی ناوچەی موکریان و چ خودی پێشەوا بوونە دوان لە پێشەواکانی ئەو سیستەمە لە جیهان و ناوچەکە. هەروەها جگە لە (کۆمارەکانی

یەکیتی سۆڤیەت)، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەویک لە مانگی (تشرینی یەکەم)ی ساڵی (١٩١٧ز) دامەزرا و (کۆماری تورکیا)ش لە ساڵی (١٩٢٣ز) دامەزرا، هەریەک لە (کۆماری لوبنان) لە ساڵی (١٩٤٣ز) و هەردوو کۆمارەکانی (کۆریای باشوور و ئەندونیسیا) لە ساڵی (١٩٤٥ز) دامەزران( ). گەورەی پێشەواش لەوەدا بوو، کە بووە سەرۆکی کۆمارێک بۆ (١٠%) ی کۆی ڕووبەری خاکی کوردستانی خۆرهەڵات بوو. ئەمەو جگە لەوەی (٩٠%) دانیشتوانی کۆمار و (٩٥) دانیشتوانی کوردستان نەخوێنەوار و گوندنشین بوون( ). ئەمەو جگە لە هەموو ئەوانەش بە درێژایی مێژووی کورد، ئەوەش یەکەمین سەرۆک کۆماری بوو، ئەویش دوای (٣٣٠) ڕۆژ سەرۆک کۆماری، شەهید کرا.

٣- شارەزابوون لە زمانە بیانییەکاندا:- پێدەچێت بە هەڵەدا نەچین و زۆر زانستی بێت، کە بڵێین، پێشەوا یەکەمین سەرۆک کۆماری سەردەمەکەی و بگرە ئێستاش بێت، زۆرترین زمانی بیانی زانیبێت. ئەوەش بەوەی تا ئاستێکی سەرباری زمانی زگماکی خۆی (کوردی) زۆرباش، شارەزایی زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی و ئازەری و ڕووسی و ئینگلیزی) بوو. تا ڕادەیەک شارەزای زمانەکانی (فەڕەنسی و ئەڵمانی)بوو. گەورەیی ئەو شارەزاییەش لەوەدا بوو، کە ئەو زۆر باشتر لە پادشای ئێران (موحەممەد ڕەزای پەهلەوی)، کە تەنیا زمانەکانی (فارسی و ئینگلیزی) دەزانی، وە هەر یەک لە سەرۆک کۆمارەکانی میللی ئازەربایجان زمانەکانی (فارسی و ئازەری) و سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتیش زمانەکانی (ئازەری و ڕووسی) دەزانی. ئەو (سێ) سەرۆکەش ئەوانە بوون، کە پێویست بوو پێشەوا لە کاتی خۆیدا بۆ لایان بگەڕێتەوە. کەواتە بەم پێوەرەش سەرباری ئەوەی سەرقافلەی ناوچەکە بوو، بەڵکو سەرقافڵەی جیهانیش بوو( )، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوە بوو، کە لەو کۆمارەی پێشەوا سەرۆکی بوو، لەوەدا بوو زۆربەی هەرە زۆری نەخوێنەوار و پابەندی سیستەمی هۆزایەتی بوون. بۆ نمونە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بۆ هەر (١٠٠هەزار) کەس (١) پزیشک و بۆ هەر (١٠هەزار) کەس (١) مامۆستا هەبوو. کۆمەڵگاش (٩٠%) بە سەرەتاییترین شێواز سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون و تەنیا (١٠%)سەرقاڵی کاری پیشەی دەست و بازار و بازرگانی بوون. هەروەها (٧٨%) زەوییەکانی کۆمار بە دەست خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان و تەنیا (٢٢%) بە دەست دەوڵەت و مامۆستای ئایینی و جوتیارەوە بوو( ). بەمەش یەکەم سەرۆک کۆماری کورد و یەکەم سەرۆک کۆماری زمانزانی جیهانی لە مێژوودا، سەرۆکی کۆمەڵگایەکی تەواو کشتوکاڵی و هۆزایەتی و نەخوێنەوار بوو، بۆیە زۆر باشیش بوو لەو ماوە کەمەدا دەسەڵاتی کۆماری بۆ بەڕێوەچوو.

کەواتە کورد لە سەردەمی کۆماردا ئەو نەتەوەیە بوو، کە پێشەواکەی لە هەموو بەرپرسان و ئەندامەکانی خوێنەوارتر و لەهەمووشیان گیان فیدا و قوربانیدەرەتر بوو. ئەوەش بەوەی وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان، پێش ئەندامەکانی کەوت لەخەبات و قوربانیداندا.

قوربانییەکەشی چوونە بەر پەتی سێدارەی دوژمن بوو لە گۆڕەپانی (چوار چرا)ی شاری مەهاباد. لەو شوێنەی بۆ یەکەمی جار بانگەشەی کۆماری تێدا کراو ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرا. دواتر یەکەمین وتاری وەک سەرۆک کۆمار لێ خوێندەوە. ئەوەش لەبەرەبەیانی (١٠ی خاکە لێوەی ٢٦٤٧ی کوردی) بەرامبەر بە (٣١ی ئازاری ١٩٤٧ی زایینی) بوو، لەگەڵ هەردوو کەسایەتی بنەماڵەکەی (موحەممەد حوسێنە خانی سەیفی قازی)ی ئامۆزای و وەزیری جەنگی کۆمار و (سەدی قازی) برای نوێنەری شاری مەهاباد لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێران( )، بۆیە هەڵە نییە گەر بڵێین ئەو خەسڵەتەش هۆکارێکی گرنگی نەمری کۆماری کوردستان بوو. واتە سەربارێ ئەو هەموو شاڵاوە داگیرکارییە بۆ سەر خاکی کوردستان و پیادەکردنی سەدان سیاسەتی ڕاگواستن و چەوسانەوە، هەنوکەش نەتەوەیی کورد درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی دەدات و ململانێ لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن دەکات، بۆیە لە دوا پەیڤدا دەبێت بڵێین سڵاو بۆ ئەو کەسایەتییەی بە زەحمەت لە بیری زۆربەی تاکەکانی کوردا زیندووە، کە نەدەبوا وا بوایە."

- علی اصغر شمیم: ایران در دوره سلگنت قاجار، چاپ یازدەهم، مؤسسە انتشارات مدبر - تهران، ایران، ١٣٨٤ه.ق، ص ٦٥٥، د.کمال مڤهر احمد: دراسات فی تاریخ ایران الحدیپ و المعاصر، الگبعە الاولی، بغداد، العراق، ١٩٨٥م، ص ١٠٣.

- بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (حەمید ڕەزا جەلالی پوور: قازی محەمەد، وەرگێڕانی: ئەحمەدی وەرتێ، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی تەوکلی - تاران، ئێران، ١٣٨٣ هەتاوی، ل( ٢٥ - ٥٠)، سەعیدی هومایۆن: پێشەوای ڕابوون - بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: هاشمی سەلیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی: چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێرلق - عێراق، ٢٠٠٧ز، ل (١٧ - ٧٣)

- بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە، بڕوانە: ((نچکینا و دیگران: تاریخ مختصر جهان، ترجمە: محمد تقی فرامرزی، جلد پنجم، چاپ اول، نشر بین الملل - تهران، ایران، ١٣٦٠ه.ق، اگلس جامع گیتا شناسی(٨٦ - ٨٧)، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٨٦ه.ش، ص(٨٠ - ٩٦).

- بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە (د.عبدالرحمن قاسملو: أربعون عاما من الکفاح من أجل الحریە، ترجمە: د.عزالدین مصگفی رسول، الگبعە الاولی، اربیل، اقلیم کردستان العراق، العراق، ١٩٩٥م، ص(٣ - ٥)، نەوشیروان مستەفا أمین: حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، چاپی دووەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٦ز، ل (٤١ - ٨٦.)

- نچکینا و دیگران: س.پ، بەرگی پێنجەم.

- د.عبدالرحمن قاسملو: س.پ، ل (٣ - ٥).

- علاو الدین سجادی: شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف - بەغداد، عێراق، ١٩٥٩ز، ل ٣١٧، مەحمـوود مەلا عـززەت: جمهوریتی کوردستان (لێکـۆڵینەوەیەکی مێژوویـی و سیاسییە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠١ز، ل ٣٠٨.

## سەرچاوەکان:

### أ. بە زمانی کوردی:

١- جەلالی پوور، حەمید ڕەزا: قازی محەمەد، وەرگێڕانی: ئەحمەدی وەرتێ، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی تەوکلی - تاران، ئێران، ١٣٨٣هەتاوی.

٢- سجادی، علاو الدین: شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف - بەغداد، عێراق، ١٩٥٩ز.

٣- مەحموود مەلا عـززەت: جمهوریتی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویـی و سیاسییە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠١ز.

٤- نەوشیروان مستەفا أمین: حکومەتی کوردستان - کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، چاپی دووەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٦ز.

٥- هومایۆن، سەعید: پێشەوای ڕابوون - بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: هاشمی سەلیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی:چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٧ز.

### ب. بە زمانی فارسی:

٦- شمیم، علی اصغر: ایران در دوره سلگنت قاجار، چاپ یازدەهم، مۆسسه انتشارات مدبر - تهران، ایران، ١٣٨٤ه.ق.

٧- نچکینا و دیگران: تاریخ مختصر جهان، ترجمه: محمد تقی فرامرزی، جلد پنجم، چاپ اول، نشر بین الملل - تهران، ایران، ١٣٦٠ه.ق.

٨- مجموعه جفرافی شناس: اگلس جامع گیتا شناسی(٨٦ - ٨٧)، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٨٦ه.ش.

### ج. بە زمانی عەرەبی:

٩- د.کمال مڤهر احمد: دراسات فی تاریخ ایران الحدیپ و المعاصر، الگبعه الاولی، بغداد، العراق، ١٩٨٥م.

١٠- د.عبدالرحمن قاسملو: أربعون عاما من الکفاح من أجل الحریه، ترجمه: د.عزالدین مصگفی رسول، الگبعه الاولی، اربیل، اقلیم کردستان العراق، ١٩٩٥م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# ئەو مێژووەی هەموو شتێکی بۆ ئێمە تێدایە



### لە(٧٢)هەمینساڵرۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی موحەمەددا

### کامیل مەحمود

مێژوو جگە لەوەی رابردوویەکی پر لەگوتارو کردارو هەڵوێست و رووداوە، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هەنووکەییە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەکیش و هەر ئەو رابردووەیە رێگا بۆ ئایندە خۆش دەکات. مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەک پرە لەشکست و سەرکەوتن و هەڵکشان و داکشانی هەمە جۆر، لەم دنیایەشدا گەلێک نابینینەوە بەسەر یەک هێڵی راستی بێ کەندو کۆسپدا ژیانی بەرێ کردبێت و بەئێستای ئامادە گەیشتبێت، بەڵام مەرج نییە هەموو گەلێک بتوانێت ئەو مێژووەی هەیەتی وەک سەرچاوەی بوون و مانەوەو هێز بۆ خۆی سوودی لێ ببینێت و ئاوری لێ بداتەوە، زۆر گەل و نەتەوە هەیە دەرک بەوە ناکەن مێژوو ڕووناکییەکەو لەناویدا خۆیان دەبینیت وخۆیشیان دەناسنەوە، ئەو گەلانەی سوود لەمێژووی خۆی وەرناگرن ولەهەنگاوەکانی ئێستایاندا بەرەو ئایندە، ئەزموونەکانی بەهەند وەرناگرن ورووداوەکانی رابردووی ژیانی خۆیان ناکەنە وانەو پەند بۆ خۆیان، ئەو گەلانەیە کە هەمیشە لەدووبارە کردنەوەی دەقاودەقی مێژووی خۆیاندان بەچاک و خراپ و جوان و ناشیرینییەوە، بێ ئەوەی هەست بەو دووبارە بوونەوەیە بکەن.

راستە لەزۆر کاتدا وەک وتراوە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کە ئەو دووبارە بوونەوەیە

بکرێتە حەتمی و هەمیشەیی و ژیان ببێتە پارچەیەک لەرابردوو، مێژوو لەدوو حاڵەتدا بەشێوە ئاساییەکەی دووبارە بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، لەو حاڵەتەدا کەئەو گەلە بەخواستی خۆی نییەو لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیەوە بۆی دووبارە دەبێتەوەو ئەزموونێکی تاڵی رابردوو دێتەوە سەر رێگای، دووبارەبوونەوەیەکی تر لەو حاڵەتانەدایە کە ئەزموونی سەرکەوتووی پێشینی خۆی دەکاتە نموونەو کار بۆ دووبارەبوونەوەی دەکات و ئەمەش ئەزموونە پۆزەتیڤ و چاکەکانی ئەو گەلە دەگرێتەوە.

کوردیش گەلێکە بەدرێژایی مێژووی خۆی ئالوودەو ئاوێتەیە بەئەزموونەکانی ژیان و لەسەر ئەو شێوازەی بیری پێ دەکاتەوە مامەڵە لەگەڵ رابردوو وئێستاو ئاییندەدا دەکات، زاکیرەی مێژوویی کورد دەوڵەمەندە بەچەندین ئەزموونی تاڵ و شیرین و رووداوی گەورەو گرنگ کە دەشێت ئێستای لەبەرامبەردا دابنێین و لەپرۆسەیەکی بەراوردکارانەدا بزانین کەچەندە ئەو مێژووەمان بەدەست و بەئارەزووی خۆمان دووبارە کردووەتەوە، کەزیاتر مەبەستمان دووبارە بوونەوە ناتەندروست و نائاساییە نێگەتیڤەکەیانە.

دەتوانین لەخۆمان بپرسین کەئایا تاچەندە توانیومانە خوێندنەوەی بابەتیانەمان بۆ مێژووی خۆمان هەبێت ولەبەر رۆشنایی ئەو خوێندنەوەیەدا ئەمرۆی ئامادەمان دارشتووەتەوەو تەنها ئەوەندەمان لەو مێژووە بۆ دووبارە بووەتەوە کە پێویستە، یاخود لەدەرەوەی توانای ئیرادەی خۆمانەوە بەسەرماندا سەپاوە؟.

لەدوو شوێن و دوو زەمەنی جیاوازەوە دەکرێت بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەرێین وبارودۆخی ئێستای خۆمان هەڵبسەنگێنین، لەناو مێژوودا ئەوەی بووەتە رابردوو دەری دەخات چەندە سوودمان لەئەزموونەکانی پێشینمان وەرگرتووەو دیسان لە ئێستاشدا هەمان وەڵاممان دەست دەکەوێت و دەزانین تاکوێ مێژووی خۆمانمان هەزم کردووەو ئەزموونە تاڵەکانمان تێپەراندووە و بواری دوبارەبوونەوەیانمان نەهێشتووەتەوە، بەتایبەتی ئێمە لەو گەلە بەشمەینەتانەین بەدرێژایی مێژوو لەحەرەکەت و گەراندا بووین بەدوای خەونە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆمانداو تا ئەم لەحزەیەش بارودۆخی ژیانمان سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە، ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ئەم قۆناغانەی دواینی بزاوتی نەتەوەیی کوردو خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان و ئەو مێژووەی لەم بارەیەوە بۆی دروست بووە، ئەو رووداوە دیارانەیە کەلەم سەد ساڵەی رابردوودا بووەتە ناونیشان بۆ قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی بزاڤە نەتەوایەتییەکەی، هیچ گەلێک بەئەندازەی کورد خاوەنی سەرمایەی مێژوویی نییە لەئەزموون و تاقیکردنەوەی پر لەوانەی دیارو ئاشکرا، هیچ گەلێکیش بەئەندازەی کورد چاوی لە ئاستی ئەو هەموو ئەزموونەی رابردووی خۆی دانەخستووەو هەڵەکانی دوێنێی نزیکی خۆی دووبارە نەکردووەتەوە، مێژووی خۆی پێی دەڵێت ناتەبایی و پەرتەوازەیی فراوانترین دەروازەیە دوژمنانی لێوە دێتە ژوورەوەو دەستتان پێ دەخاتە

خوێنی یەکترو دۆزەکەتان زیندەبەچاڵ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پەرتەوازەو ناتەبا و لەیەکتر دوورین و لەهەموو قۆناغە مێژووییەکانی ژیان و خەباتی بێ وچانماندا هەر خۆمان چاوساغ و دۆستی دوژمن ونەیارەکانمان بووین و ئەوەندەی رەچاوی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەوانمان کردووە، نیو هێندە رەچاوی برایەتی و تەبایی نێوان خۆمان نەکردووە. مێژوو پێمان دەڵێت بەبەڵێنی بێگانەو هێزە کۆلۆنیالیستەکان تەفرە مەخۆن و هەموو جارێک هەر ئەوان پردی ئێوەیان داوە بەئاودا، بەڵام تا ئێستاش هەر گاڵتەمان بەمێژوو دێت وئەوەندەی پشت بەبەڵێنی ئەوان دەبەستین کەمتر هێزو بازووی خۆمان وهەوڵ و خەباتی رۆڵەکانمان بیر دەکەوێتەوەو هەندێ جار سەنگەرەکانی خۆمان بەبزەیەکی بێگانە چۆڵ دەکەین و وەهمێک بەخۆمان دەدەین کەگوایە لەپەنای ئەواندا بە دوا وێستگەی ئارامی گەشتەکەمان گەیشتووین، مێژوو ئەو رووداوە تاڵانەی بۆ تۆمار کردووین کەچۆن لەترۆپکی سەرکەوتن و نزیکبوونەوەمان لە هاتنەدی خەونەکانماندا هێزە گەورە بەڵێندەرەکان بەشکستیان سپاردووین و خەونەکانیان لێ تێک داوین، بەڵام بەداخەوە تائێستاش بەخەبەر نەهاتووینەتەوە. ناوەراستی سەدەی رابردووبوو کورد لەجوگرافیایەکی بەرتەسکی وەک شارو ناوچەی مەهابادی کوردستانی رۆژهەڵاتدا جارێ قەوارەیەکی سیاسی بۆ خۆی داو پێشەوا قازی موحەمەد کۆماری کوردستانی راگەیاندو خۆی بوو بەسەرۆک و سەرکردەی ئەو کۆمارە، دەسەڵاتی شوورەوی ئەو سەردەمەو سوپاکەی بەڵێنی هەموو پشتیوانییەکیان بەقازی وگەلی کورد داو واگومان برا کەئیتر کورد پشتیوانی هەیەو هاوپەیمانی هێزە گەورەکانەو چووەتە نێو هاوکێشە سیاسییە حساب بۆکراوەکانەوە.

پێگەی قازی لەناوگەلەکەیدا بەرەی ناوخۆی ئەو قەوارە کوردییەی تا رادەیەکی باش وبەرچاو بەهێز کردبوو، چونکە دڵسۆزی و خەخۆری ئەو سەرکردەیە بۆ گەلەکەی کەسایەتییەکی کاریزمی بۆ دروست کردبوو کەبووبوویە فاکتەری یەکریزی کوردو بزاڤی کوردایەتی لەو سەردەمەدا، بەڵام کێشەکە بەرەی دژە کوردی دەرەوە بوو کە لەگەڵ تواناو هێزی ئەو کۆمارە ساوایەدا بەراورد نەدەکراو قازی دەیویست پشتیوانی هاوکاری مۆسکۆ ئەو هاوسەنگییەی بۆ دروست بکات و مەترسی دەوڵەتی ئێرانیش لەسەر خۆی هەڵبگرێت، لەم رووەوە مۆسکۆش هەموو بەڵێنێکی بەکورد دابوو، بەڵام دواتر چارەنووسی کورد بوویە قوربانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو هێزی داگیرکەری سۆڤیەتی و ئێرانی.

قازی کەسێکی خواپەرست و نیشتیمانپەروەری راستەقینە بوو، بریاری دابوو لەخۆشی و ناخۆشی گەلەکەیدا بەشداری بکات و هەرگیز لێیان جیا نەبێتەوە، زۆرە بۆ سەرکردەیەک زیاتر لەنیوسەدە بەسەر ئەزموونی سەرکردایەتی و سیاسەت و حوکمرانی کورت و هەڵوێستی ناو رۆژە سەختەکانیدا تێپەرببێت، بەڵام تا ئێستاش لەدۆست و دوژمنەوە جگە لەستایش و گەورە راگرتنی کردارو رەفتاری ئەو سەرکردە مێژووییەی کورد شتێکی تر نەوتراوەو نەبیسراوەو نەنووسراوە.

پێشەوا قازی موحەمەد رەمزی خۆراگری وسەرکردەی بوێری رۆژە سەختەکانە، کارەساتی روخاندنی کۆمارەکەی و پشت

تێکردنی هاوپەیمانە بێ پەیمانەکانی راستە لەسەر دڵی قورس بوو، بەڵام ئەو بریاری دابوو لەو میحنەت و شکستەدا لەگەڵ گەلەکەیدا بێت و وەک چۆن لەخۆشیدا لەگەڵیاندا بوو لەم ناخۆشی و کارەساتەشدا کەدوا ئامانجی خۆیەتی لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، پاشان قازی زۆری مەبەست بوو ئەم رووداوەی رۆژگارەکەی وانەیەک بێت بۆ نەوەکانی دوای خۆی، بەکردار ئەوەی لەدەستی هات کردی و هەوڵەکانی بەبنبەست گەیشتن و خەونەکانی خۆی و گەلەکەی بەهۆی خیانەت ودرۆی دۆستەکانیەوە زیندە بەچاڵکراو دوا دیمەنی ئەو نمایشە تراژیدییەش لەنێوبردنی خۆی بوو، کەسەلماندی سەرکردەی راستەقینە لەخۆشی وناخۆشی وشکست و سەرکەوتندا لەگەڵ گەلەکەیدایەو لەناویاندا دژیو لەناویاندا دەمرێت، گەلانی ئازادیخوازیش پێویستیان بەم جۆرە سەرکردە خۆنەویستانە هەیەو بوونی ئەمانەش زۆر دەگمەنە.

قازی موحەمەد رووداوە مەیدانییەکانی رۆژگارەکەی کردە مێژوو بۆ ئێمە، مێژوویەک کەهەموو شتێکی تیایەو دەکرێت لەگشت سەردەم و قۆناغێکدا بۆی بگەرێینەوەو هەوڵی دووبارەکردنەوەی حاڵەتە پۆزەتیڤەکانی بدەین و فاکتەرەکانی ئەو ترتژیدیایەی بەسەر پێشەواو هاوەڵانیدا هات تێپەرێنین و بوار بۆ دووبارەبوونەوەیان نەکەینەوە.

پێدەچێت قازی هەستی بەوە کردبێت کەگەلەکەی لەخوێندنەوەی مێژوودا لاوازەو ئەم نمایشەی ئەو لەزاکیرەیدا نامێنێتەوەو لەبەرامبەر مێژوودا کورد کێشەی لبیرچوونەوەی هەیە، بۆیە بەنووسین وگوفتاریش وانە وەرگیراوەکانی رووداوە دراماتیکییەکانی سەردەمەکەی لەشێوەی وەسیەتنامە بەناوبانگەکەیدا تۆمار کردو لەدوو توێیدا کوردی لەکۆمەڵێ خاڵی گرنگ ئاگادار کردەوە کەلە بزاڤە رزگاریخوازییەکەی ئاییندەیدا رەچاوی بکات، لەو وەسیەتنامەیەدا داوای یەکگرتن و تەبایی و چاکەو چەکەخوازی لەگەڵ یەکتردا لێ کردوین، خواستی پاراستنی قیەمە ئاینی و نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی لەئێمە هەبوو، زۆر تەئکید لەوە دەکاتەوە کە کورد بۆ ئاییندە بەبەڵێنی بێگانە تەفرە نەخوات و هێزی خۆی لەناوەوەی خۆیەوە بنیات بنێت و پشت بەخواو بەخۆی ببەستێت، دەکرێت وەسیەتنامەکەی پێشەوا قازی موحەمەد بکرێتە مانیفێستی شۆرش و بزاڤی کوردایەتی و ئەزموونەکەی ئەو لەگەڵ خۆی و خەڵک و دەوروبەرو بێگانەو هێزە گەورەکاندا ببێتە مایەی کارئاسانی بۆ میکانیزمی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکەمان و قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا.

ئەمرۆ لەگەڵ دوێنێی دوورو نزیکدا جیاوازییەکی زۆری نییەو بەبێ خوێندنەوەی مێژوو مامەڵەی دروستمان لەگەڵ رۆژگارە نوێیەکەدا پێ ناکرێت، زمانی هاوپەیمانەکانی ئەمرۆمان هەمان ئەو زمانەیە لەگەڵ قازیدا قسەیان پێ دەکرد و جۆری بەڵێنەکانیشیان هەمان فۆرم و ناوەرۆکیان وەرگرتووەو ناکرێ داوای گۆرانی مامەڵەی ئەوان بکەین، بەڵکو ئەوەی پێویستە بگۆرێت و شێوازێکی نوێ بەخۆیەوە بگرێت، مامەڵەو سیاسەت و ئەدای کاری ئێمەیە لەگەڵ دەرەوەی خۆماندا کەتا ئێستاش

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

گۆڕانێک لەو رووەوە بەدی ناکەین، کورد لەکاری سیاسی و دبلۆماسیدا خاوەنی ئەو هەموو ئەزموونە مێژووییەیە کەلەناویدا چەندین کەوتن و هەستانەوە هەیە، دەکرێت هۆکاری کەوتنەکان بخوێنینەوەو بۆ ئەمڕۆی خەباتە نەتەوایەتییەکەمان سوودی لێ ببینین، دووبارەکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان دەرەنجامی نزمیی ئاستی بیرکردنەوەو لاوازی زاکیرەی مێژووییمانە.

قازی موحەمەدی پێشەوا دوای ئەوەی پیلانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان سەری گرت و هاوپەیمانە درۆزنەکانی ئەو رۆژگارەش پشتیان تێ کردو مافی گەلێکی چەوساوەیان کرد بەقوربانی کەمترین بەرژەوەندی خۆیان، بەو دەرەنجامە گەیشت کە کورد دەبێت پێش هەموو شتێک پشت بەخۆی ببەستێت و لەگەڵ دەرەوەی خۆشیاندا لەسەر بنەمای پەیمان و بەڵێنی ئەوان مامەڵە نەکەن و بە پلانی شایستەو گونجاو لەگەڵ هەستیاری دۆزە کوردییەکەو مەترسی دوژمنانی گەلەکەمان لێیان بچنە پێشەوەو ئەو مامەڵە ئەخلاقییەی کورد پێشتر بەدڵپاکی لەگەڵ ئەوانی تردا پیادەی کردووە، بۆ لەمەو دوا لەگەڵ خۆی و نەتەوەکەیدا مومارەسەی بکات و لەگەڵ ئەوانی تردا بەرژەوەندی هاوبەش بخوێنێتەوە، چونکە دنیای ئەمڕۆ ئەخلاقی کردووەتە دەرەوەی کایە سیاسییەکانەوەو لەگەڵ پەیمان و بەڵێنەکانیدا مامەڵەیەکی سیاسیانە دەکات نەک ئەخلاقیانە. هەر بۆیە قازی لەوەسیەتنامەکەیدا زۆر تەئکیدی لەسەر مامەڵەی کورد لەگەڵ بێگانەدا کردووەتەوەو کەمامەڵەیەکی هەڵەو خۆکوژانەیە ئەگەر لەسەر بنەمایەکی سیاسی روون و ئاشکرا نەبێت وتەنها لەمەسەلەی پەیمان و بەڵێندا کورت کرابێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئێمەش ئەو مێژووە دووبارە نەکەینەوە کەپێشەوا ئاگادارمان دەکاتەوە لەدووبارە نەکردنەوەی.

رێزو سەروەری بۆ گیانی فیداکارانەی پێشەوا قازی موحەمەدو هاورێکانی کەلەم رۆژانەدا (٧٢)ساڵ بەسەر ئەو فیداکاریەیاندا تێدەپەرێت کەمێژوو بەشانازییەوە بۆی تۆمار کردووین و لەو رێگایەوە نموونەی سەرکردەی خۆنەویست و گەلویست و نیشتیمانپەروەرمان پێ دەناسێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کامیل مەحمود - رێکەوتی: مارچی ٢٠١٧

## چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد



**کچە گەورەکەی قازی محەمەد: دوای شەهیدبوونی باوکم خەڵک دەهاتنە ماڵمان و دەرگاکەیان ماچ دەکرد**

**"بەرنامە و پلانەکانی بەمیللیکردنی نەوتی ساباڵخ لە ماڵی ئێمە دانرا و نووسرا"**

دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور بە روسیا رێککەوتن، قازی محەمەد بەرپرسانی کۆمار و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و هەندێک لە پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر خەریکی هەڵسەندگاندنی دواین گۆڕانکارییەکان بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کۆماری کوردستانیش هاوشێوەی کۆماری ئازەربایجان لە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بکەوێتە دانوستانەوە، قازی محەمەدیش ئەم ئەنجامەی پێ باش بوو و سەبارەت بەمە وتبووی:

"ئێمەی کورد هەرگیز خوازیاری شەڕ نەبووین، بەڵام هەمیشە داگیرکەران شەڕیان بە سەردا سەپاندووین. ئێستا کە کاربەدەستانی تاران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کێشەکە لە رێی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، ئێمە نەک هەر رازین بەڵکوو سپاسیشیان دەکەین، ئێمە نوێنەرانی خۆمان دەنێرینە تاران، تاکە داخوازی ئێمە خودموختاریی (ئۆتۆنۆمی)یە بۆ کوردستان، ئەگەر حکومەتی تاران مافەکانی ئێمەی پەسەند کرد، ئەوا ئێمەش رازین. تورکەکانی تەورێز لە ئێمە بەهێزتر بوون و هێزی سەربازیشیان زیاتر بوو، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوانی ناچار کرد کە بەر لە ئێمە لەگەڵ تاران بکەونە

دانوستانەوە. ئەگەر ئێمەی کورد وەک ئەوان نەکەین و درێژە بە شەڕ بدەین، نەک هەر کەس پشتگیریمان ناکات، بەڵکوو دۆستەکانیشمان لێ دەبنە دوژمن."

شاندی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد هاوکات لەگەڵ شاندی ئازەربایجان گەیشتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستانی تاران کەوتنە دانووستانەوە، کاربەدەستانی تاران زۆر زیرەکانە ڕەفتاریان دەکرد، قازی محەمەد بەمەی زانیبوو، بەڵام چاری ناچار بوو و نەیدەتوانی دژایەتی ویستی سۆڤییەت بکات، ڕووسەکان لەگەڵ ئەحمەد قەواموسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لە ئێران ڕێک کەوتبوون و لە بەرانبەردا بەڵێنی پێدانی نەوتی باکووریان لە قەوام وەرگرتبوو و هەندێک بەڵێنی درۆشیان بە نوێنەرانی کورد و تورک دابوو.

هەرچەندە بە وتەی عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری لە کتێبی "یاداشتەکانمدا" قازی محەمەد پێیوابوو کە ڕووسەکان لەگەل سەرۆک وەزیران ناگەنە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا تێدەگەن هەڵەیان کردووە و دەگەڕێنەوە لای کۆماری کوردستان، بەڵام ئەحمەد قەوام لەگەڵ ڕووسەکان ڕێککەوتن و لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەشدا لە ئەیلوولی ١٩٤٦ یەکێتی سۆڤییەت هێزەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە و لە ڕاگەیەنراوێکدا بەمجۆرەماڵئاواییان کرد:

"برایانی بەڕێزی کورد و تورک، وەک ئێوەش دەزانن ڕووسیا هەردەم پشتیوانی گەلانی زوڵم لێکراو و چەوساوەی جیهان بووە و دەبێت، ئێمە هاتینە ئازەربایجان و کوردستان و لە هیچ بوارێکدا درێغیمان لە خەڵکی ئەم ناوچانە نەکرد و یارمەتیمان دان، ئێستاش بەرژەوەندی ئێران و ڕووسیا لەوەدایە کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران ببەینە دەرەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی سپاسی ئێوە بکەین".

دوای ئەم ڕووداوە سوپای ئێران لە تارانەوە کەوتەڕێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئازەربایجان، کۆماری ئازەربایجان لە حکومەتی کوردستان بەهێزتر بوو و پێشبینی نەدەکرا سوپای ئێران بە ئاسانی بتوانێت بە سەر ئازەربایجاندا زاڵ ببێت، هێزەکانی ئازەربایجان لە بەرامبەر هێزەکانی تاران خۆڕاگرییان دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە بۆ تەورێز، لە دەوروبەری تەورێزیش هەندێک شەڕ کرا، بەڵام دواجار سوپای ئێران توانی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ تەورێز کۆنترۆڵ بکات و حکومەتی ئازەربایجان بڕوخێنێت.

مامۆستا هێمنی شاعیر سەبارەت بەم ڕووداوە نووسیویەتی: "سوپای ئازەربایجان بە چەک و چۆڵ و فەرماندەی بەرجەستەوە بە خێرایی تەسلیم بوون، کاربەدەستانی سوپای ئازاربایجان ڕایانکرد و کەسایەتییە ناودارەکانی تەورێز لەگەڵ خەڵک

چوون بە پێشوازی سوپای ئێرانەوە".

هەواڵی کەوتنی ئازەربایجان ڕۆژی دواتر گەیشتە مەهاباد و دۆخی مهاباد شڵەژا، کاربەدەستانی کۆمار لە ماڵی قازی محەمەد کۆبوونەوە و ئەنجومەنی جەنگیان دروست کرد و بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تارانیان دا، بەڵام ڕۆژێک دواتر بڕیارەکە گۆڕا، ئەندامانی حیزب و کۆماری کوردستان پێیان وابوو لە کاتێکدا هێزەکانی کۆماری ئازەربایجان بەو هەموو چەک و چۆڵەوە نەیانتوانیوە بەرەنگاری سوپای تاران ببنەوە، ئەی چۆن کۆماری کوردستان بتوانێت بە هێز و چەکوچۆڵی زۆر کەمترەوە بەرەنگاری سوپا ببێتەوە؟ کەس لەم شەڕەدا پشتگیری لە کورد ناکات.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات داوایان لە قازی محەمەد کرد لە مهاباد بڕوات و ڕوو بکاتە عێراق یان ڕووسیا و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام قازی ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و وتی: "ئەگەر من لە مهاباد بچمە دەرەوە، حکومەتی تاران تا دوا ڕادە ڕق و قینی خۆی بەسەر خەڵکی کورددا دەڕژێنێت..."

**دوابەدوای ئەمە قازی محەمەد فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی لە دژی سوپای ئێران دەرکرد، دەقی فەرمانەکە بەم شێوەیەبوو:**

"برایانی بەڕێز پاش ڕێزو سڵاو پێتان ڕادەگەیەنین سوپای ئێران گەیشتووەتە تەورێزو حکومەتەکەی پیشەوەری بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ ڕووخاوە. ئێمەش پاش شرۆڤەکردنی دۆخەکە بڕیارمان دا شەڕ نەکەین و پێشوازی لە سوپای ئێران بکەین، تکاتان لێ دەکەم ئەوەی کە عێراقییە با بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئێرانییەکانیش با خۆیان ڕادەستی نزیکترین بنکەی هێزەکانی ئێران بکەن".

دۆخی مهاباد بە تەواوی ئاڵۆزبوو، ڕق و تووڕەیی شاری داگرتبوو، خەڵک لە ماڵەکانیاندا خەریکی شاردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانیان بوون، نووسراوە کوردییەکانیان دەشاردەوە و وێنەکانی ستالینیان دەدڕاند، مەلا مستەفا بارزانی ١٦ی کانوونی یەکەم چووە ماڵی قازی محەمەد و داوای لێکرد پێکەوە مهاباد جێ بهێڵن، بەڵام قازی وتبووی هەرگیز شار جێ ناهێڵێت.

قازی چەند جارێک قسەی بۆ خەڵک کرد و دۆخەکەی بۆ شرۆڤە کردن و هەموو جارێکیش جەختی لەوە کردەوە کە "من دەزانم و دەڵێم ئێرەش وەک تەورێزی بەسەر دێت و تووشی نەهامەتی و کوشت و کوشتار و تاڵان دەبێت. لەوانەیە من بگرن و ئێعدامم بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شەرەف و کەرامەتی خەڵک پارێزراو بێت من شار چۆڵ ناکەم و خۆم فیدای خەڵکەکەم

دەکەم".

ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم سوپای ئێران لە ڕێی بۆکانەوە گەیشتە مهاباد، قازی محەمەد و حاجی بابە شێخ و وەزیر جەنگ و بەشێکی بەرپرسانی کۆمار چوونە پێشوازیان، بەمجۆرە سوپای ئێران دوای یازدە مانگ لە دامەزراندنی کۆمار، مەهابادی داگیر کردەوە و کۆتایی بە کۆماری کوردستان هێنا، قازی محەمەد و هەندێک لە بەرپرسانی کۆمار دەستگیرکران، سەدری قازی کە ئەوکات لە تاران بوو هەر لەوێ دەستبەسەر کرا و هێنرایەوە بۆ مهاباد.

ڕۆژێک بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەمریکا لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای ئێران لە زیندان سەردانی قازی محەمەد دەکەن، بەرپرسە ئەمریکییەکە بە قازی دەڵێت ئەگەر کێشەی کورد بە پێی سیاسەتی ئەمریکا دابڕێژیتەوە و لە ناو خەڵکی کورددا بانگەشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بکەیت، ئەوا لە مردن ڕزگارت دەکەین، بەڵام قازی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: " من ناتوانم خەیانەت لە میللەتەکەم بکەم، لەو ڕێگەی گرتوومەتە بەر پاشگەز نابمەوە".

## دادگایی کردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی

لەگەڵ ڕووخانی کۆمار، قازی و هاوڕێیانی خرانە بەندیخانەوە، و ڕووداوی دادگایی کردنی قازییەکان بووە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی دادگا نوێیەکانی ئێران، دادگای سەرەتایی بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ پارستەبار و بە بەشداری سەرهەنگ فیووزی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک تاوان درابووە پاڵ قازی محەمەد لەوانە: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەبەرکردنی بەرگی ژەنەڕاڵی، گۆڕینی ئاڵای ئێران و سڕینەوەی شێر و خۆرەکەی ناو ئاڵاکە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی سوپا، کۆبوونەوە لەگەڵ بێگانە، سەردانکردنی باکۆ، بەڵێنی پێدانی نەوت بە وڵاتانی دیکە، بەڵگەکانی دادگاش تەنیا بریتیبوون لە هەندێک هەواڵ و ڕاپۆرتی ناو ڕۆژنامەکان.

قازی محەمەد هەر لە سەرەتاوە شەرعییەتی دادگای خستبووە ژێر پرسیارەوە و وتبووی دادگایەکی سەربازی بۆی نییە ئەوان دادگایی بکات، بەڵام هیچ گرنگیان بە ڕەخنەکانی قازی محەمەد نەدا، چونکە بەپێی هەندێک سەرچاوە بڕیاری پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سی پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر قازییەکاندا، تەنانەت ڕێگەیان نەدا قازی محەمەد و هاوڕێکانی پارێزەریان هەبێت، لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا دادگا سزای سێدارەی بە سەر قازییەکاندا سەپاند.

ڕۆژی ٢٨ی مارس دادگای پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتایی و بە بەشداری سەرهەنگ نکوزاد و سەروان

سۆڵحجوو و سەروان نەبەوی بەڕێوەچوو و هەمان تاوانەکانی پێشوو خرایەوە پاڵیان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی کەیومەرس ساڵح، پەیامنێری گۆڤاری مانگانەی ئەرتەش کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو و دواتر وەک راپۆرتێک ڕەوتی دادگایی کردنەکەی بڵاو کردووەتەوە؛ قازی محەمەد لە بەرانبەر سەرجەم ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵی، چەندین کاتژمێر زۆر بوێرانە بەرگری لە خۆی و هاوڕێیانی کرد و وتبووی: " گیانی من، وڵاتی من و نەتەوەی من کوردە، چۆنتان پێخۆشە لەگەڵم ڕەفتار بکەن، بەڵام میللەتەکەم ئازار مەدەن"، لە بەرگریکردنەکەیدا هەوڵێکی زۆری دابوو کە خۆی هەموو تاوانەکە لە ئەستۆ بگرێت و هاوڕێکانی رزگار بکات.

چیرۆکی ئەفسانەیی دادگایی کردنی قازی محەمەد هەرچەند کورت بوو، بەڵام لە مێژوودا کەم وێنە بوو، ناوەڕۆکی دادگاییکردنەکە لە ئەرشیفی سوپای ئێراندا بە شاراوەیی مایەوە، تەنیا هەندێک زانیاری سنووردار و سانسۆرکراو بڵاو دەکرایەوە، سەرچاوەیەکی دزەکردنی دەنگوباسی دادگاکە سەروان شەریفی بوو کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو.

**ڕۆژێک ئەم ئەفسەرە دەچێتە ماڵی قازییەکان و بە دڵتەنگییەوە باسی قازی دەکات و دەڵێت:** "بەڕاستی حەیف بۆ ئەم پیاوە، حەیف بۆ ئەم کەسایەتییە گەورەیە، دوێنێ لە دادگا بە بێ هیچ نووسراوەیەک چوار سەعاتی ڕەبەق بەرگری لە خۆی کرد و ئەندامانی دادگای تووشی سەرسووڕمان کرد، ئەو زیاتر لە ئەندامانی دادگا شارەزای یاساکانی ئێرانی بوو و سەبارەت بە دۆخی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش لە هەمووان شارەزاتر بوو، لە ڕاستیدا قازی محەمەد دادگاکەی دادگایی کرد".

**نەجەفقولی پوسیان، مێژوونووسی ئێرانی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی ڕووسیا نووسیویەتی:** "قازی محەمەد لەکاتی بەرگریکردن لە خۆی و هاوڕێکانیدا بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەتی تاران گرت و وتی تاوانباری سەرەکی کاربەدەستانی ڕژێمن نەک ئێمە، ئەوە ئێوەن کە وڵاتی ئێمەتان داگیر کردووە، لە بری ئەوەی ئێوە دادگایی بکرێن، کەچی هاتوون لە ماڵی خۆماندا دادگاییمان دەکەن، سەرپاکی ئەم ڕووداوانە دەرەنجامی زوڵمی کاربەدەستانی داگیرکەری حکومەتە، ئەگەر ئێوە میللەتی کورد بە خائین دەزانن، ئەوا وازبێنن لە کوردستان، ئەگەر پێشتان وایە کورد وڵاتپارێزن، لێیانگەڕێن با خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن".

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان قازی محەمەد لە ڕەوتی دادگایی کردنەکەیدا، بە بوێری و ئازایەتییەوە بەرگری لە خۆی

کـردووە، ئەمەش بەرپرسـانی ئێرانـی نـیگەران کردبـوو، لە ئەنجامـدا دادگـای سـەربازی لە ٣٠ی مارسـی ١٩٤٧دا سـزای لەسێدارەدانی بەسەریاندا سەپاند و بەرپرسانی سوپا چەند کاتژمێرێک دواتر بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد.

قازییەکان لە زینداندا چاوەڕێی بڕیاری دادگا بوون و ئاگادارنەبوون شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی مارس کۆتا شەوی ژیانیان دەبێت و کاتێک خەڵکی شار دەخەون لە مەیدانی چوارچرا هەر ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا راگەیەنرا لەسێدارە دەدرێن. هێشتا مەرکەبی بڕیارەکە وشک نەببووەوە کە کەسێک خۆی بە ژووری زینداندا کرد و وتی خۆتـان ئامادە کەن بڕیـارە بتـانبەن بـۆ تاران، ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، یەکتریان لە ئامێز گرت و بارانی ماچیان بە سەر یەکدا باراند.

قـازی محەمەد خـۆی ئامـادە کـرد، سـواری ئۆتـۆمبیلێکی ئەمریکـی پـڕ لە چەک و تەقەمەنـی بـوو، بەڵام لەجیـاتی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاران بکەوێتەڕێ، بەرەو مەیدانی چوارچرا ڕۆیشت، لەوێ بەڵام قازییان دابەزاند و بردیانە ژوورێکەوە. لەو کاتەدابوو کە قازی محەمەد تێگەیشت درۆیان لەگەڵ کردوون.

مەلا سدیق ناوێک لە پشت مێزێک دانیشتبوو و قورئانێکی لەبەردەستدا بـوو، بەرپرسی تەندروستی واتـا سـەرهەنگ نکوزاد بڕیـاری دادگـای خوێنـدەوە و وتـی هەر ئێسـتا بڕیـارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەر داواکـاری و وەسیەتێکت هەیە بیڵـێ، قـازی وەسیەتـی کـرد و مەلا سـەدیق دەینووسیەوە، هەنـدێک لە سـامانەکەی بـۆ دروسـتکردنی کتێبخـانە، نەخۆشـخانە و مـزگەوت تەرخـان کـرد، ئامۆژگـاری کـوردانی کـرد بـۆ ژیـانی بێبـایەخی ئەم دونیـایە خۆیـان بە دوژمـن مەفرۆشـن... وتـی لەگەڵ نەتەوەکەم پەیمانم بەستووە لە ناویاندا بژیم و لە پێناویاندا بمرم، هەرگیز ئامادە نیم ئەم پەیمانە بشکێنم...

ئەگەر لە ڕێی ئازادیی میللەتەکەمدا بکوژرێم... ئەوا شـانازی بە وەهـا مەرگێکەوە دەکەم... من لە مێژە خـۆم بـۆ ئەم ڕۆژە ئامادە کردووە...

**لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەیدا وتی:** سـەرەڕای ئەو هێـز و دەرفەتەی لە بەردەسـتم بـوو، شـەڕ و کوشـتارم بە بـاش نەزانی، ئامانجی من ئەوە بـوو کە مهابـاد وێـران نەکرێت و میللەتەکەم تووشی نەهـامەتی نەبێت، هەر بـۆیە وام بە بـاش زانی شەڕ نەکەین و باشتر ئەوە بوو کە شار چۆڵ نەکەم و لەجیاتی ئەوەی خەڵک سزا بدرێن من هەمووی لە ئەستۆ دەگرم و خۆم فیدای میللەتەکەم دەکەم...

دوای تەواوبوونی وەسیەتەکەی داوای کرد بهێڵن نوێژ بکات، دوو سەعات خەریکی دۆعا و نزا بوو. حاکمی سەربازی پەلەی

بوو زووتر سزاکە جێبەجێ بکرێت، کاتژمێر ٣ی نیوەشەو بوو لە دەرگای پشتەوە بردیانە دەرەوە، کاتێک چاوی بە سێدارە کەوت وتی: "سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهە، باشتر وایە تیربارانم بکەن"، بەڵام داواکارییەکەیان قبوڵ نەکرد.

بەمجۆرە لە کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لەسێدارەدرا، کاتژمێرێک دواتر سەیفی قازیش هەر بەم شێوەیە لە سێدارە دا، دەڵێن کاتێک سەیفی قازی جەنازەی قازی محەمەدی بە سەر پەتی سێدارەوە بینی، هێرشی کردە سەر جەلادەکان و هاواری دەکرد: "بژی پێشەوا، بژی سەربەخۆیی و ئازادی گەلی کورد و کوردستان"، لە دوای سەیفی قازی، سەدری قازیش هەر بەم شێوەیە لەسێدارە درا.

بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن خەڵکی شار لە مەیدانی چوارچرا جەنازەی قازییەکان بە پەتی سێدارەوە بینی، خەم و پەژارە شاری داپۆشی، مامۆستا هێمنی شاعیر بەمجۆرە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: "ئەو ڕووداوە تاڵ و خەمناکە، دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەفی هێنایە ژان، بە تایبەتیش دڵی من، ژان و ئازارێک کە قەت خۆش نەبووەوە و تا مردن ئەم ئازارەم هەر لەگەڵە".

**دکتۆر قاسملوو سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەمەد دەڵێت:** "قازی محەمەد گوڵێک بوو لە بیاباندا ڕوابوو، لە میللەتەکەی دوور نەکەوتەوە، بە قوڵی درکی بە ئازار و مەینەتی و کوێرەوەری و هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەی کردبوو، لە دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەو ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بۆ هۆ نەبوو کە لای خەڵکی کورد ئەوەندە جێی ڕێز و خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا نازناوی "پێشەوا"یان بە قازی محەمەد بەخشیبوو".

هەفتەنامەی (باس) لە مەهاباد سەردانی ماڵی قازی محەمەد دەکا و لەگەڵ مونیرە خانم، کچە گەورەی پێشەوا و سەکۆماری کوردستان قازی محەمەد، لەمەڕ بنەماڵەی قازی محەمەد و قوربانییەکانی ئەو بنەماڵەیە، وتووێژ ئەنجام دەدەن. مونیرە دەڵێ: "بنەماڵەکەمان قوربانیی زۆری بۆ کورد و کوردستان داوە و باوکم لە کاتی دەستنوێژ هەڵگرتن دەستگیر کراوە".

ئێستا بنەماڵەی قازی محەمەد، لە خانووێکی گەڕەکێکی کۆنی مەهاباد نیشتەجێن. پێشەوا قازی محەمەد، حەوت کچ و کوڕێکی هەبوو، ئێستا سێ کچ و کوڕێکی لە ژیاندا ماون، دوو کچی بە نێوەکانی (مونیرە و فەوزی) لە مەهاباد ژیان بەسەر

دەبەن، (مریەم)ی هاوژینی سەردار جاف، لەگەڵ دوو کچەکەی لە عەممان دەژین، (عەلی) لەنێوان کوردستانی باشوور و ئەوروپادا ژیان بەسەر دەبا.

**لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، مونیرە قازی، تەمەنی دە ساڵ بووە، لەبارەی دەستگیرکردنی باوکیەوە دەڵێ:** "لەکاتی دەستنوێژ هەڵگرتن باوکمیان دەستگیر کرد و بۆ ماوەیەک لەگەڵ مامم لە مەهاباد زیندانی کران، ئەوسا لەسێدارەیان دا، لەدوای شەهیدبوونی قازی، بە بەردەوامی خەڵک سەردانی ماڵی ئێمە دەکرد و دەرگایان ماچ دەکرد. خودا شاهێدە، باوکم بۆ ماڵی دونیا کاری نەدەکرد، پیاوە بە تەمەن و قەدیمییەکانیش شاهێدن و لە کتێب و یاداشتەکانیان نووسیویانە".

**خانمی قازی، دەڵێ:** "عەلی برام، بەنێوی باپیرم (عەلی) ناو نرا، ئارەزووی بۆ ئاژەڵ هەبوو، بۆ نموونە: ئاسک و کۆتری جوانی هەبوو، شتی عەنتیکەی ڕاگرتبوو، خەڵکیش ڕێزی زۆری لێ دەگرت و دیارییان بۆ دێنا، ئەگەرچی هەندێ جار باوکم دیارییەکانی قبووڵ نەدەکرد و دەیناردەوە بۆ خاوەنەکەی".

**کچە گەورەی پێشەوا قازی محەمەد، باسی دوای لەسێدارەدانی قازی محەمەد دەکا و دەڵێ:** "دوای شەهیدبوونی باوکم قرانێکمان پوول نەبوو. لەو سەروبەندەدا، دایکم دەگریا و خوشکی بابم، ئەگەرچی زۆر زۆر بابمی خۆشدەویست وتی: برالە (برالەی لە زاری قازی محەمەدەوە بەکار هێناوە، چونکە قازی محەمەد بە هاوژینەکەی وتووە برالە) بۆ هێندە دەگری، من ببینە، سێ برام شەهیدە و هێندەی تۆ شین ناکەم، تۆ بۆ وا دەکەیت؟ لە وەڵامدا دایکم وتی: مردنی قازی لە لایەک و بەخێوکردنی ئەو منداڵانەشم لەلایەکی دیکە، چۆن ئەو منداڵانە بەخێو بکەم؟ ڕاستە موڵکمان زۆر بوو، بەڵام دەرامەت کەم بوو. لەدوای نەمانی باوکم، جەوانەکانی مەهاباد بەروبوومی نێو موڵکەکانمانیان بۆ فرۆشتین و بەو دەرامەتە بەڕێوە چووین".

**مونیرە، دەڵێ:** "زۆربەی چالاکییەکانی حزبی دیموکرات لە سەردەمی شا، لە ماڵی ئێمە ئەنجام دەدرا، تەنانەت بەرنامە و پلانەکانی بەمیللیکردنی نەوتی سابڵاخ لە ماڵی ئێمە دانرا و نووسرا، عیسمەت خانی خوشکم هاوکار و کۆمەکی دەکردن. لەبەرئەوە لە سەردەمی شا، هەمیشە چەکدارانی شا، ماڵی ئێمەیان دەپشکنی".

**مونیرە خانم، لەدوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدی باوکی، لەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، باسی قوربانییەکانی بنەماڵەکەیان دەکا:** "ئێمە بنەماڵەیەکی قوربانیدەرین بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، قازی و خزم و

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم

هاوڕێیانی لە ساڵی (١٩٤٧) لەسێدارە دران، لەدوای ئەوکاتەوە لەپێناو کوردایەتی شەهیدمان داوە، هەروەها چەندین بەرنامە و پلان و هەوڵی لەناوبردنی ئەندامانی بنەماڵەی قازی دراوە، کوڕێکم بەنێوی (محەمەد) کە بە نێوی باوکمەوە ناومان نا، لە شەڕی (سەرا) لای بۆکان شەهید بوو، نۆزدە ساڵ لەوەو پێش، پلانیان بۆ لەناوبردنی فەتاح خانی هاوژینم دانا و لە چوونە ژوورێی - وروودی - مەهاباد تڕێڵە لێی دا، ئەگەرچی شوێنی فیشەک بە سەریەوە بوو، واتە بە گوللە لێیان دابوو. ئەوسا، جمهوری ئیسلامی بۆ ماوەی هەشت مانگ نەنکمیان دەستگیر کرد و بە پێ خاوسی ناردیانەوە ماڵەوە. لەو سەروبەندەی پێشمەرگەکانی دیموکرات چالاکییان زۆر بوو و چەکدارانی ئێرانیان دەکوشت، داوایان لە دایکم کرد، کە وتووێژی لەگەڵ ئەنجام بدەن و دایکم بڵێ: دیموکرات حزبی ئێمە نییە، ئەگەرچی ڕازی نەبوو و قەبوڵی نەکرد. دواتر لە سوید بۆمبیان بۆ عیفەت خانی خوشکم - خێزانی ئەمیری قازی - دانا و بەر بۆمبەکە کەوت و گیانی لەدەست دا".

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٣٠ مارچی ٢٠١٨

## چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد




**پەیسەر پرێس**

دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور بە روسیا ڕێککەوتن، قازی محەمەد بەرپرسانی کۆمار و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و هەندێک لە پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر خەریکی هەڵسەنگاندنی دواین گۆڕانکارییەکان بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کۆماری کوردستانیش هاوشێوەی کۆماری ئازەربایجان لە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بکەوێتە دانوستانەوە، قازی محەمەدیش ئەم ئەنجامەی پێ باش بوو و سەبارەت بەمە وتبووی:

"ئێمەی کورد هەرگیز خوازیاری شەڕ نەبووین، بەڵام هەمیشە داگیرکەران شەڕیان بە سەردا سەپاندووین. ئێستا کە کاربەدەستانی تاران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کێشەکە لە ڕێی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، ئێمە نەک هەر ڕازین بەڵکوو سپاسیشیان دەکەین، ئێمە نوێنەرانی خۆمان دەنێرینە تاران، تاکە داخوازی ئێمە خودموختاریی (ئۆتۆنۆمی)یە بۆ کوردستان، ئەگەر حکومەتی تاران مافەکانی ئێمەی پەسەند کرد، ئەوا ئێمەش ڕازین. تورکەکانی تەورێز لە ئێمە بەهێزتر بوون و هێزی سەربازیشیان زیاتر بوو، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوانی ناچار کرد کە بەر لە ئێمە لەگەڵ تاران بکەونە دانوستانەوە. ئەگەر ئێمەی کورد وەک ئەوان نەکەین و درێژە بە شەڕ بدەین، نەک هەر کەس پشتگیریمان ناکات، بەڵکوو

دۆستەکانیشمان لێ دەبنە دوژمن."

شاندی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد هاوکات لەگەڵ شاندی ئازەربایجان گەیشتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستانی تاران کەوتنە دانووستانەوە، کاربەدەستانی تاران زۆر زیرەکانە ڕەفتاریان دەکرد، قازی محەمەد بەمەی زانیبوو، بەڵام چاری ناچار بوو و نەیدەتوانی دژایەتی ویستی سۆڤییەت بکات، ڕووسەکان لەگەڵ ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لە ئێران ڕێک کەوتبوون و لە بەرانبەردا بەڵێنی پێدانی نەوتی باکووریان لە قەوام وەرگرتبوو و هەندێک بەڵێنی درۆشیان بە نوێنەرانی کورد و تورک دابوو.

هەرچەندە بە وتەی عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری لە کتێبی "یاداشتەکانمدا" قازی محەمەد پێیوابوو کە ڕووسەکان لەگەل سەرۆک وەزیران ناگەنە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا تێدەگەن هەڵەیان کردووە و دەگەڕێنەوە لای کۆماری کوردستان، بەڵام ئەحمەد قەوام لەگەڵ ڕووسەکان ڕێککەوتن و لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەشدا لە ئەیلوولی ١٩٤٦ یەکێتی سۆڤییەت هێزەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە و لە ڕاگەیەنراوێکدا بەمجۆرە ماڵئاواییان کرد:

"برایانی بەڕێزی کورد و تورک، وەک ئێوەش دەزانن ڕووسیا هەردەم پشتیوانی گەلانی زوڵم لێکراو و چەوساوەی جیهان بووە و دەبێت، ئێمە هاتینە ئازەربایجان و کوردستان و لە هێچ بوارێکدا درێخیمان لە خەڵکی ئەم ناوچانە نەکرد و یارمەتیمان دان، ئێستاش بەرژەوەندی ئێران و ڕووسیا لەوەدایە کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران ببەینە دەرەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی سپاسی ئێوە بکەین".

دوای ئەم ڕووداوە سوپای ئێران لە تارانەوە کەوتەڕێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئازەربایجان، کۆماری ئازەربایجان لە حکومەتی کوردستان بەهێزتر بوو و پێشبینی نەدەکرا سوپای ئێران بە ئاسانی بتوانێت بە سەر ئازەربایجاندا زاڵ ببێت، هێزەکانی ئازەربایجان لە بەرامبەر هێزەکانی تاران خۆڕاگرییان دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە بۆ تەورێز، لە دەوروبەری تەورێزیش هەندێک شەڕ کرا، بەڵام دواجار سوپای ئێران توانی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ تەورێز کۆنترۆڵ بکات و حکومەتی ئازەربایجان بڕوخێنێت.

**ماموستا هێمنی شاعیر سەبارەت بەم ڕووداوە نووسیویەتی:** "سوپای ئازەربایجان بە چەک و چۆڵ و فەرماندەی بەرجەستەوە بە خێرایی تەسلیم بوون، کاربەدەستانی سوپای ئازاربایجان ڕایانکرد و کەسایەتییە ناودارەکانی تەورێز لەگەڵ خەڵک چوون بە پێشوازی سوپای ئێرانەوە".

هەواڵی کەوتنی ئازەربایجان ڕۆژی دواتر گەیشتە مەهاباد و دۆخی مهاباد شڵەژا، کاربەدەستانی کۆمار لە ماڵی قازی محەمەد کۆبوونەوە و ئەنجومەنی جەنگیان دروست کرد و بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تارانیان دا، بەڵام ڕۆژێک دواتر بڕیارەکە گۆڕا، ئەندامانی حیزب و کۆماری کوردستان پێیان وابوو لە کاتێکدا هێزەکانی کۆماری ئازەربایجان بەو هەموو چەک و چۆڵەوە نەیانتوانیوە بەرەنگاری سوپای تاران ببنەوە، ئەی چۆن کۆماری کوردستان بتوانێت بە هێز و چەکوچۆڵی زۆر کەمترەوە بەرەنگاری سوپا ببێتەوە؟ کەس لەم شەڕەدا پشتگیری لە کورد ناکات.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات داوایان لە قازی محەمەد کرد لە مهاباد بڕوات و ڕوو بکاتە عێراق یان ڕووسیا و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام قازی ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و وتی: **"ئەگەر من لە مهاباد بچمە دەرەوە، حکومەتی تاران تا دوا ڕادە ڕق و قینی خۆی بەسەر خەڵکی کورددا دەڕژێنێت ..."**

دوابەدوای ئەمە قازی محەمەد فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی لە دژی سوپای ئێران دەرکرد، دەقی فەرمانەکە بەم شێوەیەبوو:

"برایانی بەڕێز پاش ڕێز و سڵاو پێتان ڕادەگەیەنین سوپای ئێران گەیشتووەتە تەورێز و حکومەتەکەی پیشەوەری بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ ڕووخاوە. ئێمەش پاش شرۆڤەکردنی دۆخەکە بڕیارمان دا شەڕ نەکەین و پێشوازی لە سوپای ئێران بکەین، تکاتان لێ دەکەم ئەوەی کە عێراقییە با بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئێرانییەکانیش با خۆیان ڕادەستی نزیکترین بنکەی هێزەکانی ئێران بکەن".

دۆخی مهاباد بە تەواوی ئاڵۆزبوو، ڕق و تووڕەیی شاری داگرتبوو، خەڵک لە ماڵەکانیاندا خەریکی شاردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانیان بوون، نووسراوە کوردییەکانیان دەشاردەوە و وێنەکانی ستالینیان دەدڕاند، مەلا مستەفا بارزانی ١٦ی کانوونی یەکەم چووە ماڵی قازی محەمەد و داوای لێکرد پێکەوە مهاباد جێ بهێڵن، بەڵام قازی وتبووی هەرگیز شار جێ ناهێڵێت.

قازی چەند جارێک قسەی بۆ خەڵک کرد و دۆخەکەی بۆ شرۆڤە کردن و هەموو جارێکیش جەختی لەوە کردەوە کە " من دەزانم و دەڵێم ئێرەش وەک تەورێزی بەسەر دێت و تووشی نەهامەتی و کوشت و کوشتار و تاڵان دەبێت. لەوانەیە من بگرن و ئێعدامم بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شەرەف و کەرامەتی خەڵک پارێزراو بێت من شار چۆڵ ناکەم و خۆم فیدای خەڵکەکەم دەکەم".

ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم سوپای ئێران لە ڕێی بۆکانەوە گەیشتە مهاباد، قازی محەمەد و حاجی بابە شێخ و وەزیر جەنگ و بەشێکی بەرپرسانی کۆمار چوونە پێشوازیان، بەمجۆرە سوپای ئێران دوای یازدە مانگ لە دامەزراندنی کۆمار، مەهابادی داگیر کردەوە و کۆتایی بە کۆماری کوردستان هێنا، قازی محەمەد و هەندێک لە بەرپرسانی کۆمار دەستگیرکران، سەدری قازی کە ئەوکات لە تاران بوو هەر لەوێ دەستبەسەر کرا و هێنرایەوە بۆ مهاباد.

ڕۆژێک بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەمریکا لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای ئێران لە زیندان سەردانی قازی محەمەد دەکەن، بەرپرسە ئەمریکییەکە بە قازی دەڵێت ئەگەر کێشەی کورد بە پێی سیاسەتی ئەمریکا دابڕێژیتەوە و لە ناو خەڵکی کورددا بانگەشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بکەیت، ئەوا لە مردن ڕزگارت دەکەین، بەڵام قازی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: "من ناتوانم خەیانەت لە میللەتەکەم بکەم، لەو ڕێگەی گرتوومەتە بەر پاشگەز نابمەوە".

## دادگایی کردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی

لەگەڵ ڕووخانی کۆمار، قازی و هاوڕێیانی خرانە بەندیخانەوە، و ڕووداوی دادگایی کردنی قازییەکان بووە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی دادگا نوێیەکانی ئێران، دادگای سەرەتایی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارستەبار و بە بەشداری سەرهەنگ فیووزی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک تاوان درابووە پاڵ قازی محەمەد لەوانە: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەبەرکردنی بەرگی ژەنەراڵی، گۆڕینی ئاڵای ئێران و سڕینەوەی شێر و خۆرەکەی ناو ئاڵاکە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی سوپا، کۆبوونەوە لەگەڵ بێگانە، سەردانکردنی باکۆ، بەڵێنی پێدانی نەوت بە وڵاتانی دیکە، بەڵگەکانی دادگاش تەنیا بریتیبوون لە هەندێک هەواڵ و ڕاپۆرتی ناو ڕۆژنامەکان.

قازی محەمەد هەر لە سەرەتاوە شەرعییەتی دادگای خستبووە ژێر پرسیارەوە و وتبووی دادگایەکی سەربازی بۆی نییە ئەوان دادگایی بکات، بەڵام هیچ گرنگیان بە ڕەخنەکانی قازی محەمەد نەدا، چونکە بەپێی هەندێک سەرچاوە بڕیاری پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سی پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر قازییەکاندا، تەنانەت ڕێگەیان نەدا قازی محەمەد و هاوڕێکانی پارێزەریان هەبێت، لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا دادگا سزای سێدارەی بە سەر قازییەکاندا سەپاند.

ڕۆژی ٢٨ی مارس دادگای پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتایی و بە بەشداری سەرهەنگ نکوزاد و سەروان سۆڵحجوو و سەروان نەبەوی بەڕێوەچوو و هەمان تاوانەکانی پێشوو خرایەوە پاڵیان.

بە پێی ڕاپۆرتێکی کەیومەرس سالح، پەیامنێری گۆڤاری مانگانەی ئەرتەش کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو و دواتر وەک ڕاپۆرتێک ڕەوتی دادگایی کردنەکەی بڵاو کردووەتەوە؛ قازی محەمەد لە بەرانبەر سەرجەم ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵی، چەندین کاتژمێر زۆر بوێرانە بەرگری لە خۆی و هاوڕێیانی کرد و وتبووی: "گیانی من، وڵاتی من و نەتەوەی من کوردە، چۆنتان پێخۆشە لەگەڵم ڕەفتار بکەن، بەڵام میللەتەکەم ئازار مەدەن"، لە بەرگریکردنەکەیدا هەوڵێکی زۆری دابوو کە خۆی هەموو تاوانەکە لە ئەستۆ بگرێت و هاوڕێکانی رزگار بکات.

چیرۆکی ئەفسانەیی دادگایی کردنی قازی محەمەد هەرچەند کورت بوو، بەڵام لە مێژوودا کەم وێنە بوو، ناوەڕۆکی دادگاییکردنەکە لە ئەرشیفی سوپای ئێراندا بە شاراوەیی مایەوە، تەنیا هەندێک زانیاری سنووردار و سانسۆرکراو بڵاو دەکرایەوە، سەرچاوەیەکی دزەکردنی دەنگوباسی دادگاکە سەروان شەریفی بوو کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو.

ڕۆژێک ئەم ئەفسەرە دەچێتە ماڵی قازییەکان و بە دڵتەنگییەوە باسی قازی دەکات و دەڵێت: "بەڕاستی حەیف بۆ ئەم پیاوە، حەیف بۆ ئەم کەسایەتییە گەورەیە، دوێنێ لە دادگا بە بێ هیچ نووسراوەیەک چوار سەعاتی ڕەبەق بەرگری لە خۆی کرد و ئەندامانی دادگای تووشی سەرسووڕمان کرد، ئەو زیاتر لە ئەندامانی دادگا شارەزای یاساکانی ئێرانی بوو و سەبارەت بە دۆخی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش لە هەمووان شارەزاتر بوو، لە ڕاستیدا قازی محەمەد دادگاکەی دادگایی کرد".

نەجەفقولی پوسیان، مێژوونووسی ئێرانی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی ڕووسیا نووسیویەتی: "قازی محەمەد لەکاتی بەرگریکردن لە خۆی و هاوڕێکانیدا بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەتی تاران گرت و وتی تاوانباری سەرەکی کاربەدەستانی ڕژێمن نەک ئێمە، ئەوە ئێوەن کە وڵاتی ئێمەتان داگیر کردووە، لە بری ئەوەی ئێوە دادگایی بکرێن، کەچی هاتوون لە ماڵی خۆماندا دادگاییمان دەکەن، سەرپاکی ئەم ڕووداوانە دەرەنجامی زوڵمی کاربەدەستانی داگیرکەری حکومەتە، ئەگەر ئێوە میللەتی کورد بە خائین دەزانن، ئەوا وازبێنن لە کوردستان، ئەگەر پێشتان وایە کورد وڵاتپارێزن، لێیانگەڕێن با خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن".

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان قازی محەمەد لە ڕەوتی دادگایی کردنەکەیدا، بە بوێری و ئازایەتییەوە بەرگری لە خۆی کردووە، ئەمەش بەرپرسانی ئێرانی نیگەران کردبوو، لە ئەنجامدا دادگای سەربازی لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧دا سزای لەسێدارەدانی بەسەریاندا سەپاند و بەرپرسانی سوپا چەند کاتژمێرێک دواتر بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد.

قازییەکان لە زینداندا چاوەڕێی بڕیاری دادگا بوون و ئاگادارنەبوون شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی مارس کۆتا شەوی ژیانیان دەبێت و کاتێک خەڵکی شار دەخەون لە مەیدانی چوارچرا هەر ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا راگەیەنرا لەسێدارە دەدرێن. هێشتا مەرکەبی بڕیارەکە وشک نەببووەوە کە کەسێک خۆی بە ژووری زینداندا کرد و وتی خۆتان ئامادە کەن بڕیارە بتانبەن بۆ تاران، ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، یەکتریان لە ئامێز گرت و بارانی ماچیان بە سەر یەکدا باراند.

قازی محەمەد خۆی ئامادە کرد، سواری ئۆتۆمبیلێکی ئەمریکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاران بکەوێتەڕێ، بەرەو مەیدانی چوارچرا رۆیشت، لەوێ بەڵام قازییان دابەزاند و بردیانە ژوورێکەوە. لەو کاتەدابوو کە قازی محەمەد تێگەیشت درۆیان لەگەڵ کردوون.

مەلا سدیق ناوێک لە پشت مێزێک دانیشتبوو و قورئانێکی لەبەردەستدا بوو، بەرپرسی تەندروستی واتا سەرهەنگ نکوزاد بڕیاری دادگای خوێندەوە و وتی هەر ئێستا بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەر داواکاری و وەسیەتێکت هەیە بیڵێ، قازی وەسیەتی کرد و مەلا سەدیق دەینووسیەوە، هەندێک لە سامانەکەی بۆ دروستکردنی کتێبخانە، نەخۆشخانە و مزگەوت تەرخان کرد، ئامۆژگاری کوردانی کرد بۆ ژیانی بێبایەخی ئەم دونیایە خۆیان بە دوژمن مەفرۆشن... وتی لەگەڵ نەتەوەکەم پەیمانم بەستووە لە ناویاندا بژیم و لە پێناویاندا بمرم، هەرگیز ئامادە نیم ئەم پەیمانە بشکێنم...

ئەگەر لە ڕێی ئازادیی میللەتەکەمدا بکوژرێم... ئەوا شانازی بە وەها مەرگێکەوە دەکەم... من لە مێژە خۆم بۆ ئەم رۆژە ئامادە کردووە...

لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەیدا وتی: سەرەڕای ئەو هێز و دەرفەتەی لە بەردەستم بوو، شەڕ و کوشتارم بە باش نەزانی، ئامانجی من ئەوە بوو کە مهاباد وێران نەکرێت و میللەتەکەم تووشی نەهامەتی نەبێت، هەر بۆیە وام بە باش زانی شەڕ نەکەین و باشتر ئەوە بوو کە شار چۆڵ نەکەم و لەجیاتی ئەوەی خەڵک سزا بدرێن من هەمووی لە ئەستۆ دەگرم و خۆم فیدای میللەتەکەم دەکەم...

دوای تەواوبوونی وەسیەتەکەی داوای کرد بهێڵن نوێژ بکات، دوو سەعات خەریکی دۆعا و نزا بوو. حاکمی سەربازی پەلەی بوو زووتر سزاکە جێبەجێ بکرێت، کاتژمێر ٣ی نیوەشەو بوو لە دەرگای پشتەوە بردیانە دەرەوە، کاتێک چاوی بە سێدارە کەوت وتی: "**سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهە، باشتر وایە تیربارانم بکەن**"، بەڵام داواکارییەکەیان قبوڵ نەکرد.

## شەهید پێشەوا قازی محەمەد، میراتێک بۆ هەموو نەوەکانی کوردستان

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی یەکەم**

**بەمجۆرە لە کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لەسێدارەدرا، کاتژمێرێک دواتر سەیفی قازیش هەر بەم شێوەیە لە سێدارە دا، دەڵێن کاتێک سەیفی قازی جەنازەی قازی محەمەدی بە سەر پەتی سێدارەوە بینی، هێرشی کردە سەر جەلادەکان و هاواری دەکرد: "بژی پێشەوا، بژی سەربەخۆیی و ئازادی گەلی کورد و کوردستان"، لە دوای سەیفی قازی، سەدری قازیش هەر بەم شێوەیە لەسێدارە درا.**

**بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن خەڵکی شار لە مەیدانی چوارچرا جەنازەی قازییەکان بە پەتی سێدارەوە بینی، خەم و پەژارە شاری داپۆشی، مامۆستا هێمنی شاعیر بەمجۆرە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: "ئەو ڕووداوە تاڵ و خەمناکە، دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەفی هێنایە ژان، بە تایبەتیش دڵی من، ژان و ئازارێک کە قەت خۆش نەبووەوە و تا مردن ئەم ئازارەم هەر لەگەڵە".**

**دکتۆر قاسملوو سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەمەد دەڵێت: "قازی محەمەد گوڵێک بوو لە بیابانێدا ڕووابوو، لە میللەتەکەی دوور نەکەوتەوە، بە قوڵی درکی بە ئازار و مەینەتی و کوێرەوەری و هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەی کردبوو، لە دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەو ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بۆ هۆ نەبوو کە لای خەڵکی کورد ئەوەندە جێی ڕێز و خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا نازناوی "پێشەوا"یان بە قازی محەمەد بەخشیبوو".**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر پرێس - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٩**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٤ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٤ی زایینی**

---


KURDISTAN


١٠
خاکەلێوە
KURDISTAN
٧٧
شەهیدەکانمان مایەی سەربەرزی و شانازیمانن
رەحمان نەقشی